# بیرەوەرییەکانی ئەنفالی دوو

# لەقۆڕی قەرەداغەوە... بەرەو ئاوارەیی



**عەلا نوری بابەعەلی**

**سەقز ١٩٨٩**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بێگومان ڕژێمی بەغدا هەوڵێکی زۆریدا لەڕێی ئەنفال و جینۆساید و ڕاگواستنەوە گەلی کورد بخاتە ژێر ڕکێف و دەسەڵاتی خۆیەوە، بەڵام هیچ هێزێک لەم سەر زەمینەدا بەزەبری ئاسن و ئاگر نەیتوانیوە میللەتێک بێدەنگ بکات کە بۆ گەیشتن بەمافی ڕەوای خۆی گیان لەسەردەست بچێتە گۆڕەپانی خەباتەوە. ڕاستە ئەم بیرەوەریانەی من بەشێکە لەژیانم، بەڵام هەرکەسێکی دیکەش کەبەمجۆرە ژیانەدا تێپەڕیبێت و ڕاونان و دەربەدەری و بەناچاری ئاوارەیی بەخۆیەوە دیبێت هەمان بیرەوەری هەیە و ئەگەر جیاوازیەک هەبێت تەنها لەناوەکاندایە..

بیرەوەریەکانی ئەنفالم لەتوێی چەند لاپەڕەیەکدا نوسیوە کە زۆر سوپاسی گۆڤاری سەروەری دەکەم لەژمارە (0، 1)دا بڵاوی کردەوە بۆم. ئێستاش بیرەوەریەکانی دوای ئەنفال دەنووسم و دەیکەم بەسێ بەشەوە: بەشی یەکەم، دەرچوون لەقۆپی قەرەداغ و ملنان بەرەو ئێران. بەشی دووەم، جێگیربوونی خۆم و خێزانم لەئێراندا تا ڕاپەڕینەکانی بەهاری "1991". بەشی سێهەم، کۆڕەوەکەی دوای ڕاپەڕین.

## بەشی یەکەم: دەرچوون لەقۆپی قەرەداغ و ملنان بەرەو ئێران.

دوای ئەوەی کەلە 1988/4/17دا لەگوندی قازانقایە بڕیارماندا کەبەرەو قۆپی قەرەداغ بگەڕێینەوە و وەک مەفرەزەیەکی نهێنی بمێنینەوە، لەگوندی ناوبراو لەگەڵ بڕێ لەپێشمەرگەکان ئەملا و ئەولای یەکمان ماچکرد کە لەناویاندا چەند برینداریک هەبوو وەک: برای دڵسۆز و بەوەفام کاک بەختیاری مەلا عیززەت، چەند مانگێک لەقۆپی ماینەوە، بەڵام کەبینیمان پێشمەرگەکانی ناو قۆپی و گەرمیان، بەتایبەتی ئەوانەی چوونەتە ساڵەوە لەهەوڵ و کۆششی ئەوەدان ڕێگەبدۆزنەوە بۆ گەیشتنە ناو ئێران، کە بەو هۆیەوە و بەهۆی کزبوونی زەخیرە و خواردەمەنیەوە من و مامۆستا بەهادینی برام بڕیارماندا ئێمەش لەهەر ڕێگەیەکەوەبێت خۆمان بگەیەنینە ئێران. بۆ ئەومەبەستە وامان بەباشزانی لەپێشدا بگەینە سلێمانی و لەوێشەوە بۆ ڕانیە. لەقۆپیەوە چەند پێشمەرگەیەکمان لەگەڵدا هات، زۆربەی بەشەو ڕێمان بڕی تاگەیشتینە قامیشەڵانێ نزیکی ئۆردوگای "نەیەر". بەپەلە لەناو قامیشەڵانەکەدا چەکەکانمان شاردەوە و بووین بەدوو بەشەوە، وەک خەڵکی ئەو دەور وبەرە بەشێوەیەکی ئاسایی کەوتینە چالێنان. هێشتا نانمان نەخواردبوو دووکەس لەخەڵکی ئەوناوە گەیشتنە لامان، هەریەکەیان داسێکی بەدەستەوە بوو ئەیانویست ئەو قامیشەڵانە درویّنەبکەن کەئێمە چەکەکانمان تیاشاردۆتەوە. ئەگەر ئەوکارەیان ئەنجامبدایە نهێنییەکانی ئێمە ئاشکرا دەبوو. پێشمەرگەیەکی ئێمە کە حەمەبچکۆلی ناوبوو، هەردووکیانی بردە ئەولاوە قایلی کردن وازیان هێنا، سوپاسیاندەکەین.

خزمی باش لەڕۆژی تەنگانەدا فریادڕەسە.. من و کاک بەهای برام لەم شوێنەوە بڕیارماندا تادەگەینە ئێران بەجیا بڕۆین بۆ ئەوەی ئەگەر یەکێکمان تووشی ڕوداوێ بووین ئەوی دی تووش نەبێت. لەگەڵ پێشمەرگەکانی هاوڕێماندا کەچاوەڕوانبوون شەو دابێت و بگەڕێنەوەبۆ قۆپی، ئەملا و ئەولای یەکمان ماچکرد. من بەتەنها بەرەو "نەیەر" ملی ڕێم گرتەبەر. لەتانجەرۆ ئەپەڕیمەوە چاوم بەپێشمەرگەیەکی ناسراوکەوت



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەسوچێکدا دانیشتوە، کە کاک مستەفای سەر دۆشکەیان پێدەوت. من خۆم گێلکرد و ئەویش خۆی لەمن گێلکرد، هیچ ئاخاوتنێکمان لەنێواندا نەبوو تا لەئێران یەکترمان دیەوە.ئاخر لەو رۆژەدا کەس لەکەس ئەمین نەبوو.

لەناو نەێردا بۆ ماڵی کاک حسێنە بچکۆلی خزمم دەگەڕام تووشی حاجی حەمە غەریبی بەڵخەیی بووم کەئەویش هەرخزمە بەروویەکی خۆشەوە گەیاندمیە ماڵی کاک حسێن. لەڕاستیدا کاک حسێن پیاوێکی ئازا و چاونەترس بوو. زۆر بەگەرمی پێشوازی لێکردم. دوای دەنگوباس و نانخواردن لەسەر داوای من جێبێکی دەربەستی بۆ بەکرێ گرتم بۆ سلێمانی، خۆیشی دەیویست لەگەڵم بێ بۆ سلێمانی، بەڵام من نەمهێشت و پێموت با هەرمن تووشبم نەک هەردوکمان.

لەڕێدا خوای من و تۆ کردی ئەفسەرێک و چەند سەربازێک لەتەک مندا و لەتەنیشتمەوە سواری جێبەکەبوون کەئیدی بەهۆی ئەوانەوە لەهیچ خاڵێکی پشکنیندا پرسیاریان لێنەکردم.

لەسلێمانی چەند خزمێکی باش هاتن بەدەممەوە کەسوپاسی ئەوانیش بەپێویستی سەرشانم دەزانم. ئەمجا لەگەڵ هەموو خێزانەکەمدا بەمنداڵ و دایکی منداڵەوە بەرەو رانیە کەوتینەڕێ. لەوێ چووینە ماڵی مەلا ئەحمەدی قازی و شەوێ ماینەوە. بۆ سبەی بەیارمەتی کاک ئاکۆی مەمەند ئاغا کەناسراوی مامۆستا شێخ کەمالی برامبوو گەیشتینە گوندی "گولان".. ! هەرچۆنبێت ولاخمان بەکرێ گرت و گەیشتینە قرناقەو پشت ئاشان کەلەوێ "کاک حامیدی حاجی غالی"م بینی، پێیوتم واباشە بچن بۆ گوندی بادیناوا"بەهادین ئاوا" لەئێران، چونکە کاک شێخ کامیلی تیماری قەرەداغ لەوێ بەرپرسی دارایی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستانە و بێگومان یارمەتیتان ئەدات. من ئەوەم زۆر پێخۆشبوو چونکە بەراستی ئێمە جگەلە جلەکانی بەرمان و هەزار دینار هیچمان پێ نەبوو. کەگەیشتینە گوندی ناوبراو لەئێران تەماشامانکرد پتر لەسەد ماڵی کوردی ئەمدیو لەگۆڕستانێکدا لەژێر درەختەکاندا بنەو بارگەیان خستوە. لێرەدا ماڵی ئاوابێت کاک کامیل فریامانکەوت. چونکە بارانێکی زۆر بەخوڕ دایکرد. بەڵام کاک کامیل چادرێکی ئامادەکراوی دا پێمان کە راخەرێکیشی لەناودا بوو، بەوهۆیەوە لەباران و تەڕبوون پارێزراین. دوای ئەوەش حەوت پەتۆ و فەردەیەک ئارد و تەنەکەیەک رۆن و فەردەیەک برنج و شەکر وچا و تفاقی چالێنان و چێشتلێنانی دا پێمان و ماڵێکی خنجیلانەی بۆ دروستکردین کەئەوە لەوکاتەدا پیاوەتیەکی زۆرگەورە بوو لەگەڵ ئێمەی ئاوارەدا.

لەم گوندەدا رووداوێکی دڵتەزێن روویدا. پێشمەرگەیەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بەگوللەی پاسدارێکی ئێرانی شەهید بوو، کەداخێکی زۆری لەدڵ و دەروونی هەموو کوردەکاندا جێهێشت. هەرچۆنبێت لەو گوندە دەریانکردین کەئەوەش بوو بەخێر بۆ دارستانی ئەو گۆڕستانە ئەگینا ئەو چەند ماڵە ئاوارە درەختیان بەپێوە نەدەهێشت و هەموویان دەسووتاند. لەپێشدا رووماکردە گوندی "دێڵزێ" و لەوێ چەند ناسراوێکمان دۆزییەوە، بەڵام لەپاش دە رۆژ بڕیارماندا بچین بۆ شاری سەقز بەوئومێدەی لەوێ منداڵەکانمان بخوێنن. بەماڵە خنجیلانەکەمانەوە سواری ماشێن بووین بەرەو سەقز. لەبۆکان سەیرمکرد کابرایەکی ئێرانی مرخی خۆشکردوە تەنەکە رۆنەکەمان لێ بدزێت. بەڵام باشبوو پێمانزانی نەمانهێشت بەرە لای بەرە لای تەنکیەوە بدرێت. گەیشتینە سەقز، لەسەر شەقامآ لەنزیکی ماڵی کاک عومەر غەریب و کاک حەمە رەئوفی برایدا ماڵە خنجیلانەکەمان لەماشێن داگرت بەو ئومێدەی بچینە خانوویەکەوە کە سەربەستی کوڕم زووتر بۆی بەکرێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گرتبووین. لێرەدا بۆ یەکەمجار فرمێسکی نامۆییم رشت چونکە ئەو خانوە درابووەوە بەکرێ و خاوەنەکەی چاوەڕێی گەشتنی ئێمەی نەکردووە. هەستمان بەنامۆیی کرد چونکە خۆمان و ماڵەکەمان لەو سەرشەقامە فڕێدرابووین، خەڵکی لێمان وردەبوونەوە و بەزەییان پێماندا دەهاتەوە. بەڵام کاریان راستبێت هەرچەندە پیاو لەماڵ نەبوو وەلآ خێزانی کاک عومەر و کاک حەمە رەئوف[ رەحمەخان و نەزیرەخان] بەکۆڵی خۆیان هەموو شتەکانیان بردە ماڵی خۆیان و نەیانهێشت نامۆییمان پێوە دیاربێت. ئێمەیش لە پاش دوو سێ رۆژ خانوویەکی دەربەست (سەربەخۆ)مان بەکرێگرت و دەر و دراوسێیەکی باشمان هەبوو تا لەسەقز بەرەو ئەمدیو گەڕاینەوە لەو خانوەدا بووین.

## بەشی دووەم: چۆنیەتی ژیانمان لەڕووی دارایی و دەروونیەوە لەئێران:

لەئێراندا باری داراییمان تاڕادەیەک باشبوو. خۆم بووم بەمامۆستای ئۆردوگای سەرا مانگی 5000 تمەن و یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش بەوبۆنەوە کەسەرپەرشتیاری خوێندگاکانی (شۆڕش) بووم لەساڵانی 1985تا 1988، لەئێراندا مانگی 7000 تمەنیان بۆ بڕیمەوە- هەرچەندە ئەم مووچەیە تەنها چەندمانگێک دەوامیکرد و دوایئەوە بڕییان چونکە منیان بەشیوعی ناوزەدکرد و وتیان سەربە یەکێتی نیە-.

وێڕای ئەوە زەخیرە و کارتی سپیشمان هەبوو. لەڕووی دەروونیشەوە هاتوچۆیەکی زۆرمان هەبوو لەگەڵ ماڵە کوردەکانی ئەمدیو کە لەسەقز نیشتەجێبوون. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا ئارەزو و تاسەی زێدی خۆم و باوانم لەوانەبوو چنگ لەئەوەکەم گیربکات.

لەساڵی 1989 بەناو شاری "بیجار"دا دەچووم بۆ تاران. هەر کەگەیشتینە بیجار بەکەمێ وردبوونەوە لەم شارە و دەور وبەری شارەکە زامی کۆنم کولایەوە و تەوسآ لەتەوقی سەرمەوە هات لەبنی پێمەوە دەرچوو. بیجار لەڕووی خاک و چەم و تەپۆڵکە و ئەشکەوت و کانیاوەوە" لەرووی تۆبۆگرافیەوە" لەبناری دیوی سەنگاوی لای خۆمان دەچوو. کەچاوم بەوبارە سروشتیە کەوت، تاسەو بیرکردنەوەی قەرەداغ و سەنگاو خەریکبوو چنگی لەقوڕگم گیر دەکرد و هەناسەی لێدەبڕیم. کەوتمە یادی ئەو ئەشکەوت و کانیاو و دەم ملە و لاپاڵی چیایانەی لەگەڵ هاوڕێیانی گیانی بەگیانیمدا، چەند رۆژێکی خۆش و بەتامان تێدا بەسەر دەبرد. لەو سەیرانگایانەدا بیرمان لەهیچ نەدەکردەوە بێجگەلە شوێن دیاریکردن بۆ راوچیەکان و جگەلە چەپڵە لێدان و بەزم و قاقای پێکەنینی بەردەوام و نەبڕاوە. ئەوچەند رۆژە لەناوماندا ئازا ئەوکەسەبوو پتر لەهەموان پێبکەنێت و باشتر و قایمتر چەپڵە لێبدات بۆ گۆرانی و چۆپی. ئێمە لەو سەیرانەدا دەگەڕاین بۆ پیاوی قۆشمە و چیرۆکخوان تا لەو رابواردن و خۆشیەدا بەشداریمان بکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تا لەسنووری بیجار تێپەڕین بماندایە بەلای هەر ئاو و شیو و دۆڵێکدا هەناسەیەکی ساردم هەڵئەکێشا و قورگم پڕدەبوو لەگریان. ئاخر زێدی باو وباپیر و شوێنی رابواردنی تەمەنی منداڵی و لاوێتی و مەڵبەندی راو و هاوڕێی بەئەمەک شتآ نیە بەئاسانی لەبیر بچێتەوە. بۆ هەتا هەتایە ئەو بیرەوەریانە لەدەروونی مرۆڤدا رەگی داکوتاوە و هەرگیز لەچاوی دڵ ون نابێت و بەتایبەتی لەڕۆژانی ئاوارەبووندا زامی ئەو بیرەوەرییانە قووڵتر و کاریگەرتر دەبێت، کەف و کوڵی پتر هەڵدەچێت کە بەدووری مەزانن پیاو بتوێتەوە.

ئەمەی باسمکرد کەمێک لەباری دەروونی ئەوماوەیە دەردەخات. گەلێکجاریش بۆماوەی چەند کاژێرێ لەسەریەک گوێم بۆ شریت و گۆرانی حەمەساڵەح دیلان و سەیدعەلی ئەسغەر شل ئەکرد و لەناو ژوورەکەماندا و بەدەم هەناسە هەڵکێشانەوە، هاتوچۆ و پیاسەم بوو. باری دەروونیمان بەوجۆرە بوو. بەڵام بەهیچجۆرێک ورەمان دانەبەزیبوو. بڕوامان بەخۆمان و گەلەکەمان هەبوو. چاوەڕێی رۆژی سەرکەوتن بووین و بەئومێدبووین زوو بگەڕێینەوە. ئەوخولیایەی خۆمم لە 1988/8/19دا بەپارچە هۆنراوەیەک دەربڕیبوو کەشیوەنی خاک و هیوای گەڕانەوەم تێدا دەربڕیبوو کەئەمە بەشێکە لەو پارچە هەڵبەستە:

دۆندی بەرزی کوێستانـــم ڕۆ

هەردە و دەشتی گەرمیانم ڕۆ

زنە و گۆزە و بەفـــــــراوم ڕۆ

زێڕ و زیوی چەمــــــــاوم ڕۆ

هۆرەی شوان و حەیرانـــم ڕۆ

زێدی خۆم و باوانـــــــــم ڕۆ

بەهەشتەکەی کوردانـــــم ڕۆ

***************

بەوجۆرە لەسەقزداماینەوە تا راپەڕینەکانی بەهاری 1991، کە هەر لەیەکەم راپەڕیندا من و نەورۆزی کوڕم و برای بەڕێزم شێخ سەعید بەرزنجی گەڕاینەوە بۆ سلێمانی. لەدوای دوانزە ساڵ خۆشاردنەوە و بەردا و بەرد و ئاوارەبوون پڕ بەسیەکانمان لەشنەی فێنکی ئازادی هەڵمژی. بینیمان گەلی کورد پێدەنێت بەسەر ئەو کەللە پووچانەدا کە لەوە وپێش خولیای جینۆسایدیان هەبوو، شەق لەو ددانە چیڕانە هەڵدەدا کە رۆژانە بەرامبەر بێتاوان چیڕدەبوونەوە.

## بەشی سێیەم: کۆڕەوەکەی دوای راپەڕینی 1991



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

من و سامانی کوڕم و کاک بەهادینی برام و کاک قاسم خانەقینی، قوڕاوی کۆڕەویشمان پێدا هەڵپڕژا. منالّم زۆر دی بەیەک تاک پێلاوەوە یابەپێی پەتی لەژێر خوڕەی باراندا، لەناو قوڕی لینج و خەستدا قەتیسمابوو، پیرێژنم زۆر دی لەهەموو سامان و مالّێ کەهەیبوە تەنها کۆلّە پشتآ ئاردی بۆ دەرچوبوو. کیژی بالا نەونەمام و نازدارم زۆر دی کە لەورۆژەدا بەقوڕە سوورە ماکیاژی دەم وچاوی بۆ کرابوو. زۆر کەسم دی لەهۆشخۆی چوبوو، لەکەسوکاری دابڕابوو، نەکەس بەتەنگیەوە دەهات و نەئەویش ئومێدی بەژیان مابوو. لە دەشتێکدا لاشەی پیاوێکمان دی کە تراکتۆر شێلابووی لەباتی کفن و شاردنەوەی فڕێیاندایە ناوچالێکەوە و سەری چالیان بەقوڕ داپۆشی. دەولّەمەندەکانی شار کە هەلاتبوون بڕێکیان لەو رۆژەدا سوالی لەلا نەنگ نەبوو بۆ پەیداکردنی نانێکی رەقوتەق گوێی لەقڕە و جەنگ نەبوو. دەولّەمەندی واش هەبوو وەک نەبای دیبێ نەباران پێکەنینی دەهات بەفرمێسکی هەتیوان. گالّتەی دەکرد بەقوڕگی پڕ لەگریان، ئەتوت لەو رۆژەدا هاتوە بۆ رابواردن و سەیران. لۆریەکی کردبوو بەژوور، ژووری پڕ لەقالّی و پێخەفی سەوز و سوور تفاقی تەواو هێنابوو، بەغاز پلاوی لێنابوو، قاز و قەلی سەربڕیبوو، ورگی مەڕی دڕیبوو، بێشەرمی لای ئەو چەسپابوو، تروسکەی بەزەیی لەلا بڕابوو. هەروەها هەندێک لەبەرپرسی حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆن بەتەنگ کەسەوە نەدەهاتن و یارمەتی هیچ داماوێکیان نەدەدا.

ئاخ کۆڕەوەکە تۆ لەکوێوە و چۆن هەلّقولایت؟! تۆ بلّێیت ئەمەریکا لەژێر لێوەوە بەسەدامی وتبێت: تۆ خاوەنی فڕۆکە و تانک و تۆپی قورسیت هێرشبکە بۆناوچەی کوردەکان و منیش پشتیوانتم؟ بەلام لەم هاندانەیدا مەبەستێکی شاراوەی هەبووبێت. ویستبێتی سەدام بخەلّەتێنێت و دەسەلاتی خۆی بچەسپێنێت. هەرچۆنبێت خەلّکینە یەکگرن، هەر بەیەکگرتن دەتوانین نەیەلّین جارێکی دی رژێمی بەغدا بیر لەچەوساندنەوەمان بکاتەوە. هەربەیەکگرتن هەلی گەڕانەوە لەدەست رژێم و دەست و پێوەنەکانی دەردەچێت.

مشتێ نموونەی خەروارێکە..

(عەلی) لەیەکێ لەگوندەکانی قەرەداغ بەراوێکی هەبوو ناوی پەلّکەکان بوو. ئاوی ئەم بەراوە کانیاوێکی سازگار و رۆشن بوو. کێلّگەکەش بژێوی خۆی و خێزانەکەی بۆ دابیندەکرد. عەلی رۆژانە لەناو کێلّگەکەیدا کاری ئەکرد و لەسێبەری داربەڕوویەکی پۆشتە و پەرداخدا، لەنزیکی کانیەکەی وچانی دەگرت و دەخەوت.

تۆپبارانی هەموو گوندەکان و دەڤەرەکە کرا، بەلام عەلی بستێ لەکێلّگەکەی دوورنەکەوتەوە. کیمیابارانی هەلّەبجە و سێوسێنانکرا وەلێ عەلی بەکانی و خاکەکەیەوە چەسپابوو، هەرگیز بیری لەوە نەدەکردەوە بەجێیان بهێلّێت. خەلّکی دەڤەرەکەیان چۆلّکرد و کەس لەناودا نەما، کەچی عەلی وەک نەبای دیبێت و نەباران بەتەنها و تەنها لەنزیکی کانیەکەیەوە کاریدەکرد و بۆ بەدەستهێنانی بژێوی خۆی ماندوو دەکرد.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەوشێوەیە مایەوە تادڕندەکانی ڕژێم پێی گلاویان نایە ناو گوندەکەی (عەلی)یەوە. ئەمجا عەلی کەوتە بیرکردنەوەی قووڵ: ئایا بەتەنها لێرە بمێنمەوە و بەخۆڕایی بەدەستی چەپەڵی دوژمنی گەلی کورد بکوژرێم، چیم دەستئەکەوێت و کێ ئافەرینم ئەکات؟ ئایا من بەتەنها بەری ئەم هەموو سوپا و جاشەم بۆ ئەگیرێت؟ ئەی بۆچی بنە و بارگەم نەگوێزمەوە ناو قۆپی بەو ئومێدەی هەرکاتآ هەلم بۆ ڕەخسا چەند کەسێک لەدڕندەکانی ڕژێم، پێش تیاچوونی خۆم، ڕەوانەی دۆزەخ بکەم؟ خۆ دوایئەوە ئەگەر خۆیشم بکوژرێم ئەوەندە داخ و خەفەت لەدەروونمدا پەنگ ناخواتەوە.

عەلی بەوجۆرە بیریکردەوە. کەتاریک داهات تێر تێر کێڵگەکەی ماچکرد و بینینا بەسەرچاوەی ئاوەکەیەوە، چەندی توانی ئاویخواردەوە، ئەنجا بڕێ نان و پڕکیسەیەک ئارد و تفەنگێکی کلاشینکۆف و دەمانچە و دووربینەکەی هەڵگرت، هەناسەیەکی سارد و سڕی هەڵکێشا، بەدەم فرمێسکەوە ماڵئاوایی لەکێڵگە و کانی کرد و وتی: [وا من ئەڕۆم، بێگومان ئەگەر بەسەر زیندووبم دەستلەملانی یەکدەبینەوە، خۆ ئەگەر سەریشم تیاچوو، ئەوا ئێوە و کوردستانی گەورە خۆش]. کەوتە ڕێ بەپەلە و چاوەنترسانە خۆیگەیاندە ناوقۆپی. لەقۆپیدا چەندمانگێ مایەوە و لەگەڵ چەندکەسێکی دیکەی دژ بەڕژێم یەکیانگرت و چەندجارێ بۆیان ڕێکەوت دەستێکی باش لەدوژمن بوەشێنن و چەند کەسێکیان لێ بتۆپێنن کەبەشداری لەشەڕی قەڵای باوەکرۆدا کرد و گەلێک لەسوپا و جاش لە 1988/4/19 بەدەستی ئەمان تۆپێنران. دوای ئەو چەند مانگە عەلی کەوتە بیرکردنەوە بۆ دۆزینەوەی ڕێگایەک بۆ دەربازبوون و ملنان بەرەو ئێران.

ڕاستە وتویانە: "شەلەباوان و کوێرەباوان". بۆئەم کۆچە خزمەکانی عەلی یارمەتی باشیاندا. هەرلە کاک حسێنە بچکۆلی خزمی لەئۆردوگای (نەسر) تا دەگاتە کاک خالیدی زاوای و کوڕانی کاک خالید و کاک کەمالی برای، هەرهەموو بێترس دەستی یارمەتیان بۆ درێژکرد و زەمینەیان بۆخۆشکرد بۆ دەربازبوونی. جگە لەوانیش چەند دۆستێکی دیکەی عەلی یارمەتیاندا تابەسەلامەتی خۆی و خێزانی بگەنە ئێران. هەروەها لەسنووری ئێراندا کاک حامیدی حاجی غالی و لەناو ئێراندا شێخ کامیلی تیماری(تیماری قەرەداغ) بۆیبوون بەفریشتە و ئەرکی سەرشانی عەلی یە بەکۆمەکی ئەوانە بزانێت و تاماوە ئەو یارمەتیانە لەیادنەکات. هەروەها لەو کۆچەدا پێشمەرگەیەکی شیوعیش کە ناوی (حەمەبچکۆل)بوو لەگەڵ نەورۆز عەلا و ئازاد نەجمەدین و مەحمود سدیق یارمەتی عەلی یاندا سوپاس بۆ ئەوانیش.

بەڵێ، هەرچۆنبوو عەلی و خێزانەکەی گەیشتنە ئێران و لەشاری سەقز نیشتەجێبوون، لەوێ عەلی بوو بەمامۆستای زمانی فارسی، بەوجۆرە عەلی و خێزانەکەی لەئێراندا مانەوە تاڕاپەڕینەکانی بەهاری 1991 ئەمجا بەفیزێکەوە و بەسواری ئۆتومبێل خۆی و خێزانی گەڕانەوە بۆ شاری هەڵمەت و قوربانی، بۆ شاری کوردی ئازا و نەبەز، شاری سلێمانی.

عەلی لەم شارەدا بەچاوی خۆی چەند کەللە سەرێکی لەلاشە جیاکراوەی دوژمنی بینی کە لەخۆشیدا لەوانەبوو هەڵبفڕێ بۆ ئاسمان. لەمشارەدا هەوای پاکی ئازادی هەڵمژی، چاوی بەدۆست و خزم و کەسوکاری خۆی کەوت و ئۆخەی کرد. بەڵام ئۆقرەی لێبڕابوو بۆ دەستلەملانی زەوی و کانیاوەکەی، بۆیە پاش دوو سێ ڕۆژ بەرە و کەلاوەکانی گوند و زێدی خۆی بەنیوە ڕاکردن ملی ڕێی گرتەبەر.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

عەلی کە لەشاری سلێمانی دەرچوو سوێندی خوارد کە ئاو لەهیچ چەم و کانیاوێ نەخواتەوە تادەگاتە سەرکانی پەڵکەکان. هەرچەندە لەڕێدا زۆری تینوبوو، بەڵام سوێندی لەیادنەکرد. بۆئەوەی کەمێ لە تینوێتیەکەی بشکآ، سەری هەڵنەبڕی بۆ ئاسمان بەوئومێدەی چەند دڵۆپآ باراناو، کەلەو ڕۆژەدا باران دەباری، بکەوێتە دەمیەوە.

هەرچۆنبوو ئەو ڕۆژە لەدەمەو ئێوارە خۆیگەیاندە ناو کەلاوەکانی گوندەکەی خۆی و لەپاش لابردنی هەندآ دڕک و داڵ لەسووچێکی شوێن خانوەکەی خۆی کەمێک خۆڵی دەستکەوت، کەوتە ماچکردنی، ئەمجا ڕۆیشت بەرەو کانیاو و کێڵگەکەی، لەنزیکیەوە بەدەنگێکی پڕ لەسۆز کە ماری ئەختەسەما چریکاندی و وتی:

بەڵام هێشتا نائومێد نیم

ئەی بەهەشتی دەروون سووتا و

هیوام وایە، هیوای تەواو

کە زۆرنەبا

بەرەو خاکی باو و باپیر هەنگاو بنێم

بەدەم ئاواز و سۆزەوە گەیشتە سەرکانی و بینینا بەئاوی سازگارەوە تاکانی تێی نەخوڕی: کەئیتر عەلی بەسە بۆ تەندروستیت زیانبەخشە! دەمی لەئاو بەرنەدا. لەپاشا کەوتە ماچکردنی بەردە وردەکانی دەور و پشتی کانیاوەکە و چوەناو کێڵگەکەیەوە و چەند ماچێکی خاکەکەی کرد ووتی: (سڵاوتان لێبێت ئەی زەوی و زارە خۆشەویستەکەم! ئەوە منم بەئێوە شادئەبمەوە؟! چاوم ڕوون. سوپاس بۆ خوا و جەماوەری ڕاپەڕیوی کوردستانی خۆشەویست، ئیدی بشمرم بەتەنگ مردنەوە نایەم. بەچاوی خۆم کەلاکی دوژمنی تۆپیوم بینی، هەناسەی ئازادیم هەڵکێشا. ئەوا ئێستاش دەستلەملانی ئێوەی نازدار بووم. هەزار سڵاو لەم خاکە پیرۆزەی باو و باپیرمان. هەزار سڵاو لەئێوەی زیندووی هەرگیز نەمر. کورد بەسەدەها هەزار شەهید و ئەنفالکراوی هەیە، بەڵام ئێوە هەر لەشوێنی خۆتانن و نامرن. ئێمەیش بمرین زاڕۆڵەکانمان ئاوەدانتان دەکەنەوە. هەرگیز مردن بۆئێوە نیە ئەی خاکی پیرۆزی کوردستان). ئەمەی وت و کێڵگە وەڵامی دایەوە:

- عەلی گیان بەخیربێیتەوە سەرچاوان. دوای ڕۆشتنی تۆ چەکمەلەپێکانی دوژمن پێی گڵاویان دەنا بەسەر دەروونمدا. کانیاوە سازگارەکەمیان گڵاوکرد. لەوساتەوە نەکێڵراوم و دڕک داپپۆشیوم. چەندجارێ بەدەستی دوژمن سووتێنراوم، بەڵام ئەو سوتاندنەم بۆ بوو بەخێر. بەوهۆیەوە گەلآ دڕک و داڵ و رووەکی بێکەڵکم لەکۆڵ بوەوە. هەر ئەوسوتاندنەش بوو کە وزە و تینیدا بەدەوەن و وردە درەختەکانم کە ڕەگ دابکوتن و ڕەگ و پەل و پۆ بەهەموو لایەکدا بهاوێژن. ئەوە وێڕای ئەوەی کە دوژمنەکەم بەتەواوی ناسی، وەلآ تێگەیشتم کە چ کینە و نامەردیەکی لەدەروونیدا بەرامبەر بەم گەلە بێتاوانە شاردۆتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

- عەلی گیان من گوێم لەئاواز و چریکە خۆشەکەت بوو. گوێم لەسۆزێ بوو بۆنی نامۆیی و لەهەمانکاتدا ئومێدی گەڕانەوەی لێوە دەهات. بەڵام گوێم لێبوو یەک کۆپلەت چریکاند. دەسا کاکە عەلی لەسەر ئەو بەردە دانیشە، بەهەمان سۆز و ئاواز چامەکەم بۆ بێژە.

- لەسەر بەرد دانانیشم، لەسەر خاکی پیرۆزت تەواوی دەکەم. پێمخۆشە لەو دڕکانەی چەقیوە بەسکی تۆدا کەمێکیشی بچەقآ بەگیانی مندا. گوێم لێبگرە ئێستا لەسەرەتاوە دەست پێدەکەم و ئەو پارچە هۆنراوەیەت بۆ دەڵێم کە دوور لەنیشتمان وتوومە:

سۆزی نامۆیی

چیبکەم لەدڵ، چیبکەم لەدڵ؟

ئەو دڵەی وا هاتۆتە کوڵ

واخەریکە گڕئەسێنێ

بەنامۆیی ئەمسووتێنێ...

ئاخر خۆ من ماوەیەک پێش

بەئارامی، بێ دەرد و ئێش

سەرم ئەخستە سەرسەرین

ئەمچەشت تامی شیرینی ژین

یەکێ هەبوو غەمخوارم بێ

شیفای دەرد و ئازارم بێ

برادەر و برام هەبوو

پورزا و خوشک و خوارزام هەبوو

خزمی باش و ئازام هەبوو...

باخی ترێ و هەنارم بوو

بۆنی عەتر و گوڵزارم بوو

سەیرانی ناو قۆپیم هەبوو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کۆڕی خۆشی و چۆپیم هەبوو...

دێهاتی دەور وپشتم

زەوی و زاری پشتا و پشتم،

پڕ جریوەی پەلەوەر بوون

پڕ لەقاڕەی بزن و مەڕ بوون،

جێ حیلەی ئەسپ و سەگوەڕ بوون

ئێستاکە دێی بێشوێنەوار

نەخانەخوێی ما، نە رێبوار

روو بکەیتە هەرکوێ، هەرجێ

سامی مەرگی لێنیشتوە

کەلاوەی وای پێهاتوە،

پەپووشی لێ هەڵهاتوە

**********

دوندی بەرزی کوێستانم ڕۆ

هەردە و دەشتی گەرمیانم ڕۆ

زنە و گۆزە و بەفراوم ڕۆ

زێدی خۆم و باوانم ڕۆ

کۆڕ و بەزمی جارانم ڕۆ

هۆرەی شوان و حەیرانم ڕۆ

بەهەشتەکەی کوردانم ڕۆ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

*****

ئەی کێڵگە خۆشەویستەکەم هەرچەندە دانیشتوانی ئەوشارەی منی تێدا بووم کورد بوون و دڵسۆزی کوردایەتی بوون و زۆر بەتەنگ دڵمەوە دەهاتن، هەرچەندە ئەوشوێنە ئاو و هەوایەکی دڵگیری هەبوو، بەڵام هێشتا من لەناویاندا خۆم بەنامۆ دەزانی. رۆژ تائێوارە لەژووره بچکۆلەکەمدا شریتێکی حەمەساڵەح دیلانم دەخستە سەر تۆمارگەکەم و لەژوورەکەدا پیاسەم دەکرد و فرمێسکم دەڕشت.

کێڵگە: - عەلی گیان بەخێر بێیتەوە سەرچاوان، بەس نیە سەلامەتیت. لەدوای ناخۆشی، خۆشیە و هەموو ناخۆشیەکت بیر دەچێتەوە.

- بەقوربانتبم. هەر چاوم بەئێوە کەوتەوە هەموو ناخۆشیەکم بیرچۆتەوە.

- عەلی گیان ئێمە زۆر بەپەرۆشبووین بۆ تۆ. تۆ هاوڕێی دێرینی ئێمەیت. تۆ هەمیشە دڕک و داڵت لەئێمە دوور خستۆتەوە و پاراوتکردووین.. ئەوەتەی تۆ بەجێتهێشتووین بۆ یەکجاریش لەهاویندا قومآ ئاومان نەچەشتوە. بەڵام مژدەبآ ئێمە هەروەک خۆمان واین و دار و درەختەکانمان وشکنەبوون. ئێستا تکام وایە تۆ بەسەرهاتی ئەم ماوەی خۆتمان بۆ بگێڕیتەوە. ئێمە خەمی تۆمانبوو.

- ئێ... کێڵگەی خۆشەویستم تۆ خۆت باشدەزانیت کە لەپێش ئەنفالدا من هەمیشە سوێندم دەخوارد بەهیچ کلۆجێ جێتانناهێڵم. بەڵام چیبکەم؟ ناوچەکە چۆڵ بوو، کەسی تێدا نەما. لەجێگەی کەس و کار و خزم و خوێشانم چواردەورم بەدڕندە گیرا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر خۆڕاگر بووم و لەئێوەی خۆشەویست بۆ چەند مانگآ دوور نەکەوتمەوە و هەردەم بەدووربینەکەم لەئێوە وردەبوومەوە. چاوم لەو ئاگرەوە بوو کە دوژمن لەناوجەرگی ئێوە هەڵیگیرساندبوو و لەناو دەروونی مندا قرچەی دەهات. چاوم لەسووتاندنی کووخەکەی خۆم و پێخەف و نوێنی هەموو ئاواییەکەوە بوو. چاوم لەسووتانی ئەو مزگەوتەوە بوو کەچەند سەدەیەک لەمەوپێش بەکۆمەکی چەند کەڵە پیاوێکی ناوچەکە دروستکرابوو. میحراب و شوێنی ئەم مزگەوتە لەلایەن کاک ئەحمەدی شێخەوە نەخشە و بناغەی بۆ دانرابوو. لەتوێی تاق و سەر رەفەکانی ئەو مزگەوتەدا چەند قورئانێکی پیرۆزی تێدابوو کەچەند سەدەیەک لەمەوبەر بەدەستی رەنگینی خۆشنووسەکانی ئەو سەردەمە نوسرابوونەوە و قەراغی هەموو لاپەڕەکانیان بەئاڵتوونا و نەخشێندرابوون. ئەم گوندەی کەخاوەنی چەند شەهید و مەڵبەندی زانست و رۆشنبیریە، چاوم تێوە بوو لەدوای سوتاندنی، شۆفڵیان هێنا تەنانەت کولانەی مریشکیشیان بەپێوە نەهێشت. بەگوێی خۆم گوێم لەقیڕەی مراوی و قازی بەجێماوی گوندەکەبوو کە دڕندەکانی رژێم دەیانگرتن و بەفیشەک دەیانکوشتن.

بەکورتی خەم و خەفەتی هەموو ناوچەکە و هەموو میللەتەکەمان لەو رۆژەدا درابوو بەکۆڵی مندا.

بەڵام ئەی کێڵگە شیرینەکەم من خۆڕاگر بووم و تۆ نەمر، بۆیە ئێستا دەستلەملانی یەکبووینەوە. بێگومانبە سەربەرزی و دوارۆژ بۆ ئێمەیە و سەرشۆڕی و ئابڕوچوون بۆ دوژمنی گەلەکەمانە.

ئەم نوسراوە لەگۆڤاری (سەروەری) دا، ژمارە (2، 3)دا ساڵی 2001 بڵاوکراوەتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

# چمکێک لەبیرەوەرییەکانی رۆژانی ئەنفالی دوو

## عەلا نوری بابەعەلی

## سەقز ١٩٨٩

**سەرەتا:**

کەدەڵێم دەربارەی رۆژانی رەشی ئەنفال دەنوسم مەبەستم ئەوە نیە کەلەپێش رژێمی عەفلەقی یان رژێمە یەکبەدوای یەکدا هاتووەکانی عێراق نوقڵ و حەڵوایان لەناو گەلی کورددا بەخشیوەتەوە و فرۆکە و ماشینەکانیان بۆ بەختیاری و کامەرانی گەل بەکارهێناوە.

نە .. خاکی پیرۆزی کورد هەر لەمێژەوە وێرانکردن و تاساندنی ئازادی تێدا بەدیکراوە و دەکرێت. لەلایەن هیچ سیستەم و رژێمێکەوە بەتەواوی مافەکانی خۆی وەرنەگرتووە و هیچکاتێک شیرینیی گەشتن بەئامانجەکانی خۆی نەخواردۆتەوە.

بەڵام هێشتا جیاوازی رژێمەکانی پێش عەفلەقیەکان و رژێمی وێرانکەر و بەدرەفتاری عەفلەقی وەک جیاوازی ئاسمان و رێسمانە. لەسەردەمی رژێمی بۆگەنی پاشایەتیدا بەمشێوەی ئێستا سوپا نەدەکرا بەداردەست بۆ وێرانکردن و تاڵانکردن و ملپەڕاندن. نەدەکرابەئامڕازی سەرکوتکردن و داپڵۆسین و شاڵاوبردن بۆ بزووتنەوە و راپەڕینەکانی گەل. بەڵکو هەندێکجار سوپا خۆیشی لەجموجوڵی جەماوەریدا بەشداریدەکرد و گەل شانازی بەسوپاوە دەکرد.

سەردەمی پێش ئەم رژێمە یاسا و پارێزەر و نیشتمانپەروەر هەندێکجار لەتاریکی دەهاتنە دەرەوە و خۆیاندەدا بەخۆردا و لەگەڵ جەماوەردا ئاوێزاندەبوون، نەک وەک ئەم سەردەمە کە داد و دادگا و ئازادیخوازان هەمیشە لەناو تاریکیدان و هەرگیز بەچاو نابیندرێن.

لەسەردەمی پاشایەتی و لەدوای ئەویش هیچ رژێمێک بەئەندازەی ئەم رژێمە بەچاوی سووک تەماشای مرۆڤی نەکردووە و بێ ویژدانی هەتا ئەم رادە نەبووە بەپڵاوی خانەقا و تەیری عەنقا.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاخر لەسایەی ئەم رژێمە چەپەڵەدا، کەهیچ کاتێک سایەی بۆ گەل نەبووە کێ وێراویەتی باسی مافی یەکێک بکات و پەتی سێدارەی بۆ هەڵنەخرابێت؟ ئایا بەهۆی تێکۆشەرێکەوە چەندکەسی بێئاگا و بێتاوانیان راپێچ نەکردووە بۆ کون و زیندان و ژێرزەمینە ترسناکەکانی ئەمن تا لەژێر ئەشکەنجەدا تالاوی مەرگ بکەن بەقوڕگیاندا؟ ئایا چەند خانوو بەرە و گەڕەکیان تەخت ووێران نەکردووە لەبەرئەوەی لەونزیکانە تەقەیەکی دژ بەرژێمی تێداکراوە؟ ئایا لەژێر دەسەڵاتی ئەم بەدرەفتارانەدا بەدبەختی و رۆژی رەش و ماڵوێرانی باڵی رەشیان نەکێشاوە بەسەر هەموو سووچ و قوژبنێکی ئەم وڵاتەدا؟ ئایا لەهەموو کوردستاندا بەڵکو لەهەموو عێراقدا رێ بەهیچکەس دەدرێت کەکەمێک دەنگی نارەزایی دەرببڕێت و یەک دێڕ بەئاشکرا بنووسێت کەبەپێچەوانەی بۆچوون و ئارەزووە گڵاوەکانی رژێمەوەبێت؟ بۆچی ئەو زمانە نابڕن کەدژی رژێم ورتەی لێوەبێت و ئەو پێنووسە ورد و خاشناکەن کەلەسوودی رژێم نەبێت نەخشەیەک بکێشێت؟ لەهەموو عێراقدا کێ دەتوانێت بەئاشکرا باسی مناڵی بەرێێشکەی بەکیمیاوی سوتێندراو بکات؟ کام پارت یان کام گرووپ و کۆڕ رێیان پێدراوە کاربکەن ئەگەر کارتۆنی نەبن؟ کام پارتی رەسمی هەیە کەسوێند بەسەری سەرۆکی رژێم نەخوات و ئەڵقەلەگوێی ژمارە (1)ی رژێم نەبێت؟

ئەم رژێمە تەنانەت فەرهەنگی رامیاری و فەرهەنگی ئابووریشی بەگوێرەی خواست و ئارەزووی خۆی گۆڕیوە و هەموو فەرهەنگێک دەبێت بۆ رژێم تەرخانکرابێت. قوڕبەسەر ئەوکەسەی باسی نەتەوایەتی و باسی ئازادی و سەربەستی دەکات. هەش بەسەرئەوەی دەست لەکار وباری رژێم وەردەدات و دوولێوی بەپەیڤێک بۆ پەرچدانەوەی وتاری یەکێک لەپیاوە زلەکانی رژێم دەکاتەوە؟.

هەرکەس پیاوی رژێم بێت و دڵسۆزی بنوێنێت بۆ رژێم لەسزای پیاوکوشتن و داوێنپیسی و بەدرەفتاری پارێزدراوە و دەبەخشرێت. هەرچی دەکەیت رژێم لێتناپرسێتەوە بەمەرجێک ئەڵقە لەگوێی رژێم بیت و دژی رانەوەستیت.

ئەمەیە کار و کردەوەی فاشستی بەغدا و بەوجۆرە لەگەڵ گەلی عێراقی زامدار و کوردی گیرۆدەی رۆژانی ناهەمواردا هەڵسوکەوت دەکات. گومانی تێدانیە رژێم مەرگە و مەرگ رژێمە. رژێم مۆتەکەی سەرسنگی ئازادیخوازانە و مۆتەکەش رژێمە.

رژێمی سەدام وەک چقڵـــی چاوە

رژێمی سەدام زەهــــــرە رژاوە

ئەشکەنجە و مەرگ و ترس و لەرز بەسەر

هەموو سوچێکدا باڵیانکێشـــــاوە

**کەمێک پێش ئەنفالی دوو**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوماوەدا سەربازێکی زۆر لەترسی رژێم خۆیانگەیاندبووە ناوچە دووردەستەکانی رژێم. گوندەکانی قەرەداغ و بازیان و گەرمیان تەژیبوون لەسەربازی هەڵاتوو لەدەست جەنگی قادسیەی بەدناو. ئەوانە نەیاندەویست لەجەنگێکدا بەشداربن کەسەرۆکی رژێم و دەستوپێوەندەکەی بەمەبەستی پیس و گڵاوی خۆیان هەڵیانگیرساندبوو. ئاخر ئەوانە لەکوآ ویژدان رێیاندەدات سەربازی رژێمێکبن کەبەبآ هیچ ئامانجێکی نیشتمانی جەنگێکی دوور و درێژی بەرپاکردووە، لەلایەکی دیکەشەوە هەمیشە لەپارێزدایە بۆ خاپوورکردنی لانە وبانی کورد و بۆ کوشتن و برینی منداڵ و پیرەمێردی بێتاوان؟ چۆن ببنە سەربازی رژێمێک کەهەمیشە بە ملهوڕی و لەخۆباییبوون رووبەڕووی داخوازیەکانی گەل دەبێتەوە و ساکارترین مافی مرۆڤ پێشێلدەکات.

ماوەیەک پێش ئەنفال دانیشتوانی ناوچەکە بەخۆیاندا دەپەرمووەوە کەبتوانن بەرنگاری هێرشەکانی رژێم ببنەوە. وێڕای ئەوەش وایاندەزانی کە لەوکاتەدا رژێم قورسایی هێزەکانی بۆ جەنگی عێراق ـ ئێران تەرخاندەکات، نەک بۆ تێکدان و وێرانکردنی کولانە و ژووری پیرەژن و پیرەمێرد. لەبەرئەوە کەمکەس هەبوو بیر لەوهێرشە ماڵوێرانکەرانەی ئەنفال بکاتەوە بۆسەر گوند و شارۆچکەکانی کوردستان تا دار وبەردیان لەبن دەربهێنێت و کارێکیان پێبکات با بەدەواری شڕی نەکات... نەیاندەزانی کە رژێم خۆی مەڵاسداوە بۆ هەل دەگەڕێت تابتوانێت چی کشتوکاڵ و ئاژەڵداری و کانیاوی سارد و سازگار و پەرستگاکان و بەهار و خۆشی و سەیرانی جەماوەری کوردستان لەناوبەرێت.

ئێمە چەندکەسێک رۆژێکی خۆرەتاوی زستان لەبەربەڕۆچکەیەکی گوندی تەکیەی قەرەداخ دانیشتبووین باسی رەفتاری دڕندەیی و بێبەزەییانەی رژێماندەکرد. جوتیارێکی ژیری خاوەن ئەزموون هەڵیدایە و وتی: کوڕینە من لەتەقەی تۆپی دوورهاوێژ و گڤەی فڕۆکە کەمتر دادەچڵەکم. ئەوەی من لێیدەترسم ئەو رۆژەیە کەسوپا و جاشە ئەڵقەلەگوێکانی رژێم هێرش بهێنن بۆسەر دەڤەرەکەمان و دار وبەردی خانووبەرە و زەوی و زارمان لەیەکدی بترازێنن. لەناو هەموو جوتیارەکانی ئەو گوندە تەنها ئەویەکەیان بەوجۆرە بیری دەکردەوە. بەڵام ئەوانی دی گاڵتەیان پێدەهات و پێی پێدەکەنین. بەڵێ رۆژگار گەلێشت بەخەڵکانێک دەسەلمێنآ کە لەوە وپێش گەمەیان پێهاتووە.

پێش ئەنفال فڕۆکە کەمتر راکێتی قورسی دەهاوێشتە ناوگوندەکانەوە، تا وردە وردە کەوتە بۆردومان بەهەموو جۆرەچەکێکی کوشندە لەڕاکێت و کیمیاوی و راکێتی هێشویی و قەدەغەکراو لەجیهاندا تابتوانێت لەورێیەوە ترس ولەرز بخاتە دڵی جەماوەرەوە. بەڵام هێشتا بەوەش ئەوخەڵکە ورەی بەرنەدا و نەچوونەوە بۆژێر رکێفی رژێم، بەڵکو هەرخێزانەی ژوورێک یا دوو ژووری کەمێک لەدوور گوندەکەی خۆیەوە دروستکرد بۆ حەوانەوە و خۆپاراستن لەفڕۆکە و کیمیاوی رشتن.

### فڕۆکە و راجیمە

تائەوکاتەی ناوچەکە بەڕاجیمە لەدەربەندیحانەوە کیمیاویبارانکرا هێشتا فڕۆکە سامناکترین چەک بوو کەخەڵکی لێی دەترسان. بەڵام جۆری ترس جیاوازبوو، هەبوو کەمتر دەترسا یان دانی بەخۆیدا دەگرت و



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ترسی دەرنەدەبڕی. خۆ هی وەهاش هەبوو بەتەنها دەنگی فڕۆکە تەواو سەری لێدەشێوا و کونەمشکی لێدەبوو بەقەیسەری. بۆنموونە: لەگوندی تەکیەدا لاوێکی لەوبابەتە تێدابوو کەلەترسی فڕۆکە جێی بەخۆی نەدەگرت. ئەم کوڕە گەنجە ڕۆژێکیان بۆ ڕابواردن بەخەڵکی دەستدەکات بەلاسایی کردنەوەی گڤەی فڕۆکە و دەیەوێت خەڵکی ڕاوبنێت بۆ کونەتەیارە و ئەویش بەخەڵکەکە پێبکەنێت. هەرکەس لەودەور وبەرە لەدوورەوە گوێی لەودەنگەبوو بەفڕۆکەی زانیبوو، ڕایکردبوو. کوڕەی لاساییکەرەوەش کەدەبینێت ئەوخەڵکە هەمووی شپرزەبوون و لەترسا ڕادەکەن، ترس بەسەر ئەمیشدا زاڵدەبێت و بیری دەچێتەوە کەئەمە کاری خۆیەتی، بۆیە خۆیشی لەباتی دوو باڵ چوار باڵی لێپەیدا دەبێت و کوێرانە بەسەر دار وبەرددا بازدەدات تا خۆیدەگەیەنێتە پەناگایەک.

لەناو دانیشتوانی ناوچەکەدا چەندکەسێک هەبوون چاویان بڕیبوە سامانی خەڵکی و دزی و تالانی کەلەو پێناوەدا گوێیان بەفڕۆکە نەدەدا.

شارۆچکەی قەرەداخ کە لەیەکەمجاردا وێرانکرا ئەوانە ماڵەکانیان تالانکردبوو. دووەمجاریش کەسوپا و جاشەکان لەڕۆژانی ئەنفالدا هێرشیانهێنا بۆسەر شارۆچکەکە ئەو چاوچنۆکانە بەتەنگ بۆردومانی فڕۆکە و بۆمببارانەوە نەدەهاتن و لەپێناو چەپاوڵ و دەستدرێژی بۆسامانی خەڵکی گوێیان لەڕاکێتی دوژمن نەبوو. بەڵکو بەهەرشێوەیەک بوایە دزەیاندەکرد بۆ ناو قەرەداخ و خۆیاندەگەیاندە ناو کەلاوەکان، چییان بەردەستبکەوتایە بارباندەکرد بۆ فرۆشتن و دەرۆشتن.

دوای خاپوورکردنی شارۆچکەی قەرەداخ و پاشەکشەی ژەندرمەکانی ڕژێم چەندکەسێکی شڕەخۆر بەپەلە کەلوپەلیان دەگواستەوە یان دەیانشاردەوە. گەلێکجار فڕۆکە لەئاسمانەوە خەریکی بۆردومانبوو، ئەوانیش لەزەویدا خەریکی تالانکردنبوون. کۆیان لەماڵی هەتیو نەدەکردەوە. ماڵی پیرەژنێکی بێدەرەتانیان بەحەڵوا دەزانی و بۆئەوان ڕەوابوو.

ئەو بەدڕەفتارانە ئەوە کردەوەیانبوو تاهێرشی ئەنفال لەهەموو قۆڵێکەوە دەستی پێکرد و ئەوسا لەترسی جەردە و پیاوکوژانی ڕژێم دەڤەرەکەیان چۆڵکرد و هەرچی سامانێکی خۆشیان هەبوو لەگەڵ دەستکەوتەکانی تالانیدا بوون بەتیکەیەک کەوتەناو قوڕگی ئاگر و ئاسن و ژەندرمەی ڕژێمەوە. ڕاستە کەدەڵێن ماڵی خۆنەخۆر بۆ چەکمەبۆر. لەم جیهانەدا گەلێک کەس بەڕێگەی ناڕەوا و دەستدرێژی سامانێکی زۆر پێکەوە دەنێن، بەڵام ڕۆژگار مەودایاننادات بیخۆن و کەڵکی لێوەربگرن، دەمێنێتەوە بۆ پێرێکی دی.

## ئەنفال

ئەم وشەیە کە بۆ یەکەمجار لەلایەن دڕندەکانی بەعسەوە بەکارهێندرا، دزێوترین جلیان لەبەرکرد. لەوشەی ئەنفال ئێسکقورستر و لەڕۆژانی ئەنفال تاریکتر لەم سەرزەمینەدا بەرچاو ناکەوێت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکێک تابەچاوی خۆی ئەو رۆژانەی نەدیبێت کەناوی (ئەنفال)یان لێنا، واتا دەستکەوتەکانی جەنگ لەگەڵ خوانەناسدا نازانێت کە چ بەدبەختیەک و ناسۆرێکی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرت بۆ گەلێکی بێدەرەتان و بێکەس. ئەو رۆژانە ئەوندە سامناکبوون کەکورد لەسەرتاسەری مێژوودا ناسۆر و برینی وا قوڵی بەخۆیەوە نەدیوە. دایک تائەو ڕادەیە سەری لێشێوابوو کەمنداڵە شەش ساڵانەکەی لەرێ وباندا بەجێدەهێشت و ئاورِی لێنەدەدایەوە. منداڵ بەدەم هەنسکەوە هاواریدەکرد: دایەگیان جێممەهێڵن من پێم پەتیە و پێتانناگەم. دایک دەیگوت: رۆڵەگیان من خۆم دەردم گرانە و برا بچوکەکەیشت بەکۆڵمەوەیە نامپەرژێتەسەر تۆ، هەرچۆن هەیە گورِیدەرە خۆت و رابکە بەڵکو دەربازببین.

ئەنفال مێردەزمەیەکە سواری سەری ئەوکەسانەبوو کە لەنزیکەوە دیبیان، تائێستاش چنگی لەقورِگیان گیرکردووە و خەو لەچاویان دەتارێنێت.

لەو رۆژانەدا لەترسی پیاوکوژە نەسەقچیەکانی رژێم(نەسەقچی: جەللاد) هاوار و گریان لەقورگدا قەتیس مابوو، لافاوی فرمێسک بەسەر گۆنای هەموو دایک و کورێکدا رێیدەکرد. نازانم چۆن هاوار و گریانی پەنگخواردوو پەردەی سنگیان نەدەدرِاند و بەئاشکرا نەدەبینران؟ لەودیمەنە ناخۆشتر ئەوەبوو کەئەو خەڵکە بێدەرفەتە کەسێکیان گومانندەبرد هاواری بۆ بەرن بەوئومێدەی کەمێک لەباری شانیان سووک بکات. کەسێک نەبوو گوآ شلبکات(1) بۆ راز و خواست و پارِانەوەی ئەو خەڵکە.

ئێمەیش کەبەهیچ جۆرێک بیرمان لەوە نەکردۆتەوە سەرشۆربکەین بۆ دوژمن، لەدوای چەند مانگێک خۆشاردنەوە و بەردا وبەرد ناچاربووین رووبکەینە نامۆیی و دوورە وڵاتی تا نالی ئاسا بناڵێنین:

قوربانی تۆزی رێگەتبم ئەی بادی خۆش مروور

وەی پەیکی شارەزا بەهەموو شاری شـــارەزوور

رۆژانی ئەنفال هەتا هەتایە لەکەیەکە بەناوچەوانی وڵاتە زلهێزەکانی بەناو مرۆڤدۆستەکانەوە. لەو رۆژانەدا ددانی چیرِ و زەهراوی شۆڤێنستە خوێنمژەکانی بەغدا و هاوکارانیان لەجیهاندا کەوتەڕوو.

دەبوایە هەردەسەڵاتێک بەگوێرەی توانای خۆی بکەوتایەتە جموجووڵ بۆ داکۆکی لە میللەتێکی ستەمدیدە. هەموو هێزێکی خاوەن ویژدان دەبوایە وەک پوورەی هەنگ بوروژایە لەعەفلەقیە درِندەکان و هاوکارانیان.

بەڵام مخابن سەدمخابن، لەم سەرزەویەدا گەلێک سیستم و حزب هەن کەبەناوی دیموکراسی و ئازادی و داکۆکی لەرەنجدەران و چەوساوانەوە دامەزراون، تەنانەت وا خۆیان نیشاندەدەن کەخەمخۆری ئاژەڵ و پەلەوەریشن، کەچی لەو رۆژە رەشەی گەلی کورددا نەک تەنها کش و مات و بێدەنگبوون، بەڵکو لەژێرەوەش دەستی یارمەتیان بۆ رژێمی درِندەی سەدام رادەکێشا و بازرگانی نەوت و چەکفرۆشتن و بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان گەلێک لە پێشێلکردنی مافەکانی نەتەوەیەک بەلاوە گرنگتر و ئاسانتربوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەو رژێم و حزبانە دۆست وبران، بەڵام لەسەر سفرەی رازاوە و تیکەی چەور و زێڕی بریسکەدار نەک برابن بۆ نەتەوەی زامار و گرفتار. ئاخر کام برین لەوە کاریگەرترە کەجەماوەری کوردستانی بەرفراوان بەپیر و منداڵ و ژن بەپای پەتی و سەری رووت دەست لەخانووبەرە و سامان و زەوی و زاری خۆیان و باو وباپیریان هەڵبگرن و بەجێیانبهێڵن بۆ دڕندەترین دوژمن و بەناچاریش بچنەوە ژێردەستی هەمان دوژمن کەلەمێژەوە نەخشە دەکێشێت و هەڕەشە دەکات و کوتەکی بۆ خستوونەتە ناو ئاو و چەقۆیان بۆ لەهەساندەدات؟.

چ برینێک لەوە سەختترە کەدایک لەتاو دەردی گرانی خۆی جگەرگۆشەکەی فەرامۆشبکات و لەژێر گوللە و بوردوماندا بەجێی بهێڵێت؟ چ برینێک ئەوەندە کاریگەرە کەجوتیار هێستر و وڵاخ و ئاژەڵ بەجێبهێڵێت، بەدەستی پەتی و گیرفانی چۆڵەوە رووبکاتە ئەو شوێنانەی کەخوێنمژی جوتیار تێیدا دەسەڵاتدارە؟ کام برین لەوە قورسترە کەهۆنەر و وێژەوان و زانایان شاکار و دەستنووس و کەلەپووری چەنساڵەیان تووڕبدەن بۆژێر ددانە پیسەکانی مشکی پەڕاوخۆری رژێم؟

بەکورتی زامێک لەوەقووڵتر گومانبەم کەمرۆڤی بێتاوان و بێپەنا لەتاو دوژمن خۆی بکوتآ بۆ باوەشی دوژمن.

لەتاو زەمینی گەرم و تاوسەندوو

رابکاتەناو پووشـــی گڕگرتوو! (2)

بەناچاری دەستبگرێت بەسنگیەوە بۆ دڕندەکانی رژێم. بەزیندان و ئەشکەنجە و برسێتی قایلبێت بەمەرجێک نەکوژرێت و پەتی سێدارەی بۆ هەڵنەواسرێت.

ئەگەر ئەو بێتاوانانە شایەنی بەزەیی و پشتگیری نەبن، ئەی کآ شایەنە؟

لەوڕۆژانەدا ئێمە لەناو قۆپیدا لەبنکە نهێنیەکانمانەوە گوێمان بۆ هەموو ئێستگەکانی جیهان شلدەکرد. گوێگرتنمان لەڕادیۆ لەهەموو شتێک بەلاوە گرنگتربوو. دەگەڕاین بۆ دوو وشەی دڵسۆزانە لەسوودی نەتەوەکەمان بڵاوبکرێتەوە. گوێمانلێبوو لەئێستگەکانیانەوە یان لەرۆژنامەکانیانەوە هەواڵی کوشتنی دوو کەسیان بڵاودەکردەوە کە بەڕووداوی ئوتومبیل یان فرۆکە لەناوچوونایە، بەڵام بەشەهیدکردنی پڕبە دە ئوتومبیل و دە فرۆکە لەکوردی بێتاوان، بەچەکی کیمیاوی و بۆمبای هێشوویی قەدەغەکراو بێدەنگدەبوون و پیتێکیان بۆ نەدەخستنە ناو رۆژنامەکانیانەوە و ئەوهەموو تۆپ و بۆمبارانەیان وەک گیزەی مێش دەهاتەبەرگوآ.

لەوێستگەکانیانەوە بەگەرمی چەندجار لەسەریەک هەواڵی بومەلەرزەیەکیان بڵاودەکردەوە کەچەند خانوویەکی رووخاندووە یان چەند زیانێکی گەیاندووە کەپێویستی بەباربوو و پیتاکی بەپەلە هەیە لەهەموو لایەکەوە بۆیانبنێرن، بەڵام لەڕەگدەرهێنانی هەزارەها گوندی کوردستان و تێکدانی لانەی سەدها هەزار



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

جوتیاری بێتاوان نەیهەژاندن و رادیۆکانی نەهێنایە زمان تاشتێک بڵاوبکەنەوە بۆ کوردی بێدەرەتان، وەک ئەوەی کورد مرۆڤنەبێت و هیچ مافێکی نەبێت.

لەو رۆژانەدا بەری تیشکی خۆر لەنەتەوەکەمان گیرا. رۆژی رووناکی لێکرا بەشەوی تاریک و دارستانی سامناک.. بەهار وخۆشی نەورۆزی لێکرا بەزستانێکی سەخت و ماڵی لێکرا بەلانەی دڕندەی ترسناک.

هەر لەمنداڵێکی ناوبێشکە و شیرەخۆرەوە تاپیرێکی سەدساڵەی کورد بەدوژمن دادەنران و وەک دوژمنی سەرسەخت تەماشادەکران.

لەورۆژانەدا کەسبەتەنگ کەسەوە نەدەهات. هەرکەسە قاچ و چاو و توانای نەبوایە لەگەڵ بەجێدەما.

بەچەکی ژەهردار.. چۆلەکەی ژێرپاسار.. ماین و مانگای گۆلکدار، لاشەیانکەوتبوو لەپاڵ لاشەی مناڵێکی نەشمیلانەی نازدار.

رۆژانی بەدناوی ئەنفال ئەوەندە تووشبوو کەزمانی پارا و لەئاستی باسکردنیدا لاڵدەبێت و پێنووس کۆڵ. رۆژانێکبوو وەک شێخی سەعدی دەڵێت:

گیانلەبەر نەما لەکێوی و باڵندە و ماسی و مـــار وموور

لەتاو بێدەرەتانی نزا و هاواری نەگاتە ئاسمـــــان

سەیرە چۆن دوکەڵی دەروون و ناخی ئەوخەڵکە کۆنابێتەوە و

ببێت بەهەور و لافاوی فرمێسکیش بەبـــــاران؟ (3)

یان هەروەک لەشوێنێکی دیکەدا فەرموویەتی:

گوڵ بەتاڵان رۆیشت و درک مـــاوە

گەنجینەیان هەڵگرت و تەنها مار ماوە (4)

### چەکی کیمیاوی و ورەی جەماوەرانی کورد

لەسەرەتاوە کە رژێم کەوتە چەکی کیمیاوی چ بەتۆپ و راجیمە یان بەفڕۆکە، خەڵکی کەمتر لەوچەکە تێگەیشتبوون، بۆیە کەمتر لێیدەترسان و نەیاندەزانی تا چ رادەیەک کاریگەرە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەندجارێک گوندی بەلەکجار و تەکیە و بەردێ کیمیاویباران کران و ژمارەیەکی زۆر لەدانیشتوانی ئەوگوندانە پێکران، بەڵام زۆری پێنەچوو چاکبوونەوە. مناڵ و پیرەمێرد سەروتۆز خاکەخەڵووزیان دەکرد بەپریاسکە، زوو زوو تەڕیاندەکرد بەوهیوایەی لەکاتی کیمیاوی رشتندا هەڵی بمژن و بیانپارێزێت لەزەهرەکە.

ترس کەمبوو هەتا شاری هەڵەبجە کیمیاویباران کرا. هەروەها شەش رۆژ لەدوای هەڵەبجە لە 1988/3/22دا گوندی سێوسێنانیش بەسەختی و بەشێوازی بەعسیانە درایە بەر راکێتی کیمیاوی و نزیکەی 70 کەس لەدانیشتوانی گوندەکە شەهیدکران. ئیدی دوایئەوە جەماوەر ورەیانبەردا و روویانئەدەکردەوە ناوگوندەکان. چەکی کیمیاویش لەوکاتە بەدواوە بوو بەسامناکترین چەک کەدژی کورد بەکاربهێنرێت وێڕای بەکارهێنانی ئەوچەکە و بۆمبارانی قورسی دەڤەرەکە، سوپا و جاشەکانیش، لەچەند قۆڵێکەوە هێرشیان هێنا بۆسەر گوندەکان. لەوکاتەشدا پێشمەرگەکانی مەڵبەندی (1)ی یەکێتی نیشتمانی کوردستان چووبوون بەدەم پێشمەرگەی مەڵبەندەکانی دیکەوە پێشمەرگەی ناوچەی قەرەداغ ژمارەیان کەمبوو، کەئەوەش لەورەی جەماوەری دابەزاند.

لەچەند بەرەنگاربوونێکدا پێشمەرگەی یەکێتی و شیوعی رووبەڕووی دوژمن راوەستان و شەڕی قارەمانانەیاندەکرد، بەڵام بێسوودبوو، شەڕەکە نابەرابەربوو.

جەماوەریش بەبۆچوون و لێکۆڵینەوەی ئەوبار ودۆخەدا بووبوون بەدوو دەستەوە، دەستەیەکیان ورەیان نزمبوو، چاوەڕوانبوون هەل بەدەستبهێنن بۆ سەرشۆڕکردن بۆ رژێم. هەندێکیان بەلایانەوە باشتر وەهابوو کەوشەنی وڵات بەجێبهێڵن و کۆچبکەن بۆ وڵاتێکی دیکە، بەڵام کۆچکردنیش لەوکاتەودا ئاسانئەبوو.. چەندکەسێکی ئازا و ورەبەرز لەم دەستەیە چەکیان هەڵگرت و هاتنەپاڵ پێشمەرگە. پاش ماوەیەکی کەم بۆهەمووان روونبووەوە کە رژێم وەک درەختی(بی) بێگەڵا و لق وپۆپە، نەبەردەگرێت و نەسێبەری بۆکەس هەیە، بەڵکو دەمی داپچڕاندووە کەهەرکەس ئابڕووی پێنەفرۆشێت هەڵیلووشێت.

بەهەرحاڵ دەور وپشتی گوندەکانیش چۆڵکران و هەموویان روویانکردە بناری کێو و ئەشکەوت و ژێر گابەردەکانی ناو دەربەندەکان و قۆپی قەرەداخ.

دانیشتوانی گوندی تەکیەش ملیاننا بەرە و دەربەندی تەکیە. هەرچییەکیان بەکۆڵ بۆهەڵگیرا هەڵیانگرت و هەرخێزانێک لەناو دەربەندەکەدا سووچێکی بۆخۆی پاککردەوە، سووکە ماڵێکی بۆخۆی پێکەوەنا.

تائەوکاتەش کەمێک ئومێدیان مابوو کەپێشمەرگە بگەڕێتەوە و ژمارەی پێشمەرگە زۆرببێت و هێرشی رژێم رابوەستێندرێت. لەلایەکی دیکەوە خەڵکی وای بۆدەچوون کەسوپا و جاش لەدوای سووتاندنی گوندەکان دەگەڕێنەوە بۆ مۆڵگە سەرەکیەکانی خۆیان، چونکە هێشتا جەنگی عێراق و ئێران بەردەوامە.

سەیرکەن ئەوجەماوەرە تائەو رادە خۆڕاگربوون. گوێیان بەسووتاندنی سامان و ماڵ و خانووبەرەیان نەدابوو. دەیانەویست لەناو ئەشکەوت و رەبەن و لەسەر چیا سارد و سڕەکانی کوردستاندا، بژی و مەمرە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گوزەران بکەن، بەوخواردەمەنیە کەمەی لەتویی کلۆرەداردا وەک سمۆرە شاردبوویانەوە ژیانیکی سەخت بەسەربەرن، بەمەرجیک نەکەونەژیر رکیفی دوژمنەوە.

لەناوخزمانی تەکیەی ئیمەدا چەند لاویکی تیادابوو ورەیان بەرزبوو، دەیانەویست رووبەرووی دوژمن ببنەوە و بۆئەو مەبەستەش نزیکی گوندەکە چەندسەنگەریکیان هەلکەند، بەلام لەبەر نەبوونی جەماوەر وردە وردە ورەیان دابەزی و پیش هاتنی دوژمن سەنگەریان بەجیهیشت.

یەکیک لەخزمان لەسەرەتاوە زۆر دلگەرمبوو داکۆکی لەدیکە بکات. نزیکی مالی خۆیان سەنگەریکی دروستکرد و سوینی خوارد دەبیت لەو ریگەدا گیانی بەختبکات و سەنگەر چۆلنەکات. بەلام کەزانی کەس لەوناوەدا نەماوە و دەور وبەری چۆلە، ئەمیش ورەی دابەزی و بینەوەی کەس خولکی بکات سەنگەری چۆلکرد، کوتای بۆ ناوەدربەند، ئەمجا لەناو دەربەنددا کەوتە سەنگەرلیدان. ئەوەش چەند رۆژیکبوو، کاتیک کەئەوەی بیست سوپا و جاش لەناوەدربەندیش نزیکبوونەتەوە، خۆی بۆنەگیرابوو سەنگەری گواستبووەوە بۆ لاسەرووی ناوقۆپی، ئەمجا بۆ سەنگاو و لەویشەوە خۆی و خیزانی گەیاندبووە کەلار و تاسلیمانی رانەوەستابوون. ئابەوجۆرە ناوچەکەی بەجیهیشت و لوولەی تفەنگەکەی بارووتاوی نەبوو.

لەراستیدا ئەوخزمە گلەیی لیناکریت، لەسەرەتاوە بەراستی هاتبوە پیشەوە و بەدلگەرمیەوە تیهەلچووبوو، بەلام کەخەلکی لەناودا نەما و ورەیان بەگشتی دابەزی ئیدی هەرەشە و گورەشە رادەوەستیت و بەکەسیک یان بەچەند کەسیک بەری دوژمن ناگیریت و ئەوکەسانە لەسویندخواردن دەکەون.

پیش چۆلکردنی ناوچەکان بەرزبوونەوە و نزمبوونەوەی ورە لەکاژیریکدا چەندجاریک گۆرانی بەسەردا دەهات. ئەگەر هەوالی بهاتایە کەجاش و جەیش لەشەردا شکاون، ئەوا ورەیان بەرزدەبووەوە، خۆئەگەر هەوالی هاتنە پیشەوەیان و سووتانی گوندەکان بهاتایە، ئەوە ورەیان دادەبەزی و لەناوخۆیاندا دەکەوتنە راویژ و مقۆمقۆ بۆ دۆزینەوەی ریگە و دەربازبوون بەرە و دەسەلاتی رژیم.

ئەم ورتەورت و مقۆمقۆیە کەمی خایاند. دانیشتوانی هەموو دەڤەرەکان ورەیان دابەزی بۆ ژیر سفر. ئەوکەسە ئازابوو خۆی و خیزانی بەپیی پەتی و دەستی بەتالەوە بگەیەنیتە شاریکی ژیر دەسەلاتی رژیم، ئیتر چش لەدەستچوونی رەنج و سامانی سالەهای سالی خۆیان و باو وباپیریان. زۆربەپەلە جەماوەر وەک ئاردی سەربەری دەست فوویان لیکرا و کەس لەناودا نەما. لەدانیشتوانی گوندی تەکیە چەند لاویکی دلیر مانەوە چەکی پیشمەرگایەتیان کردەشان و بەدل و بەگیان ئامادەبوون داکۆکی لەخاکەکەیانبکەن. لەناو ئەوانەدا کاک خالید نووری عەبدولحمان و کاک عوسمان محەمەد عەبدوللا و کاک خالید حەمەعەلی(باوەعەلی) ئەیانویست لەگەل پیشمەرگەدا بمیننەوە، بەلام بەخت یارمەتی نەدابوون، بەناچاری لەکاتی کشانەوەی پیشمەرگەدا جیابووبوونەوە و گەرابوونەوە و خۆیان گەیاندبوە ناو شاری سلیمانی. وەلێ سێ برادەری تر: (کاک ئازاد نەجمەدین و کاک مەحمود سدیق و کاک محەمەد عەلی قادر)، وەک سێ پیشمەرگەی لیهاتوو و دلسۆز لەگەل ئیمەدا لەناوقۆپیدا مانەوە و هەموو تالاویکی ئەو رۆژە سەختانەیان چەشت.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بەجێمانی چەندکەسێک لەکاتی ئەنفالدا

بەهۆی پیری و نەخۆشی چەندکەسێک لەئەشکەوت و دەشت ودەردا بەجێمابوون و نەبرابوون بۆشار. لەناو خانووەکانی چەمی (سەیلە)دا نزیکی گوندی تەکیە دوو پیرەژەنی کوت وکوێر و پەککەوتە لەگەڵ پیرەپیاوێکی شێتدا بەجێمابوون. بێکەس و داماو ماوەیەک لەئەشکەوتێکی بەردهەڵچنراو پێکەوەبوون، خۆیان دەسەڵاتی هیچیان نەبوو. کەسوکاریشیان نەیاندەتوانی بگەنەلایان. پاش ماوەیەک جاشێکی خزمی خۆیان پێی زانیبوون بەبەرتیل گەیاندبوونیەوە ناوشار بۆلای کەسوکاریان. بەڵام لەکەسوکاری شێتە بەرتیلیان کەمتر سەندبوو، دیارە جاش لەکڕین و فرۆشتندا ورد وژیرە، دەزانێت ژیر لەشێت گرانترە و باشتر پارە دەکات!.. لەناو قۆییشدا برایەکی گومەتەیی لەگەڵ دایکیدا کەدایکێکی شێتی هەبوو بەجێمابوون، سەریان لێشێوابوو نەیاندەزانی رووبکەنە کوآ و چیبکەن. ئەوبرادەرە کە شێخ جافری شێخ حەمەعەلی ناوبوو، ئەوەندەی تر بەهۆی دایکە شێتەکەیەوە سەری لێتێکچووبوو، چونکە دایکی ئاگای لەئەنفال و دەردی ئەنفال نەبوو، بەڵکو باری ناوچەکەی بەئاسایی دەزانی و دەتوت مێشێک میوانی نیە.. کوڕە لەگەڵ دایکیدا رێیاندەکرد، تاوناتاوآ دایکی مانی لەرۆیشتن دەگرت و خۆیدەدا بەزەویدا.. بەچوارکەس راستنەدەبووەوە. شێخ جافر بەلایەوە دۆشی دادەدا و پرقورگی دەبوو لەگریان، لآ دایکی دەتوت نەبای دیوە نەباران.

وتراوە: سەختترین دەرد ئەوەیە بتخاتە پێکەنین(5). دایکەشێتە لەلایەکەوە جێی بەزەیی و دڵ پێسووتانبوو، لەلایەکی دیکەوە سەربەقوڕی پێدەهاتە پێکەنین.

لەناو قۆییدا ئێمە لەگەڵیاندەرۆشتین گوێم لێبوو شێتە ئامۆژگاری کوڕەکەیدەکات و پێیدەڵێت: رۆڵە ئەمڕۆ ئاژەڵداری لەهەمووشتێک بەکەڵکترە! بەپەلە بگەڕێرەوە بۆناو دێی گومەتە چی ئاژەڵمان هەیە سەرببخە بۆناو ئەم بژوێنی قۆییە، لەم ناو پاکژ و زەبەندەدا بیانلەوەڕێنە، دەبینیت دوو ئەوەندەی پێدەشتەکە شیرماندەدەنآ و وەک بزنی دێلێژەیان لێدێت.

ماوەیەکی تر رۆشتین سێ چوار گوێرەکەی بەجێهێڵدراوی بێ دایکمانبینی لەناو قۆییەکەدا دەلەوەڕان. شێتە کەچاوی بەم گوێرەکانە کەوت ئەوەندەی تر شێت و فوشقی بوو، خۆیدا بەزەویدا و بەسەر شێخ جافری کوڕیدا قیژاندی: هەتا نەرۆیت گوێرەکەکانی خۆشمان بهێنیت بۆئێرە هەنگاوێک لەگەڵتا رێناکەم. ئاخر رۆڵە تۆچیت لەخاوەنی ئەم گوێرەکانە کەمترە؟ سەیرکە ئەم هەموو لەوەڕە خۆشە. خوا ئەم قۆییەی بۆ گوێرەکە بەخێوکردن داناوە.. ئیتر دایکەشێتە ئاگای لەوەنەبوو کەئاخۆ خاوەنی ئەم گوێرەکانە چییانبەسەر هاتبێت؟لەو وابوو سآ چوار شوان خەریکی لەوەڕاندنیانن.

هەرچۆنبوو لەپاش چەند رۆژێک هەواڵماندەستکەوت کەدایک وکوڕ گەشتوونەتە شاری سلێمانی، بەڵام دوای ئازار و مەینەتیەکی زۆر.

## کەئامانجەکانی دڕندەکانی ئەنفال جێبەجێبوون



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوایئەوەی کەناوچەکە بەتەواوی چۆڵبوو، بێجگە لەچەند مەفرەزەیەکی پێشمەرگە کەس لەناودا نەما، سوپا و جاش رژانە ناو گوندەکانەوە، کەوتنە سووتاندنی هەر لەکولانەی مریشکەوە تادەگاتە ژوورێکی بچکۆلە و مزگەوتەکان، ئاگریان لەناوجەرگەی هەمووی بەردا.

هەرلەگوندی چەمەرگە و فەقآ جنە و باوەخۆشێن و دیوانە و سۆڵە و مچەکوێر و مەسۆیی و بەڵخە و ئاوەسپی و دوکان و نەوتیەوە تا تازەدێ و دەلوجە و کانی هەنار و ئاوایی حەمەی کەرەم و هەردوو ئەستێڵ و چەمی سمۆر و گۆشان و سەرکۆ و جافەران و دەرەویان و هۆمەرئامان و دۆڵان، قرچە لەجەرگیان بەردرا و چرەدووکەڵیان رووی ئاسمانیان پۆشیبوو. هەموو خانوەکان چۆکیاندایە سەرزەوی و سەربان و بنمیچ ئاوێتەی یەکتربوون، دەستیانکردە ملی یەک.

دێکانی گەرمیان و سەنگاویش لەوە خراپتریان بەسەرهات و پێشمەرگەی ئەو دەڤەرانەش بەرە و قۆپی قەرەداخ کشانەوە. تەنها پێشمەرگەکانی (بەدر) کەسەر بەبەرێز (محمد باقرحکیم)بوون چوارپێنج رۆژێک دوایئەوە، ئەوانیش لە 1988/4/20دا بنکەی دەرەویانیان چۆڵکردبوو و کشابوونەوە بۆناو چرێکی دارستان لەنزیکی مۆتاری سەروو کە پێیدەوترا (گرێبۆری مۆتار).

پێشمەرگە لەدیوی سەنگاو و گەرمیان چەندجارێک بەری لەشکری درندەکانی بەغدایان گرتبوو، هێرشی ئەو درندانەیان وەستاندبوو، وەلآ ئەوەش زۆری نەخایاندبوو، برسێتی و ماندوویەتی و نەمانی جەماوەر لەئارادا و سووتاندنی گوندەکان لەورەیانی دابەزاندبوو، بۆیە بەشپرزەیی گەیشتنە ناوقۆپی.

لەو رۆژانەدا لای هەمووان ئاشکرابوو کەپێشمەرگەی بێجەماوەر وەک کۆرپەی بێدایک و ماسی بێئاو وایە.

پێشمەرگە بەجۆرێک ورەی دابەزیبوو کەلەرۆژی 1988/4/15دا تەنها یەک فرۆکەی هێلیکۆپتەر بەسەر دارستانەچرەکەی قۆپیدا (لەعەمارەت) بەنزمی بەسەر ئەوهەموو هێزی پێشمەرگەدا فرێ بێئەوەی پێشمەرگەیەک هەبێت بیر لەتەقەکردن و خستنەخوارەوەی فرۆکە بکاتەوە، بەڵکو هەرهەمووی بۆ پەناگە و چاڵ و ژێر درەختەچرەکان خۆیانکوتا. ئەو پێشمەرگانەی لەوە وپێش بەقورگی شێردا دەچوون، لەو رۆژەدا سەری خۆیان کزکردبوو.

## کشانەوەی پێشمەرگە بەرە وچەمی رەزان و چەند ناوچەیەکی دی

بریاردرا کەپێشمەرگە هەموو ناوچەکە بەجێبهێڵن ـ بێجگە لەچەند مەفرەزەیەکی بچووک.

بەڵآ لەشەوێکی تاریکو نووتەکدا، لەشەوێکی تەڕ وتووشدا کەباران بەخورزم دەباری، هەڵخلیسکان و رێ وێڵکردن رۆستەمی زاڵی دەهەژاند، لەوشەوەدا کشانەوەی پێشمەرگە و کۆچکردنیان دەستیپێکرد.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوشەوە شەویکبوو کەمامۆستا هێمن بەمجۆرە پێناسەی بۆداناوە:

شەوێکی رەش وەکو بەختی ئەسیران

وەکو دوارۆژی زۆردار و ئەمیران

نەمانگ دیاربوو نەئەستێرەی گەشوجوان

تروسکەی لێبڕابوو ئاگری شوان

ئەوشەوە تابەیانی بەدەم کەوتن و هەڵخلیسکانەوە ڕێمانکوتا دەگەڵ گزنگی خۆردا خۆمانگەیاندە نزیک گوندی قازانقایە و خاوآ.

لەنزیک گوندی هۆمەراماندا پێشمەرگە تووشی شەڕێکبوون لەگەڵ جاشدا و جاشێکی زلیان بەرەو دۆزەخ رەوانەکردبوو، بەڵام بەداخەوە دوو پێشمەرگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستانیش (کاک خالید ماوەتی و کاک حەمەڕەئوف غەریب سۆڵەیی) بریندابوون.

کەوتینە شەو 17-1988/4/18 ئێمە کەمەفرەزەیەکی بچکۆلەبووین(من و مامۆستا بەهادین نووری برام و محەمەد عەلی قادر تەکیەیی و عەلی شێخ ئەمینی شیوی قازی) لەگەڵ مەفرەزەیەکی نیشتمانی کوردستان بەسەرپەرشتی (کاک عومەر غەریب) کەهەردوو بریندارەکەشیان تێدابوو، بەرەو قۆپی گەڕاینەوە لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگە ئەملاو ئەولای یەکتریمان ماچکرد و بەجێمانهێشتن.

ئێمە لەوە وپێش مەفرەزەیەکی سآ کەسیمان لەناو قۆپیدا بەجێهێشتبوو کە بریتیبوون لە: (ئازاد نەجمەدین نووری و مەحمود سدیق رەشید و حەمەئاسۆ عەلا واتە نەورۆز عەلا نووری) کەپێویستبوو دوای گەڕانەوەمان بۆناو قۆپی بەهەرشێوەیەکبێت بیاندۆزینەوە چونکە ئەوان ئاگایان لەگەڕانەوەی ئێمە نەبوو. هێدی هێدی کەوتینەڕآ بۆ دواوە و بەرەو قۆپی.

هەرگیز لەدڵ مەگرە خەمێ

لاوی کوردم هەردەتگەمێ

فێرم بەهەوراز و لێژان

فێرم بەکێودا هەڵزنان

فێری تاڵی و سوێری ژینم

فێرم بەردێ بێ سەرینم



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فێرم خۆڵەکەوەی قۆپی

بێتە هەتوانی برینم

کوردستانم نیشتمانم

خۆشەویستم جێی باوانم!

تاسروەی تۆ با لەگیانم

ماندوویەتی هیچ نازانم

واهاتمەوە بۆ باوەشت

دەبمە قۆچی گوڵی گەشت

بێگومانبە بۆ رۆژی رەش

دانانەوێت قۆڵ و شانم

ـ عەلا ـ

ئەوشەوە تابەیانی رێمانکوتا. خۆرهەڵاتبوو کەئێمە بەدەربەند سەرکۆدا سەردەکەوتین لەلاسەرووی دەربەندەکەوە لەناوقۆپیدا وچانێکمان بۆ گرت و هەموو بڕیارماندا کەباشترین شێوازی پارتیزانی بگرینەبەر و لەیاسا و رێسا بنەڕەتیەکانی پارتیزانی دەرنەچین.

پێویستە هەریەکەمان هەمیشە کۆڵێکی بچووک لەنان و ئاو و تەقەمەنیی بەکۆڵەوەبێت. دەبێت ئێمە لەپێش دوژمندا نەخشەبکێشین بۆلێدانی دوژمن و ئێمە دەستپێشخەریبکەین تا دوژمن فرێبدەینە ناو ئەوتەڵەوە کەبۆیدەنێینەوە.

هەرکاتێک شەڕ و چالاکی پێویستبوو دەبێت دلێرانە بجەنگین. خۆ ئەگەر پاشەکشەش لەسوودمانبوو ئەوا بەرێکوپێکی و بێشپرزەبوون پاشەکشەبکەین.

بڕیارماندا کەپێڵاوی سووک وسۆڵ و توند وتۆڵ لەپێ بکەین. لەکاتی بەرێدا رۆشتن و وچانگرتنندا زیتەڵ و وشیاربین. هەرچاوێکمان بکەین بەدوو چاو بۆ چاودێری جموجوڵی دوژمن. هەرشەرێک کەدڵنیا نەبین سەرکەوتنی تیادا بەدەستبهێنین، خۆمانی لێ لابدەین، چونکە یەکێک مەلەوان نەبێت و خۆی ئامادە نەکردبێت بۆناو گۆمێکی قووڵ، نابێت خۆی تێفرێبدات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پەیمانماندا چ لەکاتی شەڕدا و چ لەکاتی ئارامیدا ئاگاداری یەکتربین و پشتی یەکتر بەرنەدەین. بنکەی باش و لەبار هەڵبژێرین. دەستبگرین بەئازووخە و تەقەمەنیەوە و لەچەندشوێنێکی قایم و سەختدا بیانشارینەوە تائەگەر بەشێکی کەوتەژێر چنگی دوژمنەوە بتوانین لەبەشەکانی دی سوود وەربگرین.

بڕیاردرا هەمیشە پەنجەمان لەسەر پەلەپیتکەی چەکەکانمانبێت و هەرگیز چەکمان دوورەدەستی خۆمان دانەنێین.

لەهەربنکەیەکدا جێگیربووین دەبێت جموجووڵمان نهێنی بێت و دەنگەدەنگ نەکەین. تەقەی قاپ و قاچاغمان نەیەت و ئاگر بەچلکەی وشکی بێدووکەڵ بکەینەوە و بەدەستی خۆمان خۆمان نەخەینە داوی دوژمنەوە.

ئەو بڕیارانەماندا ـ هەرچەندە گەلێکجار وتن و کردەوە لەیەکەوە دوورن و زۆر بڕیار هەیە یان هەر زارەکیە یان مەرەکەبی سەرکاغەزە مۆردەکرێت، بەڵام زۆری پێناچێت فڕێدەدرێنە پشتی کەنووەوە.

ئەو رۆژە لەکاتی گەڕانەوەماندا چەند کەلوپەلێکی زۆر تەنانەت چەندجۆرێک چەکیش لەسەر رێگاکە فڕێدرابوون یان شاردرابوونەوە، هەرچەندمانتوانی لەگەڵ خۆماندا هەڵمانگرت، ئەمجا کەوتینەڕێ رووە و قۆپی عەمارەت(نارامسین) کە رۆژی دووەم پێش نیوەڕۆ گەیشتینە سەر کەوەلەکەی عەمارەت.

لەناو مەفرەزەکەدا پێشمەرگەیەکی تێدابوو بەڕواڵەت پێشمەرگە و بەسروشت لەجاش دەچوو. ئەوەش جێی سەرسوڕمان نیە کەچەند پێشمەرگەیەکی لەمجۆرە لەناو پێشمەرگە و هێزەکانیدا جێیانبێتەوە. ئاخر پێشمەرگایەتی دەریایەکە هەندێک گەڕ و گولیش مەلەی تێدادەکات. گەلێک دڕکی بێسوود و زیانبەخش لەگەڵ گوڵدا دەڕوێن. شێخ رەزا تاڵەبانی دەڵێت:

رەزاش لەونەسلەیە بیبەخشێ یاڕەبی کەقەت نابێ

گوڵی بێخار و بەحری بێ بوخار و ئاتەشی بێ دوود

کاکی شرەخۆر یان بابڵێین پێشمەرگە شرەخۆرەکە کەمێک لەچاومان ونبوو. ئەمجا گەڕایەوە بۆلامان، سەیرمانکرد شەش دینار و جووتێک پێڵاوی ئەدیداس و تاقمێکی ریشتاشین و لەوانەش هەموو سەیرتر فلچەیەکی ددانشتنی بەدەستەوەبوو.

ئەمانەت لەکوێبوو؟ برادەرێک پرسیاری لێکرد.

- هی ئەوسیخوڕەیە کەچەند رۆژێک لەمەوپێش بەدەستی شیوعیەکان لەم شیوەدا تۆپێندرابوو. هەرچی بەکارهات داماڵی و رووتمکردەوە!.. خۆشخۆش تاقمەتەراشەکەی دەهێنا بەریشیدا و لەبەرخۆیەوە دەیوت: من زۆردەمێکە ئاواتەخوازی تاقمێکی وا باشم، هەنووکە گەیشتم بەئامانجی خۆم.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاخر كام جاش لەوە شڕەخۆرتر دەبێت کەڤڵچەی دانشتنی لاکێکی بۆنگرتووی سێ ڕۆژ لەوە وبەر هەڵبگرێت؟!..

دیارە ئەوجۆرە پێشمەرگانە ئەوەندە وەک پێشمەرگە دەمێننەوە تاشەقامەکە پانە.. وەلێ ڕۆژی ڕەش و تەنگانە لای کام لا زڕەی زێڕی لێبێت ژوانی ئەوانە.

ئەو برادەرەی لای ئێمەش تەنها لەپاش دوو ڕۆژ جێیهێشتین و ملی ڕێگای گرتبوو بەرە و شەقامەکانی سلێمانی، ئیدی نازانین چی بەسەرهاتووە.

## شەڕی قەڵای باوەکرۆ

هەرلەو ڕۆژەدا (دوای نیوەڕۆی 1988/4/19) دووکەسمان چاودێری جموجووڵی جاشیاندەکرد. بەپەلە گەڕانەوە بۆلامان، وتیان: خێراکەن ڕەزنەکانتان ببەستن، فیشەک بخەنەبەرکار جاش و سەربازێکی زۆر ڕووە ئەم شوێنەدێن، نزیککەوتوونەتەوە لێمان.

ئەو دوو برادەرە کە کاک ئەبوسەلام و کاک عومەر غەریب بوون وایان بەباشزانی کەقەڵاکەی پشتمان(قەڵای باوەکرۆ) و شاخی بەرامبەرمان(داڵبوو) بگرین و سەنگەریان لێ دابمەزرێنین. ئەگەر دوژمن پێینەزانین ئەوا لەوناوە دووردەکەوینەوە، لەبەر پاراستنی بریندارەکان خۆمان لەشەڕ دەپارێزین و ناوکەوینە شەڕەوە لەگەڵیاندا. خۆئەگەر چاریشمان ناچاربوو پێویستە دەستێکی باشیان لێبوەشێنین و تەمبێیان بکەین.

نەخشەی شەڕ کێشرا و خۆمانگەیاندە ئەوشوێنانەی مەبەستمانبوو. بەهۆی پرمەپرمی هێسترەکانمانەوە ژەندرمەکانی ڕژێم و جاش گوێ قوڵاغبوون، وردە وردە ڕوویانکردە ئەوشوێنەی تۆزێک لەوە وپێش ئێمە بار وبنەمان تێداخستبوو. هیچ بەڵگەیەکی نەدەویست کەچەند کەسێک تازە ئەوشوێنەیان بەجێهێشتووە، هێشتا پشکۆکان نەکوژاونەتەوە، ئەمەش بنکڕی گەرموگوڕە و مەنجەڵەکەش ساردنەبوەتەوە، ئەم پارچە نایلۆنەش هەرئێستا هەڵدڕاوە و پێشهەڵدانی باران زەویەکەی ژێری تەڕکردووە.

دوژمن شوێنپێی هەڵگرتین و بەقەڵادا هەڵزنان. من کەمێک لەخوار سەنگەرەکەی کاک عومەر غەریب و زامدارەکانەوە لەسەنگەرێکدا خۆم ئامادەکردبوو بۆ ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ دوژمندا. سەنگەرەکەم پشتی گاشەیەکی باشبوو. لەپشتمەوە شاخەکە سەختبوو ڕێی نەدەدا بەدوژمن پشتم لێبگرێت. لەبەردەمیشمەوە ڕێگاکە نزمتربوو لەشوێنەکەی من و لەژێر کۆنترۆڵمدابوون. من بەباشی گوێم لەورتە و چرپەی پێی دوژمنەوەبوو کەبەقەڵادا هەڵدەزنان و دەمزانی کەبەتەواوی لێم نزیکبونەتەوە.

دەستم لەسەر پەلەپیتکەی تفەنگ دانا و لوولەی تفەنگەکەم کەمێک لەسەنگەر تێپەڕاند و وەک لەکولگەی ڕاوچیدابم بەبێدەنگ چاودێری دوژمنم دەکرد. زۆرم مەبەستبوو من دەستی خۆم پێشبخەم و پێش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوەی سەنگەرەکەم ئاشکرابێت دەستێکی باش لەو دڕندانە بوەشێنم. خۆئەگەر دوایئەوە بیشکوژرامایە زۆر بەتەنگ مردنەوە نەدەهاتم!.

من چۆنم مەبەستبوو بەوجۆرەم بۆ ڕێکەوت. ریزێکی کلاشینکۆفم تەقاند بەناو ئەفسەرێک و دوو سەرباز و جاشێکدا بێئەوەی ئاگایان لەمنبێت. سەنگەرەکانی دیکەش کەیەکسەر لەدوای من سەنگەری کاک عومەر غەریب و هاوەڵەکانی، ئەمجا سەنگەرەکانی دیکە کەوتنە تەقە لەدوژمن و ئەوەندەی دی وزە و گوڕیاندا پێم.

دوای تەقەکانی من لەوقۆڵەی منەوە بۆماوەیەک دوژمن تەنها ریزێکی کلاشینکۆفیان تەقاند و ئیدی بێدەنگبوون. بەلام من لەوبێدەنگیەی دوژمندا هەلم بەدەستهێنا سەنگەرەکەم گوێزایەوە بۆشوێنێکی نزیک، کەئەو گواستنەوە بۆمن بووبەخێر، چونکە لەپاش ماوەیەک لەسەنگەری تازەمەوە چاودێری دوژمنم دەکرد، RBG بەشانێکم بەدیکرد لەگەڵ سەربازێک و جاشێکدا، دەیویست تەقەبکات لەسەنگەری یەکەمجاری من. بۆئەو مەبەستەش وردە وردە گەلای دارقەزوانێکیان دەوەراند تاکو سەنگەرەکەیان لێدەربکەوێت. پێشئەوەی ئەوان تەقەکەیان بکەن من لێیان هاتمەدەست و ریزێکی کلاشینکۆفم کرد بەناو ئەوانیشدا. ئەوان تەنها یەک تەقەیانکرد و ئیدی بێدەنگبوون. دوایئەوە لەسەنگەرەکانی جاش و سوپاوە هەرچی تەقەیەک دەکرا رووە و ئاسمان تەقەیاندەکرد و گەلای ئەو درەختانەیان بەفیشەک دەخستە خوارەوە کەلەژێریاندا خۆیان مەلاسدابوو، نەیاندەوێرا بەهیچجۆرێک سەرهەڵبڕن.

بێگومان سەرکەوتن لەجەنگدا بەستراوەتەوە بەدەستپێشخەری و ورەی بەرز و جۆری چەک و سەنگەری قایمەوە. ئێمەیش چەکەکانمان خراپنەبوون، جگە لەکلاشینکۆف و چەند دەمانچەیەک یەک RBG و یەک (BKC)یشمان پێبوو. من بێجگە لەکلاشینکۆفەکەم دەمانچەیەکی (مەکاریۆف)یشم پێبوو کەهەر بەگەشتنە ناوسەنگەر ئەویشم رووت و ئامادە کردبوو.

دوژمن بەژمارە پتر لەدەئەوەندەی ئێمە دەبوون. بەلام لەپێشدا ئێمە بۆسەمان بۆنابوونەوە، ورەمان بەرزبوو، شەڕی مردن و ژیانمان لەگەڵیاندا دەکرد، لەبەرئەوە کوشتارێکی زۆر لەدوژمنەکەمان کرا و خوێن لەلووتی پێشمەرگەیەکی ئێمە نەهات.

هەرلەدوای نیوەڕۆوە تا تاریکداهات تەقەمان لێدەکردن و نەمانهێشت یەک هەنگاو بێنە پێشەوە. ئەوان لەئێمە بێئاگابوون و دەردەکەوتن، ئێمە دەمانپێکان وەلێ تەقەکانی ئەوان تەنانەت تۆپ هاویشتنەکەشیان کوێرانەبوو.

کەقەرەوڵی تفەنگ هەڵگیرا دوژمن بەسەری شۆڕەوە پاشەکشەی کرد و ئێمەیش ناچاربووین قەلاکە جێبهێڵین، بەلام گەورەترین هەڵەمان ئەوەبوو کەلەپێش دەستپێککردنی شەڕدا شوێنی یەککرتنەوەمان دیارینەکردبوو. لەبەرئەوە زۆربەمان لەیەکتری بڕبووین و بەڕێکەوت هەندێکمان یەکتریان دۆزیبووەوە. من کەئاگاداری ئەوە وپێشی بنکەکانی مامۆستا بەهادین و ئەوانی دی نەبووم (بێجگە لەیەک بنکەیان لەناو دەربەند تەکیەدا لەناوەڕاستی شاخی سپیێندا) لەبەرئەوە وێڕای ئەوبنکە نەمدەزانی رووبکەمە چ شوێنێک. ئەوشەوە مانگەشەو چوارشەوە بوو کزەشەوقێکی لەناو قۆپیەکەدا هەبوو. هێشتا من بەقەلاکەوە مابوومەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەدەم فیکەلێدانەوە دەگەڕام بۆ سۆراخی هاوڕێکانم، چاوم بەتفەنگ لەشانێک کەوت رووە و من دێت. تێمخوڕی بەدەنگیدا بەیەکێک لەهاوڕێکانی خۆم زانی، بەڵام کەگەیشتەلام سەیردەکەم عەرەبە و بەعەرەبی قسەدەکات. زۆرم بەلاوە سەیربوو کەئەم عەرەبە لەکوێوە هەڵقولا؟ تۆبڵێیت جاشبێت یان سەربازی عەرەب بێت؟ رووی تفەنگم تێکرد کەوتە پاڕانەوە و لالانەوە کەلەپێشمەرگەکانی (بەدر)ە و بڕبووە. داوای چەند ناونیشانێکم لێکرد ئەویش کەوتە ناونیشانەهەڵدان و ئاخافتنەکەی بۆنی راستی لێدەهات، بۆیە من هێواشبوومەوە و تارادەیەک بڕوام پێکرد. لەپێشدا تفەنگەکەیم لەدەستسەند و میلی تفەنگەکەم دەرهێناو لای خۆم گلمدایەوە. بەڵام دوایئەوەی کە دڵم لەئاستی پاکبووەوە نەک تەنها هەرمیلەکە، بەڵکو مەخزەنێکی پڕلەفیشەکی خۆشمدایە، چونکە ئەوتەنها یەک مەخزەنی بەسەرتفەنگەکەیەوە هەبوو و بەس.

لەگەڵ عەرەبەکەدا کەوتینەڕێ تا شەوێکی دڕەنگ، لەشوێنێکدا کەمێک لێی دووركەوتمەوە هەر بەدانیشتنەوە بەبێئەوەی ئەو بەتەواوی شوێنەکەم بزانێت سەرخەوێکم شکاند. دوایئەوە یەکمانگرتەوە و وردە وردە رووماکردە دەربەند تەکیە، کەمن وای بۆدەچووم کەهاوڕێکانم دوای شەڕی قەلا روودەکەنە ئەوێنکەیەی کەمن لەوە وپێش شارەزاییبووم.

لەناو قۆپیدا لەنزیک (کانی مۆتار) لەلاسەرووی دەربەند تەکیەوە خۆرمان لێکەوت، نەمن و نە پێشمەرگەی عەرەب خواردنمان پێنەبوو. ئەو لەمن پەرێشانتر و برسیتربوو، چونکە من 18 سەعاتبوو جگە لەئاو هیچم نەخواردبوو، وەلێ ئەو وەک سوێندی بۆ خواردم 40 کاژێری تەواوبوو دەمی لەخواردنەوە نەدابوو.

لەگەڵ خۆمدا بردم بۆجێگایەک کەپێیاندەوت (ئاوەکەی حەمینە). ئاگاداربووم کەزووتر لەوجێگەدا چادرێکی پێشمەرگە هەڵدرابوو، خواردنیش لەوناوەدا شاردرابووەوە. زۆرگەڕام تەنها یەک فەردە شەکرە وردە نەبێت هیچی دیکەم نەدۆزیەوە. قاپەشکاوێک لەوناوەدا کەوتبوو، شەکرمان تێدا توانەوە و کەوتینە شەکراو هەڵقوڕاندن، بەڵام شەکراو و شیرینی خواردنەوەکەمان لەوجۆرە شەکراوە نەبوو کەبووکی بەدوادا سواردەکرێت.

دوای بڕێک شەکراوخواردنەوە، بەبرادەرە ئیسلامیەکەم وت: من زۆرم مەبەستە سۆراخی هاوڕێکانم بکەم. لەلاسەرومان ئەشکەوتێک گوماندەبەم، بابچم بزانم لەوێ بنەیان دانەناوە؟. ئیسلامی وتی: دەستم دامێنت بەتەنها جێم مەهێڵە. خۆتدەزانی من نەشارەزام و ئەم چواردەورەش پڕ لەدوژمنە، بۆ هەرکوآ بچیت منیش دێم لەگەڵ تۆدا.

پێکەوە وردە وردە لەناو دارستانە چڕەکە کەوتینەڕێ، زۆرمانەمابوو بۆ ئەشکەوتەکە ئەوم لەبن بەردێکدا بەجێهێشت و پێم وت: برام لێرە دانیشە، من ئەگەر هاوڕێکانم لەوشوێنەدابن، دیارە پێیان ناخۆشە نەناسراوێکی وەک تۆ یەکسەر بەرمە ناویان. دەبێت بچم پرسێکیان پێبکەم. ئەگەر پێیاننناخۆشنەبوو، ئەوا خۆم دێمەوە بەشوێنتدا و دەتبەم بۆ لایان. خۆئەگەر پێشیانناخۆشبێت هەندێک ناوساجیت بۆ دێنم و خوات لەگەڵ.

کە واموت چاوم تێوەبوو دڵۆپێک فرمێسک بەسەر روومەتیا هاتەخوارەوە. دیاربوو زۆر دەترسا و خەمی ئەوەی بوو نەگەڕێمەوەلای، یا لەگەڵ خۆمدا نەیبەم. بەپەناپسکآ و بەدزە دزە خۆم گەیاندە نزیکی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەشکەوتەکە، لەدەرکی ئەشکەوتەکە وردبوومەوە سێ کەسم بەرچاوکەوت. سەیردەکەم بەعەرەبی وتووێژ دەکەن و لەکاتی ئاخاوتندا زۆر دەنگ هەڵنابڕن. لەپشتی لق وپۆپی درەختێکی چڕەوە لێیان وردبوومەوە بۆمدەرکەوت کە نەسەربازی عەرەبن و نەپێشمەرگەی کوردن، بەڵکو بەجلەکانیاندا لەپێشمەرگەی ئیسلامیەکانی بەدر دەچوون. سووکێک گەڕامەوە بۆلای کاکەی عەرەب دووربینەکەی خۆمم دایەدەستی و پێموت: بەوردی لێیان وردببەوە بزانە کەسیان ناناسیت. ئەگەر پێشمەرگەی خۆتانبوون منیش ئاگاداربکە باپێکەوە بچین بۆ لایان.

برادەرەکەم یەکێکیانی ناسیبوو. بەپەلە گەیشتە لایان خەریکی ناوساجی کردنبوون. برادەری ونبوویان بەبآ سڵاوکردن کەوتە لێستنەوەیان، بێگومان لەو منداڵە زیاتر گەشایەوە کەماوەیەک دوای گەڕان دایکی خۆی دەدۆزێتەوە.

من لەو دیمەنە ورد دەبوومەوە دڵیشم لای ناوساجی بوو، ئەمجا من و برادەرەکەم بەبێ پرسی ئەوان هەڵمانکوتایە سەر ناوساجی و دەستلەملانمان لەگەڵدا کرد.

لەوکاتەدا خواردنی پێشمەرگە تەنها ناوساجی بوو بۆیە وترابوو:

ناوساجی، ناوساجی

ئەی خواردنی ناعیلاجی

ئەوە هەشت رۆژە یا نۆیە

خواردنی من هەر تۆیە

لەهەرلا دەدەم سەرنج

نەگۆشت ماوە نەبرنج

گەر جاش نەتوانێت بمکوژێ

گەر پارچەم پیا هەڵنەپرژێ

ئەوەندە لەتۆ دەخۆم

ئاخری بەدەستی تۆ دەڕۆم

-علا و-

لەوکاتەدا بەرپرسیاری ئەوهێزەی بەدر ناوی حاجی عەلی بوو. ئەوانیش هەر لەو رۆژەدا واتە 1988/4/20 تازە لەبنکەکانی دەربەند دەرەوار پاشەکشەیان کردبوو چاوەڕێ بوون رێیەک بدۆزنەوە بەرە و ئێران ملبنێن. گەلێک هەوڵیان لەگەڵ مندادا بەڵکو ببمە چاوساغی رێیان تادەیانگەیەنمە نزیکی سنوور یان



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناو ئێران. کەوتنە گفتدان و دڵدانەوەم کەئەگەر ئەو یارمەتیەیانبدەم پاداشتێکی باشم دەدەنەوە و لەئێرانیش چیم بوێت بۆم دەکەن. بەڵام من بەهیچ جۆرێک نەچوومە ژێر ئەوداوە شکستە. یەکەم: لەبەرئەوەی منیش وەکو ئەوان شارەزای تەواوی رێ وبان نەبووم. دووەم: ئاخر چۆن بۆ من دەگونجێت هەروا بەپەلە قۆپی هاورێ و هاورێکانم بەجێبهێڵم؟ نەخشەیەکی رێ وبانیان بەدەستەوەبوو بەپێی توانای خۆم لەسەر ئەونەخشەیە رێنوێنیمکردن و بۆیەکجاری ماڵئاواییم لێکردن.

هێشتا من دوورنەکەوتبوومەوە چاوم تێیانەوەبوو بەپەلە رەزنیانبەست و فیشەکیان رانی. لەوە دەترسان من پیاوخراپبم و لەگەڵ دەست وپێوەندەکانی رژێمدا پەیوەندیم هەبێت و بەفێڵ نیردرابێتم بۆلایان. پێشمەرگەبڕبووەکەی خۆیان زۆر داکۆکی لێکردم و وتی بەهیچ جۆرێک لێیمەترسن، بەڵام من بەوکارە هیچجۆرە پەستیەک رووی تێنەکردم و پێمناخۆشنەبوو، چونکە زۆر جێی خۆیبوو کەلەرۆژێکی واترسناکدا لەنەناسراوێکی وەک من گومانبەرن چاودێری هەڵسوکەوتی بکەن.

دوایئەوە بەتاک و تەنها رووەکردە بناری شاخی(نیڵ) لەنزیک دەربەند تەکیە. هێشتا نزیکی باخەکەی مۆتاربووم، جاشەکانی عەمارەت لێیانگەشتبووە سەرملە و قەبرەکە کەئاورێژی نێوان قۆپی دیوی عەمارەت و قۆپی کانی مۆتارە. جاشێکی جل رەش بەدیکردم، خۆیدا بەزەویدا هەندێک فیشەکی بەرە ومن تەقاند، بەڵام من ئەوەم بەباشزانی کە خۆمیان لێبشارمەوە و تەقەیان لێنەکەمەوە. بێگومان بۆ یەکێکی وەک من خۆشاردنەوە لەوان ئاسانبوو. ئاخر تادوێنێ ئەوناوە و هەموو قۆپیەکە رارەو و سەیرانگەی خۆم و باو وباپیرم بووە. هەرلە منداڵیمەوە شارەزای کون و قوژبنی هەم. ئەمە تەنها چەند رۆژێکە ئەو داگیرکەرانە پێی گڵاویان ناوەتە ناوچەکەمانەوە و خەریکن داوی تێدا دەنێنەوە.

من لەم خاکە پیرۆزەدا هەڵقولاوم، جێی شانازیشە لەم خاکەدا لەناوبچم. لەسەر ئەم خاکە بەبرسێتی و رووتی لەناوبچم هێشتا لەهەڵهاتنم پێخۆشترە. ئەگەر لەسەرخاک و زەوی باو وباپیرم شەهیدببم من تاکە شەهیدێک نیم لەم سەرزەویەدا. لەپێش مندا لەسەر هەمان خاک، هەزاران رۆڵەی قارەمانی گەلی کورد گیانیان پێشکەشکردووە بەخاکەکەیان و بەخوێنیان گوڵاڵەسوورەی کوردستانیان سوورتر کردووە.

ئەگەر لەسەر ئەم خاکە و لەم رۆژەدا شەهیدبم بەهەڵەی نازانم و شەهید هیچکاتێک بەرپرسیارنیە لەو هەڵانەی بەرپرسانی (بزاڤە نیشتمانیەکان و حزبەکانی کوردستان دەیکەن).

ئەگەر لەمەوبەر شۆڕشەکانی نەتەوەی کورد و گەلی عێراق شکستیان هێنابێت و تووشی نسکۆ و نوشوست بووبێتن ئەوە بەهۆی هەڵەی شەهیدەوە روونەداوە.. ئەگەر چەنکەسێکی بەناو کادر، بەڵام بوودەڵە و لێنەهاتوو لەسەرکردایەتی و پلەی بەرزی هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا جێیان بووبێتەوە، یان چەند دەستێکی ناپاک و چەند رووپەکی گومانلێکراو خۆیان گەیاندبێتە ناو ریزەکانی پێشمەرگە، ئەوەش هیچ ناوێکی شەهیدی پێنازرێت.

شەهید بەرپرسیارنیە لەو هەڵانەی هێزەکانی بەرهەڵستکار تووشیدەبن، بەڵام بەهەڵەکانیاندا ناچنەوە و سوودی لێوەرناگرن. شەهید خۆی دوورگرتووە لەخۆشاردنەوە و هەڵهاتن و پشت بەهەندەران و بیانی بەستن



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

و پشت تێکردن و ڕوو وەرگەڕان لەهێز و توانای لەبن نەهاتووی جەماوەری ڕەشوڕووت و چەوساوە لەوڵاتەکەماندا.

شەهید بەرپرس نیە لەزۆربوونی ژمارەی جاش و دەستوپێوەندی ڕژێمی عەفلەقی کەئەوەش بەهۆی چەند هەڵەیەکی سەرانی ئۆپۆزسیۆنەوە ڕوویداوە. شەهید بەشدارنیە لەپێکدادان و شەڕی براکوژیدا و ئەگەر لەوڕێیەدا گیانیشی لەدەستدابێت، ئەوە هەڵەی ئەو نیە و لەپلەی شەهیدبوونی کەمناکاتەوە.

شەهید بەرپرسیارنیە لەدانەمەزراندن و دواخستنی (بەرەیەکی ڕێکوپێک) لەنێوان هێزەکاندا بەبآ جیاوازی، لەسەر بنچینەی برایەتی و یەکسانی و دۆستایەتی ڕاستەقینەی نێوانیان. ئەگەر هێزە نیشتمانیەکانی دژ بەرژێم لەو ڕووەوە کەمتەرخەمیان کردبێت، ئەوە هیچ پەیوەندیەکی بەشەهیدەوە نیە.

شەهید بەرپرسیارنیە لەو کۆسپ و گرفتانەی دێنە ڕێی خەباتی گەلەکەمان و هێزە نیشتمانیەکان، بەڵکو سەرکردایەتی ئەوهێزانە لەوبوارەدا بەرپرسیارن. ئەوان واتە سەرکردەکان پەی بەوکۆسپانە نابەن، یان هەنگاو نانێن بۆ لابردنی ئەو کۆسپانە. ئەوانن کە لەلێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی باری چینایەتی و رامیاری و کۆمەڵایەتی و جوگرافی کوردستان و عێراقدا هەڵەدەکەن، نەک شەهید. ئەوسەرکردایەتیانەن کە بەگوێرەی بنەڕەتە زانستیەکان و بەپێی کات و شوێن کارناکەن.

هەروەها ئەگەر وڵاتە زلهێزە بەناو مرۆپەروەرەکانی جیهان نەخشە بکێشن بۆ پشتگیری و کۆمەککردنی ڕژێمە بەدڕەفتارەکانی عەرەب، ئەوە هیچ دەسەڵاتێکی شەهیدی تیانیە.

شەهیدەکانمان لەوجۆرە بۆچوون و هەڵانەدا، لەپێشنەکەوتن و بۆ دواوە گەڕانەوەدا بەرپرسیار نین و بەوە لەپلەی جوامێری و لێهاتوویان کەمنابێتەوە.

شەهیدەکانمان هەمیشە سەربازێکی ون و نیشانەی شانازی و خۆنەویستنن. ئەوان تەنها گیانیان سەرمایەیانە و بەنرخترین سەرمایەیان بەختکردوە بەگەلەکەیان. بەبێ ترس بەسەر هەزار کۆسپدا بازیانداوە و پەڕیونەتەوە، بەبآ دردۆنگی و گیانلەسەرلەپ ملیاننناوە تا شەهیدبوون. ئەو شەهیدانە دەستگیرانیان خاکەکەیانە و ڕوویان تێکردوە و دەڵێن:

بەسەر غەیری تە سەودائی نەدیرەم

بەدڵ جوزتە تەمەننائی نەدیرەم

خودا دونە کە دەربازاری عەشقت

بەجوز تە هیچ کالائی نەدیرەم

- بابا تاهیری هەمەدانی-



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

شەهید شەیدا و هۆگری نیشتمانەکەی خۆیەتی. حەمزاتۆف وتویەتی: (بەبێ نیشتمانەکەم سەرانسەری جیهان بۆمن سینەی بێدڵ و دەمی بێ زمان و چاوی بێ بیلبیلە و هێلانەی بێ بەچکەیە).

شەهیدەکانیشمان هەر ئەو رایەیان هەبووە و راستیەکەی منیش بەتەنگ ئەوەوە نەدەهاتم لەناوقۆپیدا، لەنزیکی تەکیەدا، لەپاڵ دار و درەختە باڵا بەرزەکانی ئاشنامدا بکوژرێم. ئەوەم زۆر پێخۆشتر بوو لەسەرشۆڕکردن بۆ دڕندەکانی رژێم.. دەسا ئەی چەکدارە بێئابڕووەکانی سەربە رژێمی خوێنڕێژی عەفلەقی، چیتان لەدەستدێت بەرامبەر بەمن درێغی مەکەن..

خەنجەرتان سواری هەسانکەن

نووکی رمەکانتان تیژکەن

سەراپای لەشم بکەنە کێڵگەی برین

من راهاتووم

ئەگەر برسیم ئەگەر تینووم

جێی ناهێڵم خاکەکەی خۆم.

ئەی خاکەکەم دڵنیابە

تامردن من دەروێشی تۆم

ئەی باخە رازاوەکەم

ئەی دەشتە بەربڵاوەکەم

لاپاڵ و لوتکە بەرزەکان

ئەی جەنگەڵ و ئەی رەزەکان

ئەی گۆڕستانی باو وباپیر

من ببەخشن مەبن دڵگیر

منیش خۆرم لێگیراوە

بەداو چواردەورم تەنراوە

بەری جاشم بۆناگیرێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

چەکمە لەپێ و حوشترسوارم

لەمناوە بۆ دەرناکرێ

مەگەر هەرئەوەندەم لەدەستبێت

بمرم بەکۆڵێ ئێشەوە

ئەگەر دەستم بڕۆشتایە

گەر مەچەکم بچەرخایە

نەمدەهیشت ئەو نامەردانە

هەنگاوێ بێنە پێشەوە

نەمدەهێشت ئەم خاکە پاکە

پیسبێت بەپێی گلاویان

بەخەنجەر ورد وهانمەکرد

سەرو مل و کلاویان

ئەی سەرزەمینی باو وباپیر

نەکەن لەمن ببن دڵگیر

- علا و -

من ناڵێم لەو رۆژانەدا ئاواتەخوازی مردنبووم. هیچکاتێک مردن خۆشنیە، بەڵکو ئومێدم بەژیان زۆربوو. دەمویست بژیم بەڵکو رۆژێک ببینم نەتەوەکەم رزگاری بووبێت. نەمدەویست ئاواتەکانم ببەمە ژێر گڵ. بەڵام لەهەمانکاتدا زۆرم پێخۆشبوو بکوژرێم و سەرشۆڕ نەبم. پێمخۆشبوو بۆم رێبکەوێت لەپێش مردنی خۆمدا چەند خوێڕییەک لە بەکرێگیراوەکان و ژەندرمەکانی رژێم بەرە و دۆزەخ رەوانەبکەم.

لەو ماوەدا لەیەکەم پەڕەی دەفتەرەکەی بەرباخەڵمدا ناونیشانی تەواوی خۆم نووسی بەئومێدی ئەوەی ئەگەر کوژرام بناسرێمەوە و لاشەکەم دەست کەسوکارم بکەوێتەوە.

نایشارمەوە لەو رۆژە سەختانەدا کەبەتەنها بووم هیچ ترسێکم لەمار و دوپشک و دڕک و داڵ نەبوو. مارم بەدوژمن نەدەزانی چونکە دوژمنەکەم لەمار پیستر بوو. دڕکیش لەژێر پێمدا وەک لۆکە نەرم و نیانبوو.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ترسی تەپلە سوورەکانی عەفلەقی و چەکدارە چڵکاوخۆرەکانی عەفلەقیەکان زاڵبوو بەسەر هەموو ترسێکی دیدا.

ئاخر ئەوماوەیە من تەنها بووم تەنها. وەک قازێک وابووم لەدەشتێکدا بەتەنها بەردرابێت و هەموو چواردەوری چەقەڵ و رێوی بێت.

لەناو قۆپیدا روویەک نەمابوو دڵمی پێبکرێتەوە و بوێرم بەسەربەستی لێی وردبیمەوە. هەموو قۆپییەکە بەسەر و گوێلاکی دوژمنی دزێو و رووی رەش تەنرابوو. لەهەموو لایەکەوە گوێم پڕبووبوو لەدەنگی ناساز و سەرەی دڕندەکانی سەربە رژێم.

لەو رۆژانەدا، بەتایبەتی لەو شەوەدا دڵم بەخوێندن و ئاوازی باڵندە خۆشخوانەکان دەکرایەوە. هەموو باڵندەیەکیشم بەلاوە خۆشخوان و ئێسک سووک و قەشەنگ بوو. تەنانەت بەچاوپێکەوتنی بایەقوشیش دڵم دەکرایەوە. ئەگەر پۆلێک باڵندەم بەئاسمانەوە بەدی بکردایە وەهام پێخۆشبوو بێن لەنزیکی منەوە بنیشنەوە، یان بەنزمی بەسەر مندا بفڕن و شەقەی باڵیانبێت. تەنها ئەو پەلەوەرانە مابوون کەوەک گیانلەبەرێکی دۆست و بآ زیان لێیان وردبیمەوە. لەوە وپێش لەگەڵ هەندێکیاندا ئاشنابووم. هەندێکیان هەتا دڕندەکانی رژێم لانەیان لێتێکنەدابوون، دەستەمۆ بوون و لەبن میچ و پاساری خانوەکانماندا هێلانەیان بۆخۆیان و بێچوەکانیان دروستکردبوو.

لەناو باڵندەکانی قۆپیدا باڵندەیەکی ئێسک سووک و بچووکی تێدابوو کەئاواز و خوێندنی لەئاوازی بولبول دەچوو. بەدەنگی ئەو باڵندەیە زۆر دڵم دەکرایەوە.

منیش ئەی بولبولی شەیدا وەکوتۆم

وەها دوورم لەهێلانە و گوڵی خۆم.

منیش وەک تۆ لەکیسم چوو گوڵی سوور

منیش هێلانەکەم لێکراوە خاپوور

منیش بابردەڵەی بەرگێژەلووکەم

دەمێک لەم قوڵگە تاوێک لەو چلووکەم

لەئامێزی گەرم بێبەشکراوم

وەکو تۆ تووشی رۆژی رەشکراوم

ژیانم پڕ لەڕەنج و دەرد و داخە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەوا گیرسامەوە لە و کێو و شاخە

کەسێ ناپرسێ، نازانێ چۆنم

لەیادچوومەوە چیرۆکی کۆنم

ـ مامۆستا هێمن ـ

دوژمنانی نەتەوەکەمان ئەو قۆپیەخۆشە، ئەو بەهەشتەیان لێکردبووم بەبیانێکی وشکی پڕ لەمەترسی. نەمدەتوانی بین بنێم بەبەفراوی چەماو و کانیاوە سازگارەکانیانەوە. ئەو هەموو گوڵ و گیا بۆنخۆشەی ناو قۆپی لەلای من بۆنیان نەمابوو. دیمەنی رازاوەیان ژاکابوو. خۆفرۆش و چەکمە لەپێکانی دۆزەخی لێڵاییان هێنابوو بەسەر چاومدا. کەنێرە و ڕێحانەی کێویلەی لاپاڵ و دەشتی رازاوە، هەموو خۆیان لەبەرچاوم ونکردبوو. لەناو بەهەشتی قۆپیدا بۆ تواّ بەردێکی ناقۆڵا و کلۆر دەگەڕام کە دووربێت لەچاوی چاو داقلێشاوەکانی رژێم و بۆ سەنگەر دەستبدات لەکاتی پێویستدا.

ئەو بەدڕەفتارانە دەیانویست بەرگی بووکێنی بەهاری قۆپی دابماڵن. دەیانویست درەختە سەرکەشەکانی قۆپی بکەن نەوی، چۆکیان پیا دابدەنە سەر تەختی زەوی. دەیانەویست لێوی پاراو و پڕ لەشەکری دەوەن و وردە درەختەکانی وشکبکەن. گەڵا واڵاکان بژاکێنن. تەڕایی و جوانی لەلێوی هەموو شیناییەکی ناوقۆپی ببڕن.

وەک سەگ چۆن بەهەر دیوارێک بگات، پیادا هەڵدەمیزێت، ئەوانیش تووشی هەرچی بیوونایە، بەمەرجێک ئاگری بگرتایە ئاگریان لەدڵ و دەروونی بەردەدا، تەنانەت پێیانخۆشبوو وردەبەرد و گابەردەکانی ناو قۆپیش بسووتێنن.

هەوڵێکی زۆریاندا قۆپیش وەک پێدەشت و گوندەکان رەشپۆش و جگەر هەڵقرچاو و پرسەدار بکەن، بەڵام بەکوێرایی چاوی دوژمن هەتا دەهات ناو قۆپی جوانتر و رازاوەتر دەبوو. ئەگەر تۆزێکیان لەدامێنی کەل و پەلە بووکێنیەکەی بسووتاندایە، هەرخۆی بەپەلە و بەدەم نەخش و نیگارەوە پینەی دەکردەوە و لەوسا دڵگیرتر و بریقەدارتر دەبوو.

قۆپی قەرەداخ وەک سەعدی شیرازی دەڵێت:

باخێکە جۆگە و رووباری رەوان و سازگار.

درەختێکە ئاوازی پەلەوەری شیرین و کێشدار (6)

قۆپی نموونەی خاکی کوردستانە

سروشتێکی پڕ لەشادی، رایەخێکی نەرم و نیانە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

یەکێک بەچاو نەیدیبێت نازانێت چەندە جوانە

دەبوا سەیرانگە و هاوینەهەوار بوایە

ژوانگەی فریشتە و دڵدار بوایە

تیمارخانەی دڵشکست و فریشتە و بیمار بوایە

کانگای سامانی لادێ و شار بوایە.

تاوانە ئەو تەپلە سوورە رەشتاڵانەی تێدا بگەڕێن

جێی داخە ئەو چەکدارە کوردە سەر بەفاشیستانە

لەو پاکژەدا بلەوەڕێن.

ئەگەر بوێژی کورد شێخ سەلامی عازەبانی ئێستا زیندوو بوایە، وەک (ملەکەوە) قۆپیشی بلاواندایەتەوە بێگومان زۆر سەرکەوتوو دەبوو.

ئەگەر مامۆستا گۆران بەشان و باهۆی قۆپیدا هەڵیبدایە، گوێگرێکی زۆری دەبوو.

ئەوەتا بیلالی حەبەشی(7) دوای کۆچکردنی لەبەرد و شاخە سوتاوەرەشهەڵگەڕاوەکانی شاری مەککە و دەور وپشتی، خولیای گەڕانەوەی بۆسەر ئەو زەویە وشکوبرنگە، هانیداوە بۆ پێداهەڵدان و هۆنراوە وتن و سۆز دەربڕین بۆی. ئەی ئێمەی ئاوارە و دەرکراو، ئێمەی نامۆ و دڵسوتا و، ئێمەی لەجوانترین بووکی سەرزەمین دابڕاو، چۆندەبێت بۆ پەلکەزێڕینەی کورد، قۆپی نازدار و نازەنین، لافاوێک هەڵنەسێنین بەفرمێسکی خوێنین؟.

دیارە لەپاشئەوەی ئەو نامەردانە پێی پیسیان بخەنەناو قۆپیەکانمانەوە ئێمە نرخی قۆپیمان نەزانیوە. ئێستا قۆپیم وەک هونەرمەند و بوێژەکانی کورد دێتەبەرچاو کەلەدوای کۆچی دواییان ئەمجا دەکەونە پیاهەڵدان و ڕێزلێگرتنیان.

لەو رۆژە سەختانەی ناوقۆپیدا ئاواتەخواز بووم کەئەگەر رۆژێک لەڕۆژان، وەک جاری جاران بتوانم بەئازادی دەم بنێمەناو کانیاوە سازگارەکانیەوە، بتوانم لەدەم ملە و لەتەنیشت گوڵە دڵگیرەکانیەوە بنەو بارگەم بخەم، مەرج بێت بەتەختی شا و سامانی هەموو جیهانی نەگۆڕمەوە.

سەر لەئێوارەی 1988/4/20

لەو رۆژەدا لەبناری شاخی نیڵ لەنزیک دەربەند تەکیە خۆم شاردبووەوە، بانگە بانگی جاشەکان لەیەکتر لەئاوی (کانی بیەکە) دەنگی دەدایەوە. کەمێک هەڵزنام بەشاخەکەدا بەدووربین کەوتمە چاودێری جاشەکان کە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

پتر لەسەد جاش لەسەرئەو ئاوە خڕبووبوون. ئەو کەلوپەلی ژنانە و نوێن و پێخەفی دانیشتوانی گوندی تەکیە کە لەوناوەدا بەجێمابوون، سەیرم کرد جاشەکان لەوناوەدا بڵاوەیان پێکردوە و کەوتوونەتە جیاکردنەوەی شتە نایابەکان بۆئەوەی کۆڵە پشتیان لێپڕکەن.

لەولاشەوە ئاگر لەخانوەکانی دەور وپشتی کانیەکە بەردرابوو، چڕە دوکەڵیان دەچو بەئاسماندا و گەلێکجار دووکەڵ سەر و گوێلاکی جاشەکانی لەبەرچاوم وندەکرد.

هەندێک لەو شڕەخۆرانە بە پێلەقە کۆڵەکانیان دەئاخنی و دەیانویست کۆڵی باش و قورس هەڵبگرن. دیاربوو لەناوخۆشیاندا هەندێکجار لەسەر شتی نایاب و خراپ دەمەقاڵەیان دەبوو. کۆڵە پشتیان دابەکۆڵیاندا و بەرە و مۆڵگەکانیان لە نەرمی دۆڵ و بەردەمی کانی رێزە بەڕێز و یەکبەدوایەکدا کەوتنەڕێ.گونیەی سەرکۆڵیان نوێ و بریقەدار بوو.

من بەدووربین هەنگاو بەهەنگاو چاودێریم دەکردن تابزانم شەو لەکوێ مۆڵ دەخۆن. بەمەزەندەی من هەرهەموویان کانی بیەکەیان چۆڵکرد و ملیانشکاند بەرە و بناری حەرەم و بەردەم قازانەڕێ رۆشتن، بۆیە دوایئەوە منیش وردە وردە کەوتمەڕێ بەرە و (کانی بیەکە) بەڵکو بتوانم کەمێک ئارد کە لەوناوەدا بوو بشارمەوە بۆکاتی پێویست. کە لەکانیەکە نزیکبوومەوە زۆر لەسەرخۆ و بێئەوەی خشەی پێمبێت رێم دەکوتا. هەرچۆنبوو خۆم گەیاندە پشتی خانوە سووتاوەکان. لە پشتی چڕە دوکەڵی خانوویەکیانەوە وردبوومەوە، لێرەدا ئەوەی من چاوەڕێم نەدەکرد کەوتە بەرچاوم. بینیم سەربازێکی مەغاویر سینیەکی پڕ لەچێشت و گۆشتی بەدەستەوەیە بەرێوەیە بیهێنێت بۆ بەردەمی ئەو خانوەی کەمن لە پشتیەوە بووم. بەڵام بۆئەوەی لەنگەری سینیە چێشتەکەی تێکنەچێت و نەڕژێت، سەری داخستبوو بەسەر سینیەکەدا و سەری هەڵنەدەبڕی بۆیە ئاگای لەمن نەبوو. جگەلەوەش دووکەڵی خەستی خانوە سووتاوەکە یارمەتی منیدا بۆئەوەی نەبیندرێم. هەرچەندە هێشتا دوو دڵبووم کەئایا ئەو سەربازە هەستی پێکردووم یان نە ؟ کەمێک بەرەو دواوە کشامەوە و دەستم لەسەر پەلە پیتکەی تفەنگەکەم دانابوو تائەگەر پێیان زانیبێتم بتوانم داکۆکی لەخۆم بکەم. پاش تۆزێک کەدڵنیابووم لەوەی کەهەستیان پێنەکردووم، بێخشپە و لەسەرخۆ لەوناوە دوورکەوتمەوە. شەو لەئەشکەوتێک لە پشتیانەوە خەوتم. رۆژبوەوە بەدووربین لێیان وردبوومەوە بینیم هەر لەوجێگەدا نزیکەی دوانزە مەغاویر بۆ نانخواردن خڕبوون. بەبێدەنگ و بێئەوەی ورتەیەکیان لێوەبێت تیکە دەگلێنن. بۆمدەرکەوت کەئەو شەوە لەوناوەدا خۆیان شاردبوەوە و لەترسدا دەنگە دەنگیان نەدەکرد.

منیش لەوشوێنەی خۆمەوە بەباشی دەمتوانی ریزێک فیشەکی کلاشینکۆف بکەم بەناو کۆمەڵەکەیاندا و لێشیان بتۆپێنم، بەڵام دەردی لەوە گەورەترم هەبوو کە رێملێبگرێت و نەتوانم بەوکارە هەڵبسم. خواردنم لێ بڕابوو. تەنها سێ دانە ناوساجی ئیسلامیەکانی بەدرم پێمابوو. دەمەویست بڕێک ئارد بدۆزمەوە و شەودابێت لەپەنا بەردێکدا هەندێک هەویر ببرژێنم. وێڕای ئەوەش دەمەویست ئالوگۆڕ بەجێگای ئەو خواردەمەنی و تەقەمەنیە بکەم کەلەوە وپێش لەوناوەدا خۆم شاردبوومەوە. خۆ خەمی هاوڕێکانیشم سەرباربوو، نەمدەزانی لەکوێن، ئایا دوورن یانزیک؟.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەدرێژایی تەمەنی ئێمە و باو وباپیرمان ئەوە یەکەمجاربوو مەغاویر بگەنەسەر ئەو کانیە. ئەوەش دیارە دلێری و کارایی خۆیان نەبوو، بەڵکو چەکداری کوردی خۆفرۆش پەلی راکێشابوون لەسەر ئەو ئاوەخۆشە سفرەی بۆ رازاندبوونەوە. ئەگەر ئاوا رۆژەکەی رەش نەدەبوو بەیەک تەقە کونەمشکیان لێدەبوو بەقەیسەری، بەڵام مخابن سەد مخابن، لەکوردستاندا رۆژبوە بەرۆژی گورگی درِندە، چەرخ بەدڵی کونەپەپوو هەڵدەسوورێت و تەم و مژ هەموو لایەکی داپۆشیوە.

**لەئەنفالدا هەمیشە جاش چاوساغبوو**

بێگومان لەرۆژانی ئەنفالدا خۆفرۆشە کوردەکان بوون بەپواز بۆ وردکردن و شکاندنی درەختی ژیانی میللەتەکەی خۆیان. بوون بەبەنزین بۆ سووتاندنی خانووبەرە و خەرمان و بەرهەمی نیشتمانەکەیان. بوون بەچقڵی چاوی منداڵی ناوبێشکە و پیرێژنی بێکەسو داماو. بوون بەداردەستی درِندەترین رژێم لەجیهانی ئەمرۆدا.

قەڵای میران بەدەست ناکەس دەنەخشێ

کەدار هۆرەی لەخۆی بێ زوو دەقڵشێ

ئەگەر زێرِ و دراو دەوری نەبووبا

بلووری ژین دەبوو غەوری نەبووبا

ئەگەر پارە نەبووبا بیر وبرِوا

دەبوو زاڵم لەکوێوە دەستی برِوا؟

ئەگەر خوێرِی نەکا میللەت فرۆشی

لەخۆی نابینێ زاڵم لێرە خۆشی

بەمن ئەوهێرش و زەبر و زوڵم و زۆرە

بەشی زۆری گوناهی مفتەخۆرە

**مامۆستا هێمن**

رۆژی 1988/4/23



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەتەنها لەشاخی دەربەند تەکیە (شاخی سپێین) بەدووربین لە پلەنەگریسی ڕێگای نێو دەربەندەکە بەشاخی نیلەوە ورد دەبوومەوە. نزیکەی شانزە سەربازی هاوەن بەکۆڵم بەدیکرد کە ڕێگایان لێتێکچووبوو، تاوێک بۆ سەرەوە دەڕۆشتن و تاوێک بۆ خوارەوە ڕێگایان بۆ نەدەدۆزراوەیەوە. هەر لەخۆرکەوتنەوە تا دوابنیوەڕۆی ئەوڕۆژە دەگەڕان، وەلآ بێسوود بوو. ئەمەندە ماندو بووبوون کە وچانیان دەگرت دەستی یەکتریان دەگرت بۆ ڕاستبوونەوە و هەستانەسەرپێ.

بەوجۆرە مانەوە هەتا هێلیکۆپتەرێک لەسەر شێربانەوە کەگردێکە لەپشتی گوندی تەکیە، چوو بەئاسماندا و ڕوویکردە قازانە ڕێ کە لەسەرشاخی نێوان قۆپی و گوندی بانیمۆردە. زۆری نەبرد فڕۆکە گەڕایەوە بۆ سەرشێربان و نیشتەوە. دوایئەوە لەماوەی کەمتر لەکاتژمێرێک سآ جاشی جل ڕەش کەئاشکرا بوو فڕۆکەکە لەقازانە ڕێوە هێنابوونی گەیشتنە لای هاوەن بەکۆڵەکان و کەوتنە پەل ڕاکێشانیان بەڕێگایەکی ئاساندا لەناو دەربەندەکە کە بەو ڕێگایە دەڵێن (بزنەڕێ) هێدی هێدی بەرەوخواریان کردنەوە بۆ ناو دەربەند. هەرچۆنبوو لەئێوارەدا گەشتنە سەر سەرچاوەی پڕۆژەی ئاوی گوندی تەکیە کەبە گۆمی (ورچەکە) ناسراوە. ئەو ڕێگا کورتەیان بەماوەیەکی زۆر بڕی. جاشەکان وەک لەوە وپێش دانیشتووی گوندی تەکیە بووبێتن زۆر شارەزای ڕێ وبان بوون.

ئەو شەوە لەسەر ئەو کانیە مانەوە، بەلآم ترسی پێشمەرگەیان لێنیشتبوو. بۆیە تابەیانی نەخەوتن، بەڕاست و چەپدا کوێرانە تەقەی شەست تیر و گوللە هاوەنیان دەهات. بەیانی زوو دیسان جاشەکان کەوتبوونە پێشیان بەرە و (کانی بیەکە)، لەو تۆزە ڕێگەدا پتر لە 10 گوللە RBG یانتەقاند. لەدەم هەرکونێکدا دەسترازەی بێشکەی منداڵێک، دۆشەکەڵەی ڕەنگا و ڕەنگ، قاپ و قاچاغێکی بریقەداریان ببینایە، وایاندەزانی دە پێشمەرگەیان لەپشتەوەیە، دەیاندایە بەر تەقە و دەسترێژ، وەک ئەوەی لەگەڵ (ئیسرائیل)دا بجەنگن.

لەشوێنێکی بەرزدا دوو قتوو شیریان بەدی کردبوو، کەمن لەوە وپێش ئاگاداربووم کە شیر لەوشوێنەدا هەیە، ئەویشیان دایەبەر تەقەی RBG تا نەیانخستنە خوارەوە وازیان نەهێنا. ئەوانە واتا ئەو کوڕە ئازایانەی ڕژێم!! بۆ دوو شت زۆر بەپەرۆشبوون: 1- پارە و خشڵی ژنانە. 2- زانیاری پەیداکردن دەربارەی ناوی پێشمەرگە. کەئەمەشیان هەر بۆ پارەبوو، چونکە دەیانەویست لەو ڕێیەوە ئاغاکانیان خەلآتیان بکەن. ئەو (کەلوپەلە کوژانە!) لەسەرکەوتنی شاخدا زۆر کوونی و بوودەڵە بوون. لەهەموو پلەیەکدا جاشەکان کۆڵەکانیان لێ وەردەگرتن و پەلیان رادەکێشان. جاش بۆیان بوو بوو بەپرد بۆ سەرخستنیان لەشوێنە سەختەکاندا. بەوجۆرە وردە وردە وەک پآ بەهێلکەدا بنێن، ڕۆشتن تاگەشتنە کانی بیەکە. لێرەدا وچانێکیان گرت و سەرخەوێکیان شکاند. ئەمجا لەخەو ڕابوون وەک شتێکی گرنگیان لێونبووبێت کەوتنە پشکنینی دەور وپشتی خۆیان. دەتوت بۆ کانی ئاڵتوون دەگەڕێن، کون نەبوو دوو سێ جار سەری پێدا نەکەن، بەرد نەبوو هەڵێنەدەنەوە.. چ کەلوپەلی ژنانە و پیاوانە هەبوو، چ ئازووخە و ڕاخەر و نوێن لەوناوەدا هەبوو، هەرهەموویاندا بەکۆڵیاندا بردیان بۆ دارمۆڵگەکەیان لەنزیکی کانیەکە، زەخیرە و نوێن بۆ سەرباز و شڕەخۆریش بۆ جاش.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دیاره پاشماوەی کوردی راونراو و دەربەدەر بۆ ئەوانە رەوایە. کورد بەسەر و ماڵیەوە هی رژێمە و لەژێر دەستی رژێمدایە.

هەرچۆنبێت ئەوەندەیان شتومەک کۆکردەوە لەهیچیان کەمنەبوو، جگە لەگۆشت. بۆ تەگبیری گۆشتیش هەموو رۆژێک دووکەس لەسەر شێربانەوە کە سەربازگە بوو، گۆشتی بۆ دەگەیاندنە ناو دەربەندەکە و ئەمجا دەستبەدەست دەیانگەیاندە سەر کانیەکە. ئەو دووانە کورد بوون و بەکوردی ئاخاوتنیان دەکرد. نازانم جاش بوون یان سەرباز، چونکە ئەم دوو گرۆهە(جاش و سەرباز) هەردوکیان جلی یەکتریان لەبەر دەکرد و بۆمەبەستێک جلەکانیان ئاڵوگۆڕ دەکرد. بۆ گۆشت هێنان تەنها هەرئەو دووانە دەیانوێرا بەئاسانی لە پلەنەگریسەوە بێنە خوارەوە بۆ ناودەربەند. ئیدی سەربازەکان زنۆقیان چووبوو بەهیچ کلۆجێک نەیاندەوێرا رووبکەنە ئەوشوێنە سەختانە.

بەوجۆرە چەکدارە کوردەکانی رژێم زەمینەیان سازکرد تا کانی بیەکەیان کرد بەمۆڵگەی سەربازی بەد رەفتاری عەرەب. کەئەگەر لەوە وپێش بەخەویش ئەو شوێنە سەختانەیان ببینایە لەخەو رادەچڵەکین و خەو لەچاویان دەتارا. تەنانەت لەخەڵکی خودی گوندی تەکێش هەندآ کەس هەن تائێستا نەیانوێراوە بەو رێگەدا هاتوچۆ بکەن.

ئەو چەکدارانەی رژێم وەک توولە لەهەموو شوێنێکدا بۆنیاندەکرد و شتومەکی شاردراوەیان دەدۆزیەوە.

من و سەربەستی کوڕم چەند رۆژێک لەپێش رووداوی ئەوهێرشەدا، بەکۆڵ هەتا ناوەڕاستی چیای سپێین لەژێر ئەشکەوتێکدا نزیکەی هەزار کتێبی بەنرخمان شاردبۆوە، کە زۆر بەمەینەتی ئەو کتێبانەمان پەیدا کردبوو. مشکە ددان تیژەکانی سەربە رژێم، لەوانەی کەشاخەوان و شارەزان کتێبەکانیان دۆزیبووەوە، هەر پەڕاوێک بەزمانی فارسی بوو، لەوناوەدا فڕێیاندابوو کە هەموو قوڕایی بوون. هەرپەڕاویکیش بەکوردی یان عەرەبی نوسرابوو، بردبوویان وەک کۆیلە لەبازاڕی سلێمانیدا تالآنفرۆشیان کردبوو کە بەهۆی هەندێک کەسەوە چەند کتێبێکم سۆراخکرد و کڕیمەوە.

ئەو چەکدارە کوردانە دەستنێژی رژێم بوون و رژێمی ناودەم پیس تفی کردبوە ناو دەمی ئەوانەوە. لەسەر شڕەخۆری و دزی و کاری ناڕەوا پەروەردەیکردبوون. هەرئەو جاشانەشبوون بەهۆی ئەو کارەساتە قورسە لەکوردستاندا زامێکی وەها قووڵیان کردە ناوجەستەی نەتەوەی کورد کەگەیشتۆتەسەر ئێسک.

### ئەمجارەیان هاوڕێکانم دۆزیەوە

ماوەی نۆ رۆژ بەپەرۆشەوە دەگەڕام بۆ دۆزینەوەی هاوڕێکانم. هەروەها ئەوانیش گەلێک ماندو بووبوون لەگەڕاندا بۆ دۆزینەوەی من.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەراستیدا من گەلێک تاڵیم چەشت بۆ دۆزینەوەیان. هەرچەندم دەکرد ڕێم بەوشوێنە نەدەبرد کە بۆ بنکەی نهێنی هەڵیانبژاردبوو. من شارەزای بنکەکانی ئەوە و پێشیان نەبووم بێجگەلە یەک بنکەیان. بڕوام وانەبوو کە ئەوەندە لەنزیکی دوژمنەوە بارگە و بنەیان خستبێت. بەڵام دیاربوو بۆ چاوبەست و ڕێ گومکردن لەدوژمن ئەوشوێنە نزیکەیان هەڵبژاردبوو.

لەکاتی گەڕان بەدوایاندا چەندجار خەریکبوو بکەومەناو بۆسەی دوژمنەوە کەخۆشم نازانم چۆن دەربازدەبووم. ڕۆژێکیان ئەگەر لەناو درەختە چڕەکانی قۆپییەوە چاوم بەلوولەی تفەنگی سەربازێک نەکەوتایە، ئەوەندە لەبۆسەکەیان نزیکبوو بوومەوە بەردە دەستیشم پێدەگەیشت. شەوێک تانیوەشەو گەڕام بەشوێنیاندا، دواجار بنکەیەکی کۆنیانم کەوتەوە یاد کەئەو تەنها بنکەبوو لەوە وپێش شارەزای بووم.

ئەو شەوە زۆر تاریک و نوتەکبوو، بارانیش وردە وردە دەباری. بەهۆی تاریکیەوە نزیکی بنکەکە ببوومەوە، بەڵام تەواو ڕێم پێنەدەبرد، هەتا خوای من و تۆ کردی دوژمن بەنیازی چەپەڵی خۆی فیشەکی ڕۆشنکردنەوەی لەسەر شێربانەوە بەئاسماندا تەقاند. بەڵام ئەو ڕۆشناییە بۆ من بووبە مایەی خۆشی. لەسایەی ئەو فیشەکەوە بنکە کۆنەکەم دۆزیەوە کە پێخەفی باش و بڕێکیش خواردەمەنی تیادابوو. ئەوشەوە بۆیەکەمجار بوو کە لەوماوەدا لەتوێی نوێنی گەرم وگوڕدا و بەتێر و پڕی بخەوم. خۆ کەکاتێک خۆر گزنگیدا لەوە خۆشترم بینی. بینیم کە دووکەس لەهاوڕێکانم کەیەکێکیان نەورۆزی کوڕم بوو، شەوی پێشووتر هاتوونەتە ئەم بنکە و ناونیشانی تەواوی بنەکەکەی خۆیانیان لەسەر ڕووی پارچەیەک تاوێر بۆمن نووسیبوو. کەخوێندمەوە تەزوویەکی خۆش لەبنی پێمەوە هات و لەتەوقی سەرمەوە دەرچوو. ئۆخەی ئیدی لەتەنهایی ڕزگارمدەبێت و هاوڕێکانم دەدۆزمەوە و لەمەولا بەقۆناغێکی نوێدا تێدەپەڕم. بەپەلە نوسراوی سەرتاوێرەکەم سڕیەوە، نەوەک دوژمن بگەنە ئەوشوێنە و لەو نوسراوە سوود وەربگرن بۆ دۆزینەوەی بنکەی هاوڕێکانم.

خۆشم نازانم ئەو ڕۆژەم چۆن لێتێپەڕی. شەو بەتێر و پڕی لەتوێی نوێنی گەرم وگوڕدا خەوتبووم و ئێستاش کە ڕۆژ بۆتەوە، چاوەڕێم تاریکاییدابێت خۆم بگەیەنمە هەوارێکی نوێ، کەدەمێکە پەرێشانم بۆ دۆزینەوەی. ئەوشەوە کەوتمە ڕێ و بەیانی لەگەڵ دەرکەوتنی تیشکی خۆردا سێ هاوڕێم لەهاوڕێکانم بەسەر لوتکەی شاخی نیلەوە لەدەربەند هازەجاڕ دۆزیەوە کەبەخێرایی تیشکی خۆر پەلامارمدان و کەوتمە لیستنەوە و ماچکردنیان. ئەو سێ هاوڕێیە: (ئازاد نەجمەدین نوری، نەورۆز عەلا نوری، محەمەد عەلی قادر) بوون، کەئەوانە هەر لەمنداڵیەوە هۆگری چیا سەرکەش و سەرسەختەکانی کوردستان بوون و لەگەڵ لوتکە بەرزەکاندا ئاشنا و هاوڕێ بوون. لەگەڵ ئەو سێ هاوڕێیەدا تائێوارە ماینەوە. ئەو ڕۆژە ڕۆژێکبوو زۆر بەزوویی لەمن تێپەڕی. دیارە ڕۆژانی خۆش زۆر کورتن و زوو تێدەپەڕن.

ئێوارە کەتاریک داهات وردە وردە بەرەوخوار بووینەوە بۆ بنکەی شادی (لە کاوی تێپەخلێ) کە بەناوەڕاستی شاخی نیلەوە بوو، لەشوێنێکی زۆر چڕدا لەنزیکی دوژمن. بەڵام ئەوشوێنە سەختبوو. لەگەڵ هاوڕێکانمدا بەدیداری یەک شادبووینەوە، بەڵام چی شادبوونەوەیەک. ئەوشەوە کەوتمە پرسیارکردن. زۆر تامەزرۆی ئاخاوتن و دەنگوباس بووم. ماوەیەکی زۆربوو (پتر لەهەفتەیەک) لەژێر لێوەوە نەبێت، بەدەنگی بەرز هیچم نەوتبوو. لەبەرئەوە ئەوشەوە جگە لەخۆم ڕێم بەکەس نەدەدا هیچ جۆرە پرسیارێک بکات.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەوبنکەدا لەپاش سآ رۆژ، سێ پێشمەرگەی حزبی شیوعی، کەئەوانیش لەهاوڕێکانیان بڕ بووبوون، بەرێکەوت ئێمەیان دۆزیەوە و گەیشتنەلامان. لەڕاستیدا بەو سێ هاوڕێیە (شێخ سەعید شێخ حسێن بەرزنجی، حسێن شێخ عەبدول شێخ مەجید قەرەداخی، هادی مەحمود کەرکوکی) زۆر دڵم کرایەوە. ئەوانە هەرسێکیان ناسراوی دێرین و خاوەن ورەی بەرز و مێژوویەکی پاکبوون کەبەتەواوی پشتیان پێدەبەسترا.

لەم بنکەیەدا دوو بریندارەکەمان تێدابوو کەیەکێکیان (کاک حەمە رەئوف غەریب) باڵی شکابوو، ئەوی دی (کاک خالید ماوەتی) گوللەیەک دابووی لەسەری، بەڵام کاریکردبووە سەر دەمارێکی قاچی و بەئاسانی لەپلە و هەورازدا قاچی بۆ هەڵنەدەهاتەوە. کاک ئازاد نەجمەدین تیمارکردن و پاککردنەوەی برینی هەردووکیانی گرتبوە ئەستۆی خۆی و بۆ ئەو مەبەستەش داو و دەرمانێکی زۆرمان لابوو.

رۆژێکیان کاک ئەبوسەلام (مامۆستا بەهادین نووری) بۆ تاقیکردنەوەی ورەی ئەو پێشمەرگە کە گوللە سەری پێکابوو رووی دەمی تێکرد و پێی وت:

برادەر تۆ خۆت دەزانیت گوڕی رۆشتنت نەماوە و تاڕادەیەکی زۆر پەکی رۆشتنت کەوتووە. ئەگەر دوژمن بەبنکەکەمان بزانێت و هێرشمان بۆ بهێنێت، دیارە تۆ ناتوانیت خۆت دەرباز بکەیت، بەڵکو لەوانەیە بەهۆی تۆوە چەند پێشمەرگەیەکی دیکەمان کەناچارین داکۆکی لە تۆبکەن، شەهید ببن. من واییەباش دەزانم رێگایەک بدۆزیتەوە بۆ گەڕانەوەت و خۆ بەدەستدانەوەت لای رژێم لەپێش ئەوەدا کەتووشی کارەساتێک ببین.

بریندارەکە ئاخێکی هەڵکێشا و وتی: هاوڕێ گیان تۆ چۆن دڵت دێت بەمجۆرەم لەگەڵدا بلێیت. ئاخر من بگەڕێمەوە لای کام رژێم؟ ئایا ئێوە لاتان رەوایە من خۆم بدەم بەدەست ئەو دڕندانەوە؟ لێمگەڕێن بامنیش وەک ئێوە لەگۆڕەپانی خەباتدا درێژە بەخەباتی خۆمبدەم. خۆئەگەر هێرشی دوژمن هەبوو، ئەوا بەجێم بهێڵن، بێگومانبن من تا دوافیشەک بەرامبەر بەدوژمن دەجەنگم، مەگەر تەنها یەک فیشەک بهێڵمەوە ئەویش بۆئەوەی پێشئەوەی دوژمن دەستگیرم بکات خۆم بۆ کوشتنی خۆم سوودی لێوەربگرم.

- من مەبەستم ئەوەیە کەتیانەچیت..

- بۆچی تەنها لەم کوردستانەدا هەر من هەم شەهید ببم؟. بامنیش وەک هەزارانی دی پەیوەندی بکەم بەکاروانی شەهیدانەوە، ئەوە جێی شانازیە بۆ من.

خۆ ئەگەر ئەی هاوڕێیان ئارەزوو ناکەن لەگەڵ ئێوەدا بم، ئەوا من بەبێ دڵگرانی پێشنیاز دەکەم کە لەدووری ئەم بنکەوە، لەژێر بەردێکدا بەتەنها جێمبهێڵن. شەونا شەوێک سەردانێکم بکەن بۆ تیمارکردنی زامەکەم و لەگەڵ دەستی خۆتاندا تەنها دوو نان و کەمێک ئاوی خواردنەوەم بۆ بهێنن. بێگومانبن بەکەمتریش لەوە قایلم بەمەرجێک سەرشۆڕنەکەم بۆ دڕندەکانی رژێمی بەعس.

- کاکەگیان من مەبەستم تاقیکردنەوەی ورەتبوو، ئافەرین چەند ورەت بەرزە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەم برادەرە زامدارە وردە وردە برینەکەی روو لەچاکیبوو.. رۆژێکیان من و ئەو و کاک حسێن عەبدول بەشاخی بنکەکەماندا بەرەوژوور هەڵزناین، لەپرێکدا و لەپلەیەکدا ئەو دەمارەی کە لەقاچیدا سستبوو بوو، کەوتەوە ئیش و بەباشی قاچی بۆ هەڵهاتەوە. هەناسەیەکی خۆشی هەڵکێشا وتی: ئیتر من خۆم بەبەختیار دەزانم و دوای ئەم چاکبوونەوە بەتەنگ مردنی خۆمەوە نایەم.

راستیەکەی لەم بنکەدا لەجاش و سوپاوە زۆر نزیکبووین. بەڵام بەردەممان هەڵدێرێکی هەزار بەهەزار بوو کەدوژمن بەئاسانی نەیدەتوانی سەربکەوێت. خۆشمان لەناو دارستانێکی چڕدا بووین کەئێمە لەدوژمنەوە دەرنەدەکەوتین و بەباشیش جموجووڵی دوژمنمان چاودێری دەکرد.

ئەوماوەیە دراوسێی دڕندەکانی رژێم بووین، دراوسێکەمان پەیڕەوی یاسای دارستانی دەکرد و بەخوێنی سەرمان تینوو بوو. یاخوا هیچکەس دراوسێی لەوجۆرەی نەبێت.

ئێمە ماوەیەکی زۆربوو گۆشتمان نەخواردبوو. هەموو پەرێشانبووین بۆ گۆشت. تەنها بەناوهێنانەکەی ناودەممان پڕدەبوو لەئاو. دوو پێشمەرگەمان جاش ئاسا بەبەرچاوی دوژمنەوە کەوەک جاش دەهاتنە بەرچاوی دوژمن، لەبناری شاخەکەدا لە شەرەفەدین مانگایەکیان راونا کە لەخەڵکی گوندی تەکیە جێمابوو، هەموو رۆژێک دەهات بۆ لەوەڕ بۆئەو ناوە. ویستیان بیگرن یا بیکوژن، هەرچەند تەقەشیان لێکرد نەپێکرا! .

بەوجۆرەماینەوە خەونمان بەگۆشتەوە دەدی تا لەجەژنی رەمەزاندا کاک عومەر غەریب و برادەرانی کە گەڕانەوە کەروێشکێکیان بەدیاری بۆهێنااین کەئەگەر ترسی ئاشکرابوونی بنکەکەمان نەبوایە، لەخۆشیدا ئاهەنگێکی گەورە و شاییمان بۆ دەگێڕا. لەو جەژنەدا نزیکەی بیست پێشمەرگە دەبووین، تەنها کەروێشکێکمان هەبوو لەسەر سفرەی نانخواردن. سفرەکەمان چەند بەردێکی پانکۆڵەی رەق وتەق بوو. لەگەڵ گۆشتەکەدا برینجیشمان لێنابوو. گۆشتاوی پیرە کەروێشکمان بەپیاز و بەهاراتەوە کوڵاند کە تائێستاش تامە خۆشەکەی لەبێخی ددانمدا ماوە.

من گۆشتم بەشکرد و هەریەکەی نزیکەی حەفتا گرامێکی کەوت. بەڵام ئەو بڕە کەمە تامی نیوکیلۆ گۆشتی مەڕی قەڵەوی دەدا.

بەڕاستی ئەو ماوەیە کە لەوبنکەدا بووین بەڕۆژگارێکی سەخت و دژواردا تێدەپەڕین. هەرچەند خۆمان لەناویەکدا دەگونجاین و ورەمان بەرز بوو، هەروەها چەند کەسێکی خاوەن ئەزموون و قاڵبووشمان تێدابوو، بەڵام ئەم کارەساتەی کوردستان ئەزموونێکی نوێبوو کە تائەوکاتە لەوە وپێش کەسمان بەو ئەزموونەدا تێنەپەڕیبووین. لەهەمووومان بەئەزموونتر هاوڕێ ئەبو سەلام بوو، کەپرسیارمان لێکرد: تۆ ئەم رۆژەت چۆن دیتە بەرچاو و چۆن بەرەو رووی ببینەوە؟ لەوەڵامدا وتی: منیش زۆر سەر لەم رۆژە دەرناکەم و تائێستا بەتاقیکردنەوەی وەهادا تێنەپەڕیوم.

ئەوەی کە زۆر بەلامانەوە سەختبوو و لەڕووی رەوانیەوە کاریگەر بوو، ئەوەبوو کە لەنزیکەوە چاومان لەکردەوە ناشرینەکانی دوژمنەوە بوو، بەڵام دەبوایە دەستەو ئەژنۆ دابنیشتینایە و لێیان ورد ببویینایەتەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

خەم لەناخماندا پەنگی خواردبووەوە و داخمان ئەوەبوو کەلەو کاتەدا بۆمان نەدەگونجا و ڕێی دەستمان نەبوو داخی دڵمان بەو دڕندانە بڕێژین. لەو خۆشارگە کشوماتەدا و لەناوەڕاستی چیایەکدا خەم و پەژارەی نەتەوەیەک درابوو بەکۆڵی ئێمەدا. بەبەرچاومانەوە پاشماوە و کەلەپووری باو و باپیرمان و هەموو دەڤەرەکە قرچە لەجەرگی هەڵسا بوو. چرە دوکەڵییان ئاسمانی داپۆشیبوو. ڕەز و بێستان و باخی هەنار و گوڵ و گوڵاڵەی دەشتەکە بەپێلاوی قورسی ئێسک قورسەکان گێرە دەکران و دەشێلران.

کەسێک چمکێکی تەمەنی لەکوردستانی جوان و خۆشەویستدا بەسەر نەبردبێت، شنە و سروەی دەربەند و چیا بالابەرزەکانی نەیدابێت لەڕووی و بای هاوینە هەوارەکانی دەروونی فێنک نەکردبێتەوە، بێگومان لەکارەسات و ناسۆری وا سەختدا دووکەڵ لەجەرگی هەڵناسێت بۆ ئەو جەرگ هەڵقرچاوانەی بەناچاری ئەو شوێنە خۆشەیان بەجێهێشتوە. یەکێک ژیانی خۆی پڕنەبێت لەسەختی و کۆسپ و کوێرەوەری، کەمتر لەمانای ڕۆژی ڕەش تێدەگات.

حافزی شیرازی دەڵێت:

ترسی شەپۆل و شەوی تاریک و زریانی سەختی وەها

لەکوێ بارسووکانی گوێ دەریا لەحاڵی ئێمە دەبن ئاگا؟ (8)

ئێمە زۆربەمان لەوناوچەدا کە بەبەرچاومانەوە دەسووتا، یادگار و بیرەوەریەکی زۆرمان هەبوو. ژیانی پڕ لەخۆشی و تاڵیمان لەوێدا بەسەر بردوە. ئاواتێکی زۆرمان بۆ دوا ڕۆژمان لەناخماندا تۆمار کردبوو. تەمەنی منداڵی و بەسەرهاتەکانی ئەو تەمەنە، تەمەنی لاوێتیمان لەوناوەدا تێپەڕ بووە. یادی ڕۆژانی پڕ لەشادی و شەوانی گەرم و گوڕی گەڕە لاوێژە و بەزم و سەیران و کۆڕبەستنی چیرۆک گێڕانەوە و داستان خوێندنەوە و ڕەشبەڵەک و چوونە سەیرانی پێدەشتەکان و ڕاوەماسی چەمەکان لەسەرماندا دەخولایەوە و لەدەرونماندا سووڕیدەخوارد. دەتوت بوێژی کورد (شێخ نووری شێخ ساڵەح) بەشداری لەویادەدا کردوە کەدەڵێت:

دڵ ئەبێتە قەترەیەک خوێن و لەدیدەم سەرئەکا

هەرکە رابووریٚ بەدڵما سوحبەتی جارانی شەو

ئەشکی حەسرەت لازمی جەمعی سیابەختانە هەر

شەونمی سوبحە دەلیلی قەترەیەک گریانی شەو

لەڕاستیدا بەئاشکرا و بەدەم مرواری هۆنینەوەی چاومانەوە نەدەگریاین، بەڵکو گەلێکجاریش پێدەکەنین، وەلێ پێکەنینەکەمان لەناخەوە هەڵنەدەقولا، لەگەڵ ئاخ و هەناسەی سارددا تێکەڵ دەبوو.

دنیایەکە کپ و تاریک

مەکۆی گریە و هەناسەیە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گۆڕستانی پڕ لەگڵکۆی

ئاواتی گەش و تاسەیە

-بریاجی-

لەو رۆژانەدا بۆ گەلەکەمان دەرکەوت کە رژێمی فاشی بەغدا لەمێژەوە تینووی هەلێکی وابوو کەبتوانێت رق وکینەی پیس و گلاوی خۆی برژێنێت بەسەر کۆرپەی ناوبێشکە و پەلەوەر و ئاژەڵ و بەرهەمی جوتیارەکانی کوردستاندا.

ئەمە سەردەمی کۆچ و لەیەکتر دابڕانی دەستگیران و دڵدارە

ئەمە سەردەمی مەرگی ساوا و مەل و بەهارە

ئەمە سەردەمی خەندەی گورگ و دوپشک و مارە

-کاکەحەمەی حەمەباقی-

مەگەر خوابزانێت چ داخێک دەچوو بەدڵمانەوە کە دەمانبینی لەسەر کەلاوەی هەموو گوندەکان پەپوو دەخوێنێت. لەهەموو دەڤەرەکەدا دۆستێکمان بۆ نەمابووەوە. ئەو شەقامە رێیانەی دیوی قەرەداخی بەسەنگاو وگەرمیانەوە دەبەستەوە شوێن پێی دڵسۆزێکی گەلەکەمانی لەسەر دیاری نەدەدا. هەناسە و گڕی دەروونی پیرێژن و پیرەمێردی هەلاتوو وەک دووکەڵ بەئاسماندا بەرزدەبوونەوە. رێچکە و کوێرە رێگاکان لەژێر چەکمەشڕە و پێلاوی گەلەگورگەکانی دوژمندا دەیاننالاند. پێمانخۆشنەبوو و چاومان بەرایی نەدەدا لەدوژمن وردبببینەوە، بەلام بۆ چاودێریشیان ناچاربووین هەمیشە سەیری سەر وگوێلاکی دێزیانبکەین.

لەوگوندە نزیکانەدا، لەشوێن زەماوەندەکاندا، لەباتی هەڵپەرکێی کیژۆڵەی شل وملی کورد دوژمنی دڵرق و قێزەونی تێدا هەڵدەپەڕی. نەشوێنی چەپلە رێزانآ.. نەکۆری شمشاڵ لێدانآ.. نەسەربانآ نەژێربانآ.. نە کورەکەیەکی دەستەسر لەسەرشانآ.. بەدی نەدەکران.

رێگای پیچاوپێچی سەرکانی، چۆڵبوو لەلار و لەنجەی کیژانی.. سێبەری دارە حەوتپەلی سەرگردەکە، بووبوو بەگڕ و خۆڵەمێشی کۆتەرەیەکی سووتاو.. لەهیچ گوندێکدا پەرستگایەک بەپێوە نەمابوو. فەرش و بەرە و حەسیر و زۆپا و قورئانی پیرۆز و کتێبخانەی بەنرخی ناو مزگەوت و ماڵەکان بووبوون بەقەرەبرووت وسووتوەکەیان لەناو چەمەکاندا مەلەیدەکرد. شنە و سروەی دەربەندەکان گۆڕابوو بەهالاوێکی گەرم و ناسازی گوندە سووتاوەکان.. ئاسمانی شین و پاک هەڵگەڕابوو بەدوکەڵی ساوای بێنازکەوتووی بێدەرەتان.. بەبۆسۆی کەلوپەلی ژنان، بەبۆ پرووزی سووتاوی باڵندەی جوان، بەبۆکرووزی لا پەراسوی ولاخ و ئاژەڵی بەجێماوی جوتیاران.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئاوازی مەلای بانگی بەیان (کەڵەشێری خۆشخوان)، گارەگاری بارۆکە و قرتەقرتی مریشکە بەکڕ و حەپەحەپی سەگی بەئەمەک نەدەهاتنە ناو گوآ.. ئاوازی گڕ و گاڵی ساوایان، بانگە بانگی دایک و باوکان، هآ هێی زەوی کێڵانی جوتیاران، نەمابوون لەناو دێ.

نامەردەکانی سەربەڕژێم دەستی چەپەڵی چەپاوڵیان درێژ دەکرد بۆ هەموو کونو کەلەبەرێ.. ئەگەر شتێکیان بۆ هەڵنەگیرایە بەپەلە دەیانسووتاند نەوەک پێشمەرگە سوودی لێوەربگرێ.

ئێمە لەوکاتەدا لەچاو ئەواندا ژمارەمان ئەوەندە کەمبوو یەک بەهەزاربووین. وێڕای ئەوەش لەوە دەترساین کەئەگەر لەلای دوژمن خۆمان و شوێنەکەمان ئاشکرا ببین، خواردەمەنی و پێخەفەکانمان بکەونەژێر دەستی ئەو دڕندانە، کەبێگومان لەوکاتەدا هێشتا سەرما کاریگەربوو، خواردنیشمان روو لەکزیبوو.

لەو رۆژەدا پارەمان زۆر پێبوو، بەڵام چی لەپارە بکەین و لەکوێ شتێکی پێ بکڕین؟! ئاشکراشە کوڵێک نان لەو رۆژەدا لەکۆڵێک ئاڵتوون بۆ ئێمە بەکەڵکتر بوو. سەعدی شیرازی دەفەرموێت:

کەتوێشە نەمێنێت، نەزێڕ و نەدراو

گوڕ و توانای رۆیشتن نادەن بەپیاو

لەبیاباندا شێلمی کـوڵاو

لەزیو باشترە بۆ هەژاری دامـاو (9)

دووبارە هەر شێخی سەعدیە کەدەڵێت:

گوێ دەتوانێت ئاوازی دەف و سەنتوور و نەی

نەبیسێت بەدرێژایی تەمەنی خـۆی

چاو ئۆقرە دەگرێت بەبێ دیداری بـاخ

بەبێگوڵ و نەسرین دەگوزەرێنآ دەمـاخ

گەر دەستنەکەوێت سەرینی پڕ لەپـەڕ

بۆ خەوتن بەردێک دەنرێتە ژێرسـەر

ئەگەر ئامێزی یار بۆت دەستـنەدا

کۆش هەیە کەدەست خۆی تێفرێـدا

بەڵام ئەم ورگە بێهونەرە پێچاوپێـچە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ناسرەوێت و ناگونجێت لەگەڵ هیــچا

کوردیش وتویەتی:

برسێتی ڕەگی هاری پێوەیە..

هەر لەو ڕۆژانەدا بوو کەکاک عومەر غەریب و برادەرانی حەوت ڕۆژی تەواو هیچیان دەستنەکەوتبوو بیخۆن، بێجگە لەبرێک گەنمە خووساو. گیرفانیان لێپڕکردبوو، بەدەم ڕێوە گەنمیان دەقرتاند.. بەوجۆرە بەشەو و بەڕۆژ ڕێیانکوتا تاگەیشتنە لامان.

ئێمە هەمیشە فیشەکمان لەبەرکاردا بوو، ئامادەبووین بۆ جەنگ لەگەڵ دڕندەکاندا، بەڵام تەنها لەکاتی پێویستدا و بۆ داکۆکی لەخۆمان (10). کەبچووینایە بۆ شوێنێک ڕچەمان دەشکاند. بەناو دۆڵ و نشێودا تێدەپەڕین. بەتەنگ کەمخەوی و ماندوبوونەوە نەدەهاتین. زۆربەی بەشەو ڕێماندەبڕی. نەمادەویست لەڕێوباندا لووتمان بتەقێت بەلووتی دوژمناندا. لەگەڵ ئەوەشدا زۆر پشت ئەستووربووین بەخۆمان و ئەو گۆشەگیریەمان بۆ داکۆکیبوو لەخۆمان. لەپێناوی ئەوەدابوو دووربین لەدوژمنی چەپەڵ.

چاو لەسەر نووکی ڕمێ ببینین

باشترە تاڕووی دوژمنێ ببینین

ئەبێ لەهەزار دۆست دووربیت و پچڕاو

تا دوژمنێکت نەبینی بەچاو (11)

هەرچەندە هەموو ئارامبووین و کەمتر خەفەتمان پێوە دیاربوو، بەڵام من هەندێکجار زۆرتری بەوە پەستدەبووم و خەفەت چنگی گیردەکرد لەئەوەکەم کەدەمبینی ئەو هەموو گوندە کەلاوەشیان بەپێوە نەماوە، تا بایەقوش لەسەر کەلاوەکانیان بخوێنێت.

ئێستاکە دێی بێ شوێنەوار

نەخانەخوێی ما نەڕێبوار

گۆڕستانی هەڵتەکێنراو

دار وبەردی لەبن هێنراو

ڕووبکەیتە هەرکوێ، هەرچی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سامی مەرگی لێ نیشتووە

کەلاوەی وای پێهاتوە

پەپووشی لا هەڵهاتوە

* * *

دوندی بەرزی کوێستانم ڕۆ

هەردە و دەشتی گەرمیانم ڕۆ

زنە و گۆزە و بەفراوم ڕۆ

زێڕ و زیوی چەماوم ڕۆ

کۆڕ و بەزمی جارانم ڕۆ

زێدی خۆم و باوانم ڕۆ

هۆرەی شوان و حەیرانم ڕۆ

بەهەشتەکەی کوردانم ڕۆ

- عەلا -

ڕەفیق سابیریش وتوویەتی:

ئەی دێوانە ئەگەر جارێ لام سەرلایە

بەناو شاردا رابووری

چاوێ بەڕووی تەم لێنیشتووی

کەلاوەکاندا بگێڕی

من دڵنیام شەمت لەبیر ئەچێتەوە

لەتاو ئازاری ئەم خەڵکە

گیانت وەکو گیانی ماندووم ئەتوێتەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

گەلێکجار لەتاو باری قورسی سەرشانم، لەتاو ئازاری دەمارەکانی گیانم، ئەم کۆپلەیە لەهۆنراوەی مامۆستا هێمن دەیهەژاندم:

نابینی زەردە لەسەر لێوی کەس لەم شارەدا

گەر خەم و دەردی دڵی خۆمیان بەسەردابەشم

خۆشەویستی گۆشەیەکی تەنیایی هەردوو ئەژنۆکەمە

بۆیە رۆژ و شەو وەها گرتوومەتە نێو باوەشم (12)

## من و گوندی سێوسێنان (13)

هەندێکجار لەهاورێکانم دوور دەکەوتمەوە، دووربینێکم بەدەستەوە دەگرت و لەشوێنەواری گوندی سێوسێنان ورد دەبوومەوە. هەرچەندە نەشوێنەواری مابوو نەسنوور. گوند و چوارلای گوند و پێدەشتی بەردەمی گوندەکە هەموو بووبوون بەسوتماک و جلی رەشی پرسەیان پۆشیبوو. دوو بەرد لەسەریەک لەدیوار بچێت نەمابوو. ئەو دێ گەورەیە، کە گەورەترین دێ بوو لەناوچەی قەرەداخدا. تەنها بەو شەقامە رێیەدا دەناسرایەوە کە لەشاخی قەلاقایمەزەوە لەپشتی ئاواییەکەوە بۆ ناو شوێنەواری گوندەکە، چونکە ئەو رێیە پووشی لێنەڕوابوو تا ئەویش بسوتێنن، رێیەکی دیاربیوو بۆ ناو گوندێکی نادیار.

دوای چەندجار رشتنی زەهری سیانید و خەردەل بەسەر گوندی تەکیە و بەلەکجار و بەردێ و دەور و پشتیاندا تائەو شوێنانەی کەلەوانەیە شوان بۆلەوەڕ ئاژەڵی پێبگەیەنێت. یادوای لێدانی هەڵەبجەی خۆشەویست بەکەمتر لەیەک هەفتە سەرە گەشتەسەر شادێی ناوچەی قەرەداخ، واتە گوندی سێوسێنان. رژێمی دەروون پڕلەکینە و رق بەرامبەر بەهەموو زیندەوەرێک راکێتی زەهراوی کوشندەی ئاراستەی منداڵی بێتاوان و پیرەژنی بەسەزمانی ئەم گوندە کرد.

بەڵێ لەجەژنی نەورۆزی ساڵی 1988دا لەرۆژانی نێرگز و گوڵاڵەدا لەوەرزی گەشە کردن و ناشتنی دار و درەختدا ئەو رژێمە بەناو ئازادیخوایە کیمیاویبارانی ئەو شاگوندەی قەرەداخی کرد و پتر لەحەفتا هاوڵاتی بێتاوانی لەناو ژوورەکاندا لەکاتی نانخواردنی ئێوارەدا و لەناومزگەوتدا لەکاتی نوێژکردندا لاڵ و پاڵخست و لاشەی پیرۆزیانی بەکیمیاوی رەشهەڵگەڕاند و زەهری (عەفلەقی) رشتە ناوجەرگ و دڵ و چاو و لووتی پیرەمێرد و پیرەژن و ناو دەسرازەی مەلۆتکەی ناوبێشکەوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەکاتی ناشتنی چەندکەسێک لەو شەهیدانە لەگۆڕستانی دێی کۆشکدا چەند شەهیدێکم بینی کە لەوە نەدەچوو مردبێتن، لەوە دەچوون کەخەویان لێکەوتبێت دڵۆپێک فرمێسک لەناو چاویاندا قەتیس مابێت.

لەم گوندەدا چەند خێزانێک بەتەواوی بنبڕ بووبوون. چەند شەهیدێک لەسێبەری درەختێکدا دانرابوون بێئەوەی کەسێک لەخێزانەکەیان زیندوو بێت و فرمێسکیان بۆ بڕێژێت. لەناو ئەو شەهیدانەدا خێزانی (کاک عوبەیدی بەرگدروو) بەمنداڵ و دایکی منداڵەوە بەخاک سپێردران، خۆیشی لەخەستەخانە دەیناڵاند.. ئەم کاک عوبەیدە لەوجۆرە کەسانەیە کەمنداڵیان زۆر خۆشدەوێت. هەمیشە منداڵەکانی خۆی لەناو سێوسێناندا دوای خۆیدەخست. ڕۆژ تائێوارە دەستی بەسەر و ملیاندا دەهێنا و قژی زێڕینیانی بۆ شانە دەکردن و بەماچی گەرم و گوڕی سەر ڕوومەتی ئاڵ و ناسکیان، دەروونی پڕ لەسۆزی خۆی فێنک دەکردەوە. هەموو تاوێکیش چەندجارێک خۆیدەکرد بەقوربانیان وەک ئەوەی بزانێت کە ئەو منداڵانە میوانن لەپێش پشکوتنندا غونچەیان هەڵدەوەرێت و بەناسک و نازداری ماڵئاوایی دەکەن لێی.

هەروەها خێزانی کاک ڕەزا بنبڕ بوون و کاک مەهدی و خێزانەکەی بەتەواوی شەهیدبوون. تەنها محەمەدی کوڕیان لەمردن ڕزگاری بوبوو، کەئەویش لەوکاتەدا پێشمەرگە بوو، بەهۆی پێشمەرگایەتیەوە لەناو ئاواییەکەدا نەبوو.

لەناو شەهیدانی سێوسێناندا دوو منداڵ دەستلەگەردنی دایکیان پێکەوە شەهید بوبوون، دیاربوو منداڵەکان دەیانویست دواهاڵاوی گەرمی دەروونیان بهاوێژن بۆناو سنگ و بەرۆکی دایکیان، بێئەوەی ئاگاداربن لەوەی کەدایکیان پێش ئەوان گیانی سپاردوە.

خێزانێکی دی ئاوێزانی یەک بوبوون، هەریەکە چمکێک لەجلەکانی ئەوی دی لەناو دەستیدا توند گرتبوو، وەکئەوەی بیەوێت ڕزگاریبکات یان داڵدەی بدات.

خێزانێکی دی دەم لەناودەمی یەکتردا، بەدەم ماچماچێنەوە ماڵئاواییان لەیەکتر کردبوو. دوو کچی شەهید لەگەڵ دایکیاندا لەژوورێکدا ڕاکشابوون، دەتوت خەویان لێکەوتوە. ڕایانوەشاندبوون گیانیان سپاردبوو، ئەمجا لەوە تێگەیشتبوون کەمەرگی بەکیمیاوی پێکراو بەوجۆرەیە ئەوبێدەنگی و کشوماتیە خەونیە. پیاوێک لەدانیشتوانی گوندەکە چوو بەهانای بەکیمیاوی پێکراوەکانەوە تابتوانێت چەندکەسێکیان لەگوندەکە دووربخاتەوە و لەمردن ڕزگاریانبکات. لەپاش چەنجارێک هاتوچۆ خۆی و بریندارێکی پێکراو کەبەکۆڵیەوە دەبێت، دەکەونە ناو چاڵێکی کیمیاوی و هەردوکیان لەپاڵ یەکدا گیاندەسپێرن.

ژیان و سەربەرزی بۆ گەلی قارەمان.

مردن و سەرشۆڕی بۆ عەفلەقیە خوێنمژەکان.

ئاخ ئەو چەکدارە کوردانە کەنۆکەریی ڕژێم دەکەن، چۆن غیرەتیان ڕێگەیاندەدات بەبەرچاوی ئەوانەوە ئەو گوندانە بەمجۆرە بسووتێندرێن؟.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

مەگەر باو و باپیری خۆشیان لەوگوندانەدا نەژیاون؟ مەگەر قوڕ و چڵپاوی ئەو گوندانەیان پێدا هەڵنەپرژاوە؟ بۆچی خۆشیان کورد نین و بەزمانی پاراوی کوردی ئاخاوتن ناکەن؟ مەگەر کەسوکار و خزمەکانیان لەو گوندانەدا ئاژەڵداری و کشتوکاڵیان نەکردووە؟.

بەڵام نە .. ناڵێم هەموویان، وەلێ هەندێک لەوچەکدارانە خۆفرۆشن، خۆفرۆشیش زۆر لەوەخراپتر دەکات. یەکێک کەئابڕووی تکا ئیدی لەکوآ بەتەنگ تانە و تەشەرەوە دێت، لەکوآ گوێدەگرێت بۆ پەند و ئامۆژکاری؟ بێگومان هەرچی پێبڵێیت، وەک گوێزی بۆ بژمێریت وەهایە.

پیرۆزترین سەرمایەی مرۆڤ شەرەف و ویژدان و سۆزە، ئەوانەش شەرەف و ویژدان و سۆزیان لەدەستداوە و فرۆشتوونیان بەپارە. ئەوەی لایئەوان گرنگبێت گیرفان پڕکردنە. ئەوان خۆیان ئاشیان بگەڕێت و باخەڵیان گەرم وگوڕبێت ئیتر چش لەهەزارەها دایک و کوڕی راوەدونراو، چش لەهەزارەها گوندی لەڕیشە دەرهێندراو.

لاوێکی کورد یان کیژە کوردێک بەهۆی درندایەتی رژێمەوە بەتەواوی لەژیان بێزاربوون، بەڵام هەندێک لەو خۆفرۆشانە ئەوەندە سۆز لەدەروونیاندا نەمابوو بەزەییان پێدابێتەوە، بەڵکو بەبینینی ئەودیمەنە پڕ لەناسۆرانە دەیاندا لەقاقای پێکەنین و بەزەیی لەدەروونیاندا کوژابووەوە.

ئەوانە بەدرێژای رۆژانی ئەنفال کەڵەسووری، ببوورن کەرەسووری بەرلەشکری عەفلەقیەکان بوون، کەلوتکەیەکی بەرز و شوێنێکی ئیستراتیژیان داگیربکردایە بەدەستریژ و تەقەی چەکی سەرشۆڕییان تەپڵی خۆشی و بادەنۆشیان لێدەدا، کەگوایە سەرکەوتنیان بەدەستهێناوە. بەڵام رژێم رژێمێکی فاشست و بێئابڕووە و ئەم وئەو نازانێت دوورنیە کەڕۆژێک لەڕۆژان ئەوانەش لەسمکۆڵان بخات.

ئاخر ئەوانە بەچ ڕوویەکەوە تەپڵی خۆشی لێدەدەن بۆ گرتنی چیاکانی کوردستان؟ ئەوانە کەو دەتارێنن، هێلانەی سوێسکە و کۆتری ئاشتی و باڵندەی خۆشخوان دەسووتێنن، تووکی کەروێشک و سووچەڕ هەڵدەپرووزێنن.. ئایا ئەو کردەوانە جێی شانازیە بۆ هیچ کوردێکی شەرەفمەند و ئابڕوودار؟ ئایا وێرانکردن و قەڵاچۆکردنی نەتەوەکەی خۆیان نەدەبوو کاریان تێبکات و لەقاقای پێکەنین و گەڕەلاوێژەیان بخات؟.

بێگومان ئەوانە زرکەتاڵن، مەحویش دەڵێت:

سەر کە جۆشێکی نەبێ من زرکەتاڵم بۆچیە؟

دڵ کەهۆشێکی نەبێ شوشەی بەتاڵم بۆچیە؟

من ناڵێم چەکدارە کوردەکان هەموویان یەک سرووشتیان هەیە، تێیاندا هەبوو کە ئەوچەکەی بەشانیەوەیەتی بەچەکی سەرشۆڕی دەزانی، یالەبەر چەند هۆیەک، ناچاری ئەوچەکەی پێهەڵگرتبوو. بەڵام تێکڕای جاش بوون بەخۆرە بۆ نەتەوەکەمان. ئەگەر چەند جاشێکی باشیش هەبێت، لەپیاوەتیدا سەربەست نین و لەمەودایەکی تەسکدا دەتوانن هەڵسوکەوت بکەن.

ڕەنگە لەهەندێک ناوچەدا ژمارەی (جاشە باشەکان) کەمنەبێت. لآ لەم دەڤەرەی ئێمەدا زۆرکەمن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

نایشارمەوە کەئێمە لەقۆپیدا توانیمان پەیوەندییکەین بەچەندکەسێکەوە (لەو باشانە) کە پیاوانە هاتن بەدەممانەوە، پێڵاو و پیل و جگەرەیان پێگەیاندین، کەلەڕاستیدا لەو رۆژانەدا زۆر پەرێشانبووین بۆئەو شتانە. بەڵام بەگوڵێک بەهار نایەت و بەچەند دڵۆپێک ئاو ئاشێکمان بۆ نایەتەگەڕ.

وێڕای ئەوە گومان لەوەدا نیە کەهەرکەسێک لەلایەن رژێمی عەفلەقیەوە پەروەردە کرابێت، ئەگەر تروسکەیەک ویژدان و ئابڕووی لەلامابێت، هێدی هێدی ئەو تروسکەیەش لەدەستدەدات. نزیککەوتنەوە لەکوورەی ئاسنگەر بێ پریشک نابێت و تێکەڵبوونی درەندەکانی رژێمیش بێئەنجامی خراپ نابێت.

ئەوانەی کەبەرگی جاشێتی لەبەردەکەن بالەوە وپێش باشیش بووبێتن، وەلێ دوورنیە وەک ئەوپیاوە رەفتاربەرزەیان لێببێت کەبەرگی پۆلیسی رەوشتی گۆڕی و بوو بە پیاوێکی بەدڕەفتار.

لەسەردەمی پاشایەتیدا لەگوندێکدا پیاوێکی بەویژدان و هێمن و دڵسۆز و خۆشەویست هەبوو. ئازاری بەکەس نەدەگەیاند و تەنانەت بەتاوانی دەزانی چۆلەکەیەک بەدەستی ئەو ئازار بدرێت. لەرێگا و باندا پێی لەمێلوورە دەپاراست نەوەک پێی پیابنێت. زمانی لەپاشملە وتن و جنێودان دەپاراست، تەنانەت جنێوی بەدوژمنی خۆی نەدەدا. هەمیشە رووخۆش و دەمبە پێکەنین و کەڵکگربوو لەناو خەڵکیدا.

رەفتاری بەوجۆرە بوو تابوو بە(پۆلیسی سوارە). خزمانی خۆی وایاندەزانی کە بۆ ئەم ئیشە پیاوی واباش دەستنادات، چونکە پۆلیسی سوارە دەبێت رووهەڵماڵراو و توورە و جوێنفرۆش بێت.

بەڵام زۆری نەخایاند کاکەی لەسەرخۆ و هێمن کەخۆی لەبەرگی پۆلیسی سوارەدا بینی و گوێی لەحیلەی ئەسپەشێی ژێرخۆی بوو، گۆڕانێکی زۆر بەسەر رەفتاریدا هات و خۆشی وەکو ئەسپەکەی قوشقی و جووتەوەشێنبوو. ئەمجارەیان جووتیار و دانیشتوانی گوندەکان لەوە تێگەشتن کەئەگەر کاکەی پۆلیس لەهەرماڵێکدا مریشکیان بۆ سەرنەبڕیایە و جۆ و مێوژیان بەئەسپەکەی نەدابایە، قامچی بۆدەخستنە ئاسمان و زمانی خۆی بۆدەکردن بەخەنجەری دەبان. تابەوجۆرە ئەو پیاوەباشە بووبە پۆلیسێکی زیانبەخش و نالەبار و بەدڕەفتار.

## بەسەرهاتی گوندێک لەگوندە وێرانکراوەکانی کوردستان

ئەگەر بەسەرهات و رابردووی گوندێک لەگوندە وێرانکراوەکانی کوردستان باسبکەین، دەبێت گوندێکی گەورە و خاوەن مێژوو هەڵبژێرین- هەرچەندە هەرگوندێک بگریت لەم کوردستانە بەشی خۆی مێژووی پڕجوامێری و هاوکاری هەیە لەگەڵ خەباتگێڕانی چەکدار و بێچەکدا، بەڵام لەگەڵ جیاوازی نێوانیاندا-.

خۆ زۆرگوند هەن کەژمارەیەکی زۆر شەهیدیان هەبووە و خزمەتێکی بێسنووری بزاڤی نەتەوایەتی و نیشتمانیان هەبووە، هەرچەندە لەو رووەوە من زۆر شارەزانیم.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لێرەدا لەدوای گوندی سێوسێنان کەلەپێشدا کەمێک باسمکردوە، گوندی (تەکیە) وەک نموونەیەک باسدەکەم. گوندی تەکیەی قەرەداخ، لەسەردەمی ئیمامی هەمزەدا دروستکراوە، کەئیمامی هەمزە کوڕی ئیمام موسای کازمە، لەترسی خەلیفەکانی عەبباسی لەسەدەی دووەمی کۆچیدا بەرەو کوردستان هەلاتوە. ئەم ئیمامە لەپێشدا لەگەرمیان لە(دەلۆ) چەند ساڵێک دەمێنێتەوە، ئەمجادێت بۆ دیوی قەرەداخ و لەگوندی تەکیەدا دەکەوێتە خواپەرستی، کە تائێستاش شوێنەواری ئارامگە و خەڵوەتگەی لەتەکیە کۆندا لەنزیک گوندی (بەلەکجار) دەبیندرێت.

گوندی تەکیە لەدوای فرەبوونی دانیشتوانی، سێ گوندی دیکەی لێجیابوەتەوە: (گوندی بەلەکجار و بەردێ و کۆشکی خواروو). گوندی تەکیە لەلاپاڵی شێربانذا لەنزیک هەردوو چیای سپێین و نیڵ دامەزراوە.

سەیدەکانی تەکیە و بەڵخە و داری زیاین و زێوەمەر و خەرپانی و جەباری و بەشێک لەحاجی مامەندیەکانی بەرزنجە لەیەک بەرەبابن. هەروەها حەیدەریەکان لەموسڵ و سەفەویەکان لەئێران، لەپشتەوە دەگەڕێنەوە بۆسەر ئیمامی هەمزە. شێخانی تەکیە و شێخانی مەردۆخی و گومەتەش هەرلەمێژەوە بەهۆی ژن و ژنخوازیەوە خزمایەتی کەوتۆتە نێوانیانەوە. تەکیە هەمیشە سەرزەمینێکی بەپیت بووە بۆ پێگەیاندنی چەند زانایەکی بەناوبانگ، وەک: شێخ عیوەز و شێخ جامی گەورە و شێخ عەلی یە رەش و شێخ عەلی مەلا و شێخ بابەعەلی و زانایانی خەرپانی کە هەریەکەیان زانایەکی هەڵکەوتوو و بلیمەتی سەردەمی خۆیانبوون لەناو کوردەواریدا. هەروەها سەیدەکانی جەباری چەند زانا و بوێژێکی ناوداریان هەیە و خۆشیان بەجوامێری و خانەدانیەوە ناوبانگیان دەرکردوە. گوندی تەکیە لەپێش ئەنفالی بەدناودا گەورەترین و جوانترین مزگەوتی هەبوە. ئەم مزگەوتە دێرینە کەسەدەها ساڵ لەمەوبەر بەبێ کۆمەکی میری لەسەر جوانترین شێوە دروستکرابوو. زەویەکەی کۆنکرێت و دیوارەکانی گەچکاری و سەقفەکەی بەدار.. (کاک ئەحمەدی شێخ) خۆی میحراب و شوێنی وتارخوێنی بۆداناوە، بەشداریکردوە لەدانانی تەختە ڕایەڵکردنەکەیدا.

لەتوێی تاق و سەر ڕەفەکانی ئەم مزگەوتەدا چەند قورئانێکی پیرۆزی تێدابوو کەچەند سەدەیەک لەمەوپێش لەلایەن خۆشنووسەکانی ئەوسەردەمەوە نوسرابوونەوە و قەراغی پەڕەکانیان بەئاوی ئاڵتوون نەخشاندبوو.

ئەم مزگەوتە لەزستاندا گەرم و لەهاویندا بای فێنکی دەربەند تەکیە بۆیبوو بوو بەپانکەیەکی سروشتی. لەم مزگەوتەدا چەند مەلای بەناوبانگ حوجرەی فەقێیان هەبوە و چەند مەلاچاکیان لێهەڵکەوتوە. بەکورتی مزگەوتێکبوو بەمێژوو کۆنبوو، بەڵام لەهونەری بیناسازیدا دانسقە و بێوێنەبوو، کەدەبوو هەتاهەتایە بپارێزدرایە و وەک شوێنەوارێکی مێژوویی بهێڵدرایەتەوە.

لەناو پێشمەرگە شەهیدەکانی گوندی تەکیەدا دەتوانین: "ئەحمەد فەرەج مارف و شۆڕش کەمال نووری و ڕەسوڵ مستەفا عومەر و ئەحمەد حسێن عەبدولکەریم و جەمیل قادر نووری" ناوبەرین. وێڕای ئەوانە دوو کوڕی گەنجی مەلا عەلی شێخ محەمەدی شێخ هەمزە بەدەستی چەپەڵی ڕژێمی دڕندە شەهیدکراون.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

فرۆکە مرۆڤکوژەکانی رژێمیش (مەلا کەریم حەمەساڵح و شێخ محەمەدی برای) کەهەردووکیان پیربوون لەگەڵ (حسێن حەسەن مەحمود) کەمنداڵەکانی هێشتا وردن، شەهید کرد. هەروەها زووتر بەفرۆکە وێرانکەرەکانی رژێم منداڵێکی ناوبێشکەی (شێخ تاهیری شێخ سەعید) بەخۆی و بێشکەکەیەوە لەناو کەپرێکدا گڕی تێبەردرا و بوو بەقەرەبرووت.

هێشتا ئەنفال دەستی پێنەکردبوو کەزۆربەی خانوەکانی ئەم گوندە بەهۆی راکێتی قورسی فڕۆکەوە خاپوورکرابوون و سەرخان و ژێرخان رۆچوبوون بۆ قوڵایی زەوی. لەساڵی 1985دا، سێ ساڵ پێش ئەنفال، تەنها لەیەک رۆژدا پتر لەشەست گوللەتۆپی قورسی رژێم ئاراستەی ناوگوندەکە کرا.

لەساڵی 1988دا، چەندجارێک لەسەریەک گوندی تەکیە و بەلەکجار و بەردێ کەدانیشتوانی ئەم دووگوندەش تەکیەیین کیمیایی بارانکران و پتر لەسەدکەس لەژن و لەپیاو پێکرابوون، بەڵام لەلایەن پزیشکێکی حزبی شیوعیەوە کەپێیاندەوت: د. دڵشاد (ناڤم الجواهری) چارەسەر کران و کەمێکیش دووره ئاوایی بوون، بۆیە خۆشبەختانە هیچیان نەمردن.

لەڕۆژانی ئەنفالدا چەند پەڕاوێکی بەنرخ و دەستنووسی چەندسەدەیەکی ئەمە وبەر لەکتێبخانەکەی مامۆستا شێخ عەبدوڵڵای مەلا کەوتەژێر چنگ و ددانی تیژی مشکە جەواڵدڕەکانی رژێمەوە، کەئەو کتێبانە ئەوەندە بایەخداربوون کەدەبوایە لەکتێبخانەی مۆزەخانەدا بپارێزدرانایە.

لەوئەنفالەدا هەرچی سامان و شتومەکی ناوماڵی دانیشتوانی گوندەکە هەبوو، هەمووی یاسوتێندران یان تاڵانکران. چەند بنەماڵەیەکی وەک: (مامۆستا شێخ محەمەدی شێخ عەبوڵڵای مەلا و شێخ سەدیقی شێخ رەشید و شێخ سدیقی باوەشێخ)ی تێدابوو، کە لەنیو سەدە لەمەوبەر تائەو رۆژانە بەعەرەقی ناوچەوان و هێزی بازوویان کەرەسە و پێویستی ناوماڵ و سامان و پێداویستیەکانی ژیانیان پێکەوەنابوو، بەڵام لەو رۆژانەدا خاوەنی هیچ نەبوون و ماڵ سوتاو و ماڵوێرانبوون.

لەئەنفالدا پتر لەبیست لاوی تەکیە گیراون و بێسەر وشوێنکراون. تەنها لەبنەماڵەی شێخ محەمەدی شێخ رەسوڵی شێخ فەرەج چوارکوڕی گەنجی ئەم شێخ محەمەدە ئەنفالکراون کەدوانیان هەڵگری بڕوانامەی بەکالۆریۆسن و ژن و منداڵیشیان هەیە.

هەروەها لەگوندی کۆشک سێ کوڕی حاجی عەلی رەشان و کوڕێکی حاجی ئەحمەدی برای ئەنفالکراون. لە تەکیەش جافر محەمەد و خالید مەحمود ئەمین ئاغا و بەهادین حەسەن مەحمود لەگەڵ سێ کەسی تری گوندی بەردآ ئەنفالکراون.

دانیشتوانی گوندی تەکیە لەسەیدەکان و کۆشکیەکان و هۆزی بڵباس، لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی هەندێک لەگوندەکانی پێنجوێن لەسەر سنووری ئێران کەبە(بانەییەکان) ناسراون، ساڵەهای ساڵە پێکەوە بەتەبایی و دۆستایەتی ژیانیان بەسەربردوە و وەکیەک بنەماڵە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ یەکتریدا کردوە.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

دوایئەوەی ژەندمەکانی رژێم گوندەکانیان سووتاند بەوە رازی نەبوون، بەڵکو شۆڤڵیشیان هێنا دار وبەردی کەلاوەکانیان راماڵی بۆناو چەمەکە، کەبڕوامایە دەسرازە و سەرین و لێفەی منداڵی ناوبێشکەی گەیاندۆتە دەریای عەرەبی.

دوای وێرانکردنی دآ، ئێوارەیەکیان لەگەڵ کاک ئەبوسەلامدا خۆمانگەیاندە ناو شوێنەواری گوندەکە، کەئەو دڕندانە جۆرێکیان بەسەرهێنابوو ئەگەر عەموودێکی کارەبای بەرماڵی خۆمانم نەکردایە بەنیشان، شوێنخانووی خۆمانم بۆ نەدەدۆزرایەوە. دوایگەڕانەوەمان بەشەودا بۆ بنکەی ناوقۆپی، ئەبوسەلام، لەژێر کاریگەری ئەو بار ودۆخە دڵتەزێنەدا هەڵبەستێکی بۆهات لەژێر سەردێڕی (گوندێکی سوتاو، کەسەرەتاکەی بەمجۆرە دەستپێدەکات:

لەکوێی ئەی گوندی شیرینم

هەوارگەی ساڵەهای ژینم..

ئەمەی کەباسمکرد کورتەیەکبوو لەمێژووی گوندی تەکیە. وەلێ لەم کوردستانە بەرفراوانەدا هەزارەها گوندهەن کەبەخوێنی گەشی رۆڵە قارەمانەکانیان مێژووی رووسووری و سەربەرزییان تۆمارکردوە و لەهیچکات و سەردەمێکدا ئەومێژوە لەبیرناچێتەوە و لەناوناچێت. زۆربەی گوندەکانی کوردستانیش بوێژ و زانا و هونەرمەندیان پێگەیاندوە.

گەلی کورد تێکڕا گەلی دلێری و جوامێری و خەباتی دوور ودرێژ و کۆڵنەدانە، گەلی رێزگرتنی نەناسراو و میوانە، گەلی راپەڕین و شەهیدانە.

سەربەرزی بۆ نەتەوەکەمان. سەرشۆڕی و مەرگ بۆ دڕندە بێئابڕووەکانی بەغدا و دەستو پێوەندیان لەهەرکوێ هەن.

## چەکدارە کوردەکانی رژێم و خۆپاراستن لەمەرگ

ئەوجاشەچەکدارانە لەرۆژی ئەنفالدا بەهاریانبوو. هەردەم خەریکی هەڵپەرکێ و چەپڵە رێزانبوون. گیرفانیان پڕبوو. کۆڵیان لەتالانی قورسبوو. ئەوەندەیان مریشک و قاز و مراوی گوندنشینە هەلاتوەکانیان خواردبوو، چاویان سوور ببوو، کەهەمیشە لەهەڵپەڕکآ و سووڕداندا بوون. ئامانجیان تەنها پارە و سامان خڕکردنەوە بوو، لەبەرئەوە جێی سەرسوڕمان نەبوو گەرخۆیان لەپێکادان و رووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەفرەزەکانی پێشمەرگەدا بپاراستایە و نەیانویستایە خۆیانبدەن لەقەرەی پێشمەرگە. ئەوانە دەیانویست ماسی



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بگرن و قنگیشیان تەڕنەبێت. لەهەرشوێنێکدا بۆنی پێشمەرگەیان بکردایە، لەوشوێنە دوور دەکەوتنەوە، بەڵام ئەگەر پێشمەرگەیان گومانەبردایە وەک لەشکری کوللە زەردە هێرشیاندەبرد بۆسەر ئەوشوێنە، بۆ تاڵانی وەک مشکەکوێرە زەوییان هەڵدەدڕی. جاش ئەگەر لە پێش جاشێتیدا ڕۆستەمی زاڵیش بوویێت، تەنها بەهەڵگرتنی چەکی جاشایەتی و سەرشۆڕی ئەوەندە ترسنۆک و بوودەڵە دەبوو کەلەهەر شوێنێکدا ترسی پێکدادانی بوویێت، نەچۆتە پێشەوە.

لەنیوەی مانگی مایسی 1988دا لەبنکەوە چاودێری جاشەکانماندەکرد، بینیمان نۆ جاش بۆ شڕەخۆری بەرە و ئەوبەرد و ئەشکەوتە کەئێمە شتومەکمان لەژێریاندا شاردبووەوە دەیانکوتا. بەدوای یەکدا ریزیانبەستبوو. لەناویاندا جاشێک بەناوی (حەمەساڵح)ەوە پێشیانکەوتبوو، لەسەریەک و بەدەنگی بەرز سوێندی بە(شەرەفی خۆی!!) دەخوارد، کەئەگەر دوایبکەون تائەو ژێر ئەشکەوت و بەردە بەئارەزووی دڵ خۆیان باردەکەن لەبەتانی و شتومەکی نایاب.

جاش لەدوایەوە بەرێز دەرۆشتن و ئەویش ریزی بەسوێندخواردن دەکرد، تا لەلایەن فەرماندەی سەربازی ئێمەوە بڕیاردرا تاجاشەکان کۆڵ هەڵدەگرن تەقەیان لێنەکرێت، بەڵام دوایئەوە لەدەستڕێژکردن و کوشتنیان درێغی نەکرێت. بەڵێ بەخت یارمەتیدان، پێش گەیشتنیان بۆ ئەوشوێنە بەرێکەوت بەردێک لەژێرپێی کاک ئەبوسەلام دەرچوو بەرەو جاشەکان غلبووەوە. جاشەکان کەئەوەیان بینی کەوتنە راوێژ لەنێوان خۆیاندا، کە ئەوبەردە بێخاوەن نیە و بێگومان لەژێر پێی پێشمەرگە دەرچوە و تلبۆتەوە. دوایئەو مقۆمقۆیە بۆپشتەوە، بەرەو مۆڵگەکانیان گەڕانەوە و وردە وردە کەوتنە راکردن تاوایلێهات ئازا ئەوەبوو لەڕاکردندا پێشبکەوێت.

بەوجۆرە ئەوجاشانە لەتەقە و کوشتن پارێزران و کلکی شەرمەزارییان بەدوای خۆیاندا راکێشا. خۆ حەمە ساڵحیش دوایئەوە لەسوێندخواردن کەوت.

## جاشەکان لە هەمووشتێک دەترسان

هەر لەهەمان مانگدا من و کاک خالید و کاک حسێن شێخ عەبدول لەبناری چیای نێڵدا لەدیوی قۆپی جێگایەکمان تەختکرد بۆ حەوانەوە و گژ وگیاکەیمان هەڵکەند و دوورمانخستەوە. هەروەها لەنزیکی ئەو شوێنی حەوانەوەیەدا یەکێکمان دەستی بەئاو گەیاند.

لە پاش ماوەیەکی کەم لەنزیکمانەوەتەقە دەستیپێکرد. دوای کەمێک راوێژ بڕیارماندا بەشاخەکەدا هەڵزنێین لەشوێنێکی بەرز و لەباردا چاودێری جاش و تەقەکانبکەین. لەوێوە چاومان تێوەبوو چەند جاشێک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

بەدەم تەقەی کوێرانەوە گەیشتنە شوێنی حەوانەوەکەمان. لەشوێنەکەمان وردبوونەوە، تێگەشتن کەگیاکەی هەرئێستا هەڵکەندراوە و ئەوجێیە تازە تەختکراوە.

یەکێک لەجاشەکان کەمێک دوورکەوتەوە چاوی بەشوێنی دەستبەئاو گەیاندنی برادەرەکەی ئێمە کەوت و ئەوانی دیکەی بانگکرد کەپێیان بسەلمێنێت ئەم(پێشاوە) تازەیە و هێشتا هاڵاوی لێهەڵدەستێت. هەموو دڵنیابوون کەئەو کارانە کاری پێشمەرگەیە و ترسیان لێنیشت لەوناوەدا بۆسەیان نابێتەوە. دوایئەوە چاومان تێیانەوە بوو بۆدواوە و بەرەو مۆڵگەکانیان کەوتنە رەوتێکی قایم. هەتادەهات جڵەویان بۆ قاچیان شلدەکرد تاکەوتنە پێشبڕکآ لەراکردندا. ئێمە ئەوەشماندەزانی کەگەشتنەوە مۆڵگەکەی خۆیان باسی پێشمەرگە ناکەن و ئەو رووداوە ناگێڕنەوە، نەوەکو سوپا بیانداتە پێشی خۆیان بۆئەو شوێنە و تووشی شەڕببن.

ئێمەش لەناوخۆماندا زۆر ئافەرین و سوپاسی ئەو برادەرەمانکرد کەلەو شوێنەدا دەستی بەئاو گەیاندبوو، چونکە توانی هەربە(گوو) جاشەکان راوبنێت، دیارە ئەوە راستە کەدەڵێن: پیسی بەپیسیەوە دەڕوات.

ئەو رووداوانە بەڵگەبوون لەسەرئەوەی جاشەکان تەنها بۆ شڕەخۆری دەگەڕان و راوی پێشمەرگەیان نەدەکرد. بەڵام هێشتا هەر تاوانباری ژمارە(1)ن و چاوساغی هەموو وێرانکردنێک بوون. ئەو تاوانانە لەمێژووی کورد و کوردستاندا تۆمارکراون و نەتەوەکەمان دەمبەدەم بۆ یەکدی دەگێڕنەوە.

## بنکەی دووەممان

لەسەر پێشنیازی من  شوێنێکی دیکە کەپێیاندەوت زاخێڕەکە لەپشتی هانەبنچکەوە دیاریکرا بۆ بنکەی دووەم.

لەڕاستیدا ئەو رۆژەی بڕیار دەرچوو بۆ گواستنەوە بۆئەو بنکە نوێیە، من زۆرم پێخۆشبوو. چونکە دەمزانی ئەوشوێنەی بۆیدەچین زۆر لەبارترە لەشوێنی ئێستامان چ بۆ حەوانەوە و چ لەڕووی باری رەوانیەوە. لەدوای گواستنەوەمان بۆ هەموان دەرکەوت کەبەوجۆرەیە. لەبنکەی نوێماندا لەچاو بنکەی پێشوماندا نانمان کەوتە رۆنەوە و وچانێکی باشمانگرت.

لەم بنکەیەدا خواردنێکی زۆرمان لەونزیکانە دۆزییەوە کەئەگەر دەستی پێوەبگرین، بەشیساڵێکماندەکات.. ترسی ئاشکرابوونی بنکە و هێرشی دوژمنمان زۆرکەمبوو. تەنانەت لەشەودا بەبآ نیگابان(پاساوڵ) دەخەوتین. کانیاوێکی خۆش وسازگارمان لێوە نزیکبوو کەهەر لەڕۆژدا لەنزیکی کانیەکە ئاومان گەرمدەکرد و خۆماندەشۆرد. هەشمانبوو رۆژێ دووجار خۆیدەشۆرد. قاپ و قاجاخمان بڵاوەپێکردبوو، نانکردن و چێشتلێنان بەڕۆژ بوو بەکارێکی ئاسایی.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

لەم بنكەدا چەكدار و درندە ئێسك قورسەكانی سەربەرژێم بەبەرچاوی ئێمەوە تاوانەكانیان ئەنجامنەددا و دراوسێی ئەودڕندانە نەبووین. لەگەڵ ئەوەشدا چاودێری جموجووڵیان ئاسانبوو، هەر لەدوورەوە ئاگامان لێیانبوو چ دەكەن و لەژێر كۆنترۆڵی ئێمەدابوون.

هەرلەم بنكەدابوو كەتوانیمان مەفرەزەیەكی بچووك بنێرین لەشوێنێكی دوور لەبنكەوە چالاكیەكی سەركەوتوو ئەنجامبدەن، بەبێئەوەی هیچ زیانێك لەمەفرەزەكە بكەوێت.

لەم بنكەدا لەهەموو شتێك خۆشتر توانیمان بەبێتەل پەیوەندییكەین بەهەموو بنكە نهێنیەكانی پێشمەرگەی دیوی قەرەداخ و گەرمیانەوە، لەگەڵ زۆربەشیاندا هاتوچۆ كەوتە نێوانمانەوە كەهەندێكیان وەك كاك مەحمودی مامەعەزە و شەهید مەلا ئەحمەد كە بوون بەژێر ئەشكەوتێكەوە لەگەرمیان، هاتن لەنزیكی ئێمەوە بنكەیان دانا.

لەبنكەی یەكەمدا تەنها لەگەڵ كاك مەحمودی مامەعەزە بەبێتەل پەیوەندیمان هەبوو، بەڵام لەم بنكەدا هاتوچۆش كەوتە نێوان ئێمە و چەند بنكەیەكی دیكەوە.

## گەرەكمە لێرەدا هەواڵێكی دڵتەزێن بگێرمەوە

رۆژێكیان لەپێش نیوەڕۆدا كاك مەحمود و سێ پێشمەرگە بەفیكە فیك و بانگكردن ئێمەیاندۆزیەوە، هاتن بۆلامان بەڵام هەواڵێكی پڕلەناسۆریان پێبوو..

لەوبنكەیەی كاك مەحموددا لەدەربەند مەسووران نزیك گوندی بەڵخە، ژن و منداڵەكانی كاك مەحمود لەگەڵ مەفرەزەكەی كاك مەحمود مابوونەوە و ئەوان تەنها خێزانێكبوون كەڕوویان نەكردبوە شار و لەوشاخ وداخەدا خۆیانشاردبوەوە.

لەناو مەفرەزەكەی لای كاك مەحمود پێشمەرگەیەكیان ناوی (عەوكە)بوو. كاك مەحمود لەهەموو روویەكەوە پشتی پێدەبەست و ڕێزی زۆری لێدەگرت، عەوكەش وەك برایەكی گیانی بەگیانی خۆی نیشاندەدا، هەمیشە بەرماڵێكی بەكۆڵەوە بوو بۆ نوێژكردن، كەئەوكارە زیاتر كردبووی بەجێی بڕوا. بەڵام بەداخەوە بەوشێوە دەرنەچوو، بەڵكو خراپترین ناپاكی لێدەركەوت و روونبوەوە عەوكە گورگ بوو لەپێستی مەڕدا.

شەوێكیان كاك مەحمود بۆ كارێكی تایبەتی خۆی لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەكدا بنكەیان بەجێهێشتبوو بەرەو پێدەشتەكە چوونە خوارەوە. كاك مەحمود لەو رۆشتنەیدا پشتی بە عەوكە بەستبوو بۆیە پێی وتبوو: كە تۆ لەبنكەدابیت من هیچ خەمێكم نیە. كەچی ئەو نامەردە ئەم رۆشتنەی كاك مەحمود بەهەلدەزانێت، لەنیوەشەودا دەكەوێتە دەسترێژی كلاشینكۆف بۆ پێشمەرگە و ژن و منداڵەكانی كاك مەحمود و برایەكی قارەمانی كەناوی (قارەمان) دەبێت، شەهید دەبێت. هەروەها یەكێك لەپێشمەرگەكانی شەهید دەكات، وێڕای



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ئەویش برازایەکی بریندار دەکات و هەوڵیدابوو ژن و منداڵەکانیشی شەهیدبکات، بەڵام بەهۆی تاریکیەوە بۆی رێنەکەوتبوو.

بەوجۆرە عەوکە سەلماندی کەگورگێکی پیس و بەدڕەفتارە لەپێستی مەڕدا. دەریخست کەئەو بەرماڵەی بەناوی نوێژەوە لەسەرشانی بوو، بۆ خواپەرستی نەبوو، بەڵکو بۆ روپایی هەڵیگرتبوو، لای خوا و هاوڕێکانی خۆی رووڕەشکرد.

ویستبووی بەوکارە چەپەڵە لەلای رژێم خۆی خۆشەویستبکات و لەورێیەوە پلە و پایە وەربگرێت و شتێکی زلی لێدەربچێت. بەڵام رژێم تەنانەت بۆ ئەڵقە لەگوێکانی خۆیشی وەفای نیە. سەدساڵ ئاگرپەرستی بکەیت هەرکات رێکەوت ئاگر دەتسووتێنێت.

سەدساڵ بکەیت ئاگر پەرستی

ئاخری دەهێنیت نشوستـــی

لەمدواییەدا بیستمان کەرژێم دوایئەو هەموو دەسترەنگینیەی عەوکە بێئەمەک دەرچوە بۆ عەوکە و لەباتی پاداشت زیندانیکردوە. ئەوەش لەبەرئەوەی لەوهەواڵانەی بەرژێمیداوە چەند درۆیەکی لێدەرکەوتوە، کەنەدەبوو درۆی وایبکردایە. جایەکێک دەستی تێبچێت برای خۆی بکوژێت، دەشێت چاوەڕێی ئەوەی لێبکرێت کەدرۆ بەکارێکی ناڕەوا بزانێت؟!.

لەڕاستیدا کاک مەحمود بەگێڕانەوەی ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، کارێکی گەورەی کردەسەر دڵ و دەروونی ئێمە. بەڵام بائەوەش بڵێین کەخۆی زۆر خۆڕاگر و لەسەرخۆ بوو، هیچ نیشانەیەکی هەڵچوون و شڵەژان لەڕوویدا دەرنەدەکەوت، کەئەوکارە لەدەست هەمووکەس نایەت.

ئەمجا کاک مەحمود داوای لەئێمەکرد چەند پێشمەرگەیەکی بخەینەتەک، یارمەتیبدەن پێکەوە شەهیدەکان بگوێزنەوە و لەشوێنێکی باشدا بیانسپێرن بەخاک، چونکە خۆیان هەرئەوەندەیان بۆکراوە لاشەی پیرۆزیان لەئەشکەوتێکی سەخت و دوورە دەستدا بشارنەوە، ئیدی نەیانپەرژاوەتەسەر ناشتنیان.

لێرەدا با باسی ئەوەشبکەین کەلەکاتی ناشتنیاندا کاک مەحمود خۆی ئازایانە سەرکەوتۆتە ناوئەشکەوتەکە و شەهیدەکانی لەناو کیسەخەودا دووریوە، چونکە لەوکاتەدا بۆ کفن جگە لەکیسەخەو هیچی دیکە لەبەردەستدا نەبوو. ئەمجا یەکەیەکە شۆڕیکردوونەتە خوارەوە بۆدەستی پێشمەرگەکان بێئەوەی بشڵەژێت و فرمێسکێک لەچاوی بێت. هەرخۆی سەرخۆشی لەوانی دی کردبوو، وتبووی: ئەمانە جێی شانازین، لەبەرئەوە بۆیان ناگرین، کەئەو هەڵوێستە هەڵوێستی پێشمەرگەیەکی ئازا و بەجەرگە.

هەڵوێستێکی پیرۆزی دیکەی کاک مەحمود ئەوەبوو کە بەکەس وکاری عەوکەی راگەیاندبوو کەبەهیچجۆرێک تۆڵە لەکەس وکاری عەوکە ناسەنێت، تەنها عەوکە بەدوژمنی خۆیدەزانێت و بائەوان پشتێنی لێبکەنەوە و بێترس بخەون.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## بەرەیەکی بچکۆلە

لەم بنکەدا پێشمەرگەی چەندلایەنێکی سیاسی، تەنانەت چەند پێشمەرگەیەکی بێلایەن و سەربەخۆشمان تێدابوو کەهەموو دەستمان خستبوە ناودەستی یەک و نموونەی (بەرەیەکی بچکۆلە و برایانە بووین).

ئێمە وەک بەرە کارتۆنیەکەی رژێمی عەفلەقی هیچ لایەنێکی کارتۆنی و لایەنی لووتبەرز و شێرە بەفرینەمان تێدا نەبوو. بەرەکەمان کاتی و تاکتیک نەبوو، بەڵکو بەرەیەکی راستەقینەی بآ پێچ وپەنا و بێ فرٍ وفێڵ بوو. هەریەکەشمان هەستی بەپێویستی سەرشانی خۆیدەکرد و دڵسۆزانە ئەنجامیدەدا. هیچکەس لەخۆی بایی نەبووبوو، بەسەربەستی و بآ دردۆنگی رای خۆیدەردەبڕی و چ رەخنەیەکی ببوایە ئاراستەی ئەوانی دی دەکرد بێئەوەی هیچکەس دڵی گەردبگرێت.

نهێنی و ئاشکرامان یەکبوون. چی لەدڵماندابوو بەئاشکراش دەرماندەبڕی. زۆربەی را و ریفراندۆم لەسەر هەرچی بوایە، جێبەجێ دەکرا. پاشملە وتن و پاشقول گرتنمان لەناودا نەبوو. ئەگەر زەردەخەنە لەسەر لێومان ببوایە، لەدەروونمانەوە هەڵدەقوڵا.

هەموو بەدڵگەرمیەوە کار وباری بنکەمان ئەنجامدەدا. هەموو دەچووین بۆ ئاوهێنان و دار کۆکردنەوە و نانکردن و چێشتلێنان، هەرکەسەش بەدەستی خۆی نوێنی خۆی دەتەکاند و هەڵیدەگرت و رایدەخست.

خۆزگە هەموو بەرەکانی دی چ بەرەی کوردستانی و چ بەرەی لەوە فراوانتر وەک بەرەی ئێمە دابمەزرانایە. خۆزگە نەتەوەی کورد پەیڕەوی فەرموودەکانی ئەحمەدی خانی و حاجی قادری کۆییاندەکرد، کە یەکەمیان وتویەتی:

گەردی هەبوا مە ئیتیفاقەک

تێکڕا بکرا مە ئینقیادەک

رۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی

هەمیان ژمەرا دکر غولامی

حاجی قادریش وتوویەتی:

تا رێکنەکەون قەبیلی ئەکراد



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەروا دەبنە خەرابەئابـــاد

لەڕاستیدا ئێمە ئەوماوەیەی پێکەوە بووین دڵسۆزانە و برایانە یەکمانگرتبوو. لەوکاتەشدا ڕژێم چەندکەسێکی لەناو پێشمەرگەدا دەکڕی، یا چەند بەکرێگیراوێکی بەناوی پێشمەرگەوە دەناردەناو مەفرەزە نهێنیەکان بەوئومێدەی دەستێک لە پێشمەرگە بوەشێنێت، ئەمجا کەگەڕانەوە بۆلای ڕژێم پایە و پلەی بەرزیان دەدرێتآ و خەڵاتی باشدەکرێن. بەڵام کۆمەڵەکەی ئێمە لەو ڕووداو و بەسەرهاتانەشەوە پارێزداوبووین.

## لەم بنکەیەدا چۆن کاتمان بەسەردەبرد؟

لەم بنکەیەدا لەقسەی بەرئاگردان و گاڵتە و گەپ و داستانگێڕانەوە و خوێندنەوە درێغیمان نەدەکرد. هەندێکجار بەنزمی گۆرانی و نارەنارەیشمان هەبوو. کەمێکیش خەریکی یاری و دامە و نۆڕسکێن و سآ ڕسکێن دەبووین.

هەندێک بیرەوەریش رایدەکێشاین بۆ بیرکردنەوەی کەس وکار و ناسراو و خزم، کەدەبوو بەهۆی خەفەت و خولیا و پەستی، بەڵام زوو لەبیرماندەچووەوە.

ئەو پێشمەرگانەش کەبەتەمەن لاو بوون، ئەگەر بێئیش بوونایە و یەکیانبگرتایە دەکەوتنە باسی فریشتەی ناوباخان و ئاواز و هۆرەی کچان و مەکە و لاچۆی ناو پەچەی ران و باڵای فلان کیژی چاوجوان و لار ولەنجەی سەر ڕێگای باخ و تەلان و گۆزەی سەرشانی کیژۆڵەیەکی سەررێی کانی.

ئەوانیش وەکو هەمووڵاوێکی دی ئاواتیاندەخواست بۆ سەرنجی لێوی ئاڵ و چاوی کاڵ و کوڵمی گەش و زوڵفی رەش و لامل زەرد و رووی بێگەرد. بە پەرۆشبوون بۆ پەلکەزێرینەی سەرسنگ و بەرۆکی یار و لێوی ناسکتر لەگوڵی بەهار.

ئاواتەخوازبوون با لەهەتەری دووربینیشدابێت، تەنهاجارێک لەقۆپیدا چاویان بکەوێت بەکیژێکی چاوبەخومار و ڕازاوە. بەڵام هەتا درِندەکانی ڕژێمی فاشست لەئارادابن لەکوآ فریشتە ڕوودەکاتە ئەوناوە؟.

بەڵـێ پێشمەرگە لاوەکان تاڕادەیەک بیریان لەوشتانە دەکردەوە، بەتایبەتی هەندێکیان لەپێش ئەنفالدا دەزگیراندار بوون و لەدەستگیران دابڕابوون. بەڵام هەرخۆیان دڵخۆشی خۆیاندەدایەوە و لەبەرخۆیانەوە دەیانوت:

هەزار چاوجوان، قەدبارێک



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

کەوتوونە چاڵی تاریک

یەک جوانیە بای پایــز

گەڵای زەردناکا هەرگیــز

دڵی باش، دەروونی پـاک،

بیری روون، کردەوەی چاک

- مامۆستا گۆران -

بەیانیان زوو کەلەخەو رادەماین هەندێک لەبرادەران دەکەوتنە خەوگێڕانەوە، زۆر دڵیان بەخەونەکانیان خۆشبوو.

برادەرێکمان لەخەویدا دایکی پێیوتبوو: (بەخوا رۆڵەگیان چاکتکرد رووتنەکردە دۆزەخەکەی رژێمی بێبەزەیی، ئەگینا تۆش وەک هەزارەها لاوی دیکە دەکەوتیتە داوێکەوە دەربازبوونت نەبوو).

برادەرێکی دی لەخەودا، باوکی ئامۆژگاریکردبوو، پێی وتبوو: ( رۆڵە وانەزانیت کەئێمە پێماننناخۆشە نەهاتوویتەوە بۆلای رژێم. ئافەرین تۆ جێی شانازیت و ئێمەشت روسوور کرد. ئەمڕۆ رۆژی جوامێری و کۆڵنەدانە هەموومان پێمانخۆشە تۆپ لەسەنگەری شەرەف و دژایەتی رژێم هەڵتنەکەنێت و سەرت شۆڕنەکەیت بۆ دوژمنی نەتەوەکەمان).

پێشمەرگەیەکی دی، سەدامی خوێنرێژی بەخەو دیبوو کە ددانی تیژی لەکورد و کوردستان جیڕدەکردەوە، بەڵام ئەم برادەرە توانیویەتی فیشەکێک بتەقێنێت بەناو دەم و ددانیدا و ددان لەدەمیدا نەهێڵێت.

یەکێکی دیکەمان لەخەونیدا مانگەشەوی چواردەی دیبوو کەلەناو قۆپیەکەدا هەڵهاتوە و تاریکی لەناودا نەهێشتووە.

بەوجۆرە هەریەکەمان خەوێکی خۆشماندەبینی و دڵمان پێدەکرایەوە، لەبەیانیدا بۆیەکترمان دەگێڕایەوە، ئەویش بەپێچەوانەی بنکەی یەکەممان کەوەکچۆن لەکاتی بێداری و نەخەوتندا خەفەتبار و پەستبووین، کە دەشخەوتین خەونی ترسناک و پڕلەهەڵدێرمان دەبینی.

لەهەردوو بنکەکەدا گۆشتمان نەخواردبوو، جگە لەکەروێشکەکەی جەژنی رەمەزان. بەڵام دوای مانگێک لەبنکەی دووەمدا توانیمان تەکبیری گۆشتێکی زۆربکەین کە تاحەفتەیەک بەهەموو شێوەیەک، بەبرژاوی و بەکوڵاوی و بەسوورەوە کراوی گۆشتبخۆین.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

هەوالْماندەستکەوت کەجاشەکان گوێرەکەیەکی شیرەخۆرەیان کوشتوە. بەلاْم دایکی گوێرەکەکەیان بۆنەکوژراوە. ئەو مانگایە، مانگایەکی قەڵەو و کەتەیە، هەمیشە وێڵی دوای بەچکەکەیەتی و ئارامی لێبڕاوە بۆی. لەنێوان گوندی ئاوەسپی و بەڵخەدا هەردێت و دەچێت.

هەرچەندە ئەومانگایە جێی بەزەییبوو، چونکە ئەو ئۆقرەنەگرتنەی بۆ بەچکە شیرەخۆرە کوژراوەکەی بوو بەوئومێدەی لەڕاگوزەرێکدا بەیەکشادبینەوە. بەلاْم ئێمە بەزەییمان بەخۆماندا زیاتر دەهاتەوە، چونکە دەمێکبوو تامی گۆشتمان نەکردبوو. وێڕای ئەوەش ئەگەر ئێمە نەمانکوشتایە، پیاوکوژەکانی ڕژێم ئەویشیان وەک بەچکەکەی دەکوشت و لەدەستی ئێمە دەردەچوو.

سێ پێشمەرگە بۆی دابەزین بۆنێوان ڕێچکە و شەقامەڕێی گوندی بەڵخە – ئاوەسپی، تووشی هاتبوون، ئەوەندە سرک وکێوی بووبوو هەر بەچاوپێکەوتنی ئەوان کلکی کلاْفە کردبوو، کەوتبوە ڕاکردن. ئەوانیش تەقەیان لێکردبوو، کوشتبوویان. چەندیان توانیبوو لەنەرمە گۆشتەکەی بەکۆڵ سەریانخستبوو. ئەمجا دوو پێشمەرگە هێستریکیانبرد چی مابوو لەگۆشت و ئێسقانەکەی هەموویان بارکردبوو هێنایان بۆ بنکە. ئەو ڕۆژەیان بۆ کردین بەجەژن و سەیران و چۆپی.

با پێ لەوەشبنێین کەلەم بنکەوە، ڕۆژانە یان دوو ڕۆژ جارێک دوانمان هێرشیاندەبردە سەرباخی سێوەکانی دەشتی و ڕێزە و مۆتار. زۆرتری من و هاوڕێ شێخ سەعید دەچووین بۆ دەشتی. ئەوەندەمان سێو بەکۆڵ هەڵدەگرت بۆ بنکە کەوێڕای خواردنی شلەی مزرەسێوی بەتامیشمان لێدروستدەکرد.

ئەوماوەیە لەمیوەدا سێومان زۆربوو. جارێکیش برادەرانی پێشمەرگە لەدیوی سەنگاوەوە هەندێک هەڵوژەیان بەدیاری بۆ هێنابووین. لەناو گوندی بەڵخەشدا هەندێک تەماتەمان دەستکەوت، کە لەسەر بنجی خۆی و تۆوی پار ڕوابوو. هەروەها لەناو قۆپیدا، لەهانەبنچک هەندێک کوولەکە لەشوێن کوولەکەیەکی کۆندا ڕوابوو، کەلەویش سآ چێشتی کوولەکەمان لێنا.

لەم بنکەدا بەسەربەستی لەبەشێکی زۆری ناوقۆپی و هەندێکجار لەپێدەشتەکەشدا بەرۆژی نیوەڕۆ هاتوچۆماندەکرد. چەند کەسێکمان لەم بنکەوە دووجار گەیشتینە ناو گوندی دەلوجە. یەکەمجارمان کەچووین، ناو گوندەکە پڕبوو لەسەگ کەلەدوای وێرانکردنی گوندەکە دێیان بەجێنەهێشتبوو. سەگ هەستیان پێکردین بەوەڕە وەڕ بۆمانهاتن.

لەناو گوندەکەدا جاشی تێدابوو، کەزانیان سەگەل لەزەلاْم دەوەڕێت، بەپآ و بەپەلە ئاگرەکەی خۆیان کوژاندەوە. ئەوشەوە لەلاسەرووی گوندەکەوە، لەژێر بەردێکی هەڵچنراودا، لەنزیکی کارێزەکەی حاجی شێخ ڕەئوفی دەلوجەدا خەوتین. بۆ سبەینآ چەند جاشێکمان بینی قەفەسی کەویان بەدەستەوەبوو، خەریکی ڕاوە کەو بوون، جاشێکیان زۆر لێمان نزیکبوو، بەلاْم تەقەمان لێنەکرد، بۆئەوەی شوێنەکەمان ئاشکرانەبێت.

جگە لەوجارە پاشماوەیەک، جارێکی دیکەش ڕێمان لەدێی دەلوجە کەوت، بەلاْم ئەمجارەیان سەگ نەمابوون، دیاربوو جاش کوشتبوونی بۆئەوەی بەڕێبوار (پێشمەرگە) نەوەڕن و خۆیان ئاگاداری خۆیانبکەن.



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**لەکۆتایی بیرەوەریەکانمدا دەڵێم کە لەم بیرەوەریانەدا چەند پێشمەرگەیەکی هاوڕێم بەشدارن، کەپێکەوە رۆژانی رەشی ئەنفالمان دی. ئەوەش کەئێمە دیومانە لەچاو کارەسات و دەرد و گرفتاربوونی نەتەوەکەماندا مشتێکە لەخەروارێک و دڵۆپێک ئاوە لەدەریایەکی گەورە. دیارە بینین و بیستنیش جیاوازیان زۆرە.**

**سەرکەوتن و سەربەرزی بۆ گەلەکەمان.. سەرشۆڕی و رووڕەشی بۆ عەفلەقیە بەدڕفتارەکان و هەموو دەست و پێوەندیان.**

**لە 1989/11/2 - سەقز/ ئێران**

**پەراوێزی بیرەوەریەکانی ئەنفال**

1- **هۆنەرێکی فارس دەڵێت:**

**بی دل و خسته دراین شهرم و دلداری نیست**

**غم دل باکی توان گفت کە غمخواری نیست**

**شب بەبالین من خسته غیر از غم**

**ز آشنایان پرستاری نیست**

**فکر بهبود خود بکن از جای دیگر**

**کان دراین شهر گبیب دل بیماری نیست**

**هۆنەرێکی عەرەبیش وتویەتی:**

**اذا نزل الثقيل بارض قوم**
**فما للساكنين سوى الرحيلً؟**

2- **بوێژێکی عەرەب وتویەتی:**

**المستجير بعمرو عند كربته**



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

كالمستجير من الرمضاء بالنار

3- شێخی سەعدی لەگولستاندا دەڵێت:

نماند جانور از وحش و گیرو ماهی و مور

که بر فلک نشد از بینوائی افغانش

عجب که دود دل خلق جمع مینشود

که ابر گردد دود سیلاب دیده بارانش

4- دووبارە سەعدی شیرازی وتویەتی:

گل بەتاراج رفت و خار بماند

گنج برداشتند و مار بماند

5- وتراوە: شر البلايا مايضحك.

6- سەعدی دەڵێت:

روضة ماء نهرها سلسال
دوحة سجع طيرها موزون

7- بیلالی حەبەشی بەسۆزی دوورکەوتنەوە لەمەککە دەڵێت:

ليت شعري هل ابيتن ليلة
بواد وحولي اذخر وجليل
وهل اردن يوماً مياه مجنة
وهل يبدون لي شامة وطفيل؟

قورئانی پیرۆزیش دەربارەی مەککەی سەردەمی کۆن دەفەرموێت:

(ربنا اني اسكنت من ذريتي بوادٍ غير ذي زرع عند بيتك المحرم).

8- حافزی شیرازی دەڵێت:

بیم موج و شب تاریک و گرداب چنین هائل

کجا دانند حال ما سبک باران ساحلها؟

9- سەعدی دەڵێت:



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ور همه زر جعفری دارد

مرد بیتوشه بر ندارد گام

دربیابان فقیر سوخته را

شلغم پخته به زنقره خام

هەروەها وتویەتی:

گوش تواند که همه عمر وی

نشنود آواز دف و چنگ و نی

دیده گر نشکیبد ز تماشای باغ

بی گل و نسرین بسرآرد دماغ

گرنبود بالش آگنده پر

خواب توان کرد حجر زیر سر

گرنبود دلبر همخوابه پیش

دست تواند کرد در آغوش خویش

وین شکم بی هنر پیچ پیچ

ێبر ندارد کەبسازد بەهیچ

10- عەرەب وتویەتی:

السیف آخر الحیل

11- سەعدی دەڵێت:

دیده بر ناوک سنان دیدن

بهتر از روی دشمنان دیدن

واجب است از هزار دوست برید



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

تا یکی دشمنت نباید دید

12- سەید ئەحمەدی نەقیب دەڵێت:

عەجەب ماوم کەوا ماوم،

لەبەر سۆز و بڵێسەی دڵ؟

لەسایەی ئاوی چاوی خۆمەوە هێشتا نەسوتاوم

هەروەها میرزا قادری پاوەیی کەلەساڵی 1283ی کۆچی، کۆچی دوایی کردوە، دەڵێت:

من و مەینەت و پەژارە و ستەم

غەریبی و ئێش و ناڵە و دەرد و خەم

هەرنۆ چەنی هەم شەرتەمان کەردەن

دەست نەگەردەنین تارۆی مەردەن

13- ئەم باسە دەربارەی گوندی سێوسێنان لەرۆژنامەی (رێگای کوردستان)دا ژمارە 14، ساڵی 47 کۆتایی ئازاری 1992 بڵاوکراوەتەوە.

بیرەوەریەکانی ئەنفالی2 تەواوبوو، ئێستاش دوو پارچە هۆنراوەتان پێشکەشدەکەین، کەئەوانیش لەسەقز وتراون و پەیوەندیان بەئەنفالەوە هەیە:

**سۆزی نامۆیی**

**سەقز 1988/8/29 – عەلا نوری بابەعەلی**

چیبکەم لەدڵ، چیبکەم لەدڵ؟

ئەودڵەی وا هاتۆتەکوڵ

واخەریکە گڕدەسێنێ

بەنامۆیی دەمسووتێنآ

ئاخر خۆمن ماوەیەک پێش

بەئارامی، بێدەرد و ئێش



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

سەرمدەخستە سەرسەرین

ئەمچەشت تامی شیرینی ژین

یەکێ هەبوو غەمخوارمبێ

شیفای دەرد و ئازارمبێ

برادەر و برام هەبوو

پورزا و خوشک و خوارزام هەبوو

خزمی باش و ئازام هەبوو

باخی تری و هەنارم بوو

بۆنی عەتر و گوڵزارم بوو

سەیرانی ناوقۆپیم هەبوو

کۆڕی خۆشی و چۆپیم هەبوو

دێهاتی دەرو و پشتم

زەوی و زاری پشتا وپشتم،

پڕ جریوەی پەلەوەربوون

پڕ لەقارەی بزن و مەڕبوون

جێحیلەی ئەسپ و سەگوەڕبوون

مەڵبەندی خۆشبەختی و فەڕبوون.

ئێستاکە دێی بێشوێنەوار

نەخانەخوێی ما نەڕێبوار

گۆڕستانی هەڵتەکێنراو

دار وبەردی لەبنهێنراو



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

رووبکەیتە هەرکوێ، هەرچی

سامی مەرگی لێنیشتوە

کەلاوەی وای پێهاتوە

پەپوشی لێهەڵاتوە

*   *   *

دوندی بەرزی کوێستانم رۆ

هەردە و دەشتی گەرمیانم رۆ

زنە و گۆزە و بەفراوم رۆ

زێڕ و زیوی چەماوم رۆ

کۆڕ و بەزمی جارانم رۆ

زێدی خۆم و باوانم رۆ

هۆرەی شوان و حەیرانم رۆ

بەهەشتەکەی کوردانم رۆ

*   *   *

ئێستاش گەرچی وام لەشارا

وام لەشاری بێبەهارا

لەهەرکوێبم لەم جیهانە

تەمەنی ژین هەر زستانە

لەتەوقی پێم تابنی پام

گشت ژاندەکا نامۆیە لام

لەناو خەمدا دەتلێمەوە



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەتوێمەوە

ترسم لێنیشتوە بۆدواجار

بەبێکەس سەربنێمەوە

*　　*　　*

بەلاّم هێشتا نائومێدنیم

ئەی بەهەشتی دەروون سوتاو

هیوام وایە هیوای تەواو

کە زۆرنەبا

بەرە و خاکی باو وباپیر هەنگاوبنێم

لەتوێی خۆڵی پیرۆزتا چاولێکبنێم

لێوم خاکی سوتاو بمژێ

خوێنی چاوم ئەوەند بڕژێ

زەوی ڕەشپۆشت سووربکا

چاوی کزم پڕ نووربکا

تۆ تروسکەی چاوانمی، هەناومی

تۆ سروەمی، سێبەر و خۆرەتاومی

تۆ ئامانج و مایەی ژینمی

تۆ مەرهەم و وزە و تینمی

تۆ پیرۆزیت تۆمخۆشدەوێ

بێتۆ دەروونم ناسرەوێ



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

## خولیای منداڵێکی ئاوارە

رزگار عەلا نوری لەفارسیەوە- سەقز 1990

من نیشتمانم نیە

گەرمراویەکی بچووکم هەبوایە

دەبوو گۆمێکم دروستکردایە

لەناو دارستانێکی خۆشی چڕدا

یان لەباخێکی لەسەوزی پڕدا

ئاوم بۆ گۆم رادەکێشا

ئاوی کانی بێت یان دەریا

ئاوی جۆگە یان هی رووبار

باخی گوڵم دەبێتە هەمیشە بەهار

ئەمجا دەموت بەئاسمان

بابجریوێنن ئەستێرەکان

لەگەڵخۆمدا هێناومە گوڵ

گوڵی ئاڵی چەسپاوی دڵ

روومدەکردە باڵندەکان:

ئێوەش ئاهەنگێ بگێڕن

ئێوەش دیاریەک بنێرن..

بەڵام ئاخ ئەی برادەران



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com

**هەرچیم وت لەتوانامدا نیە**

**ئەی برادەرە بچکۆلەکان**

**چونکە من نیشتمانم نیە**

**کۆمپیوتەر: رزگار عەلا نوری**

2008/10/24



PDF created with pdfFactory trial version www.pdffactory.com